دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٨٥

یەکشەممە ١٥ی بانەمەڕی ١٣٨٧ ـ ٤ی مای ٢٠٠٨ ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان




**بەیاننامە :**
**بەبۆنەی ڕۆژی**
**جیهانیی کرێکارەوە** ٦




**بەیاننامەی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**بەبۆنەی ١١٠یەمین ساڵی**
**ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە** ١٢

# ئێران ئێستاش
# چالاکترین وڵاتە لە پشتیوانی کردنی تیروریزمدا



وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕادەگەیەنێ ئێران بەردەوام چالاکترین دەوڵەتی پیشتیوانیکەری تیرۆریزمە.

لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا سوریە، کۆریای باکوورو سودان لە لیستەی دەوڵەتانی پشتیوانیکەری تیرۆریزمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا دەبینرێنو هەروەها ئەلقاعیدە هەروا وەك گەورەترین هەڕەشەی تیرۆریستی بۆ سەر ڕۆژئاوا ژمێردراوە.

ئەو ڕاپۆرتە بەروونی نووسیویەتی: ئێران پشتیوانی لە گرووپەکانی حەماس، حیزبوڵڵا، میلیشا شێعەکانی عێراقو هەروەها تالیبان لە ئەفغانستان دەکاو لە پێناو ئامانجی هاوبەشی ناوچەیی، تێکدانی ئاشتیی نێوان ئیسرائیلو فەلەستین، ئاڵوز کردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو دژایەتیی بەرژەوەندیی ئەمریکاو کەمڕەنگ کردنەوەی ڕۆڵی ئەو وڵاتەدا یارمەتیشیان دەکا.

ڕاپۆرتەکە وێڕای تاوانبار کردنی ئێران بە تێکدانی ڕەوتی دێموکراتیکی لوبنان، سوریەو، ئێران بە پەناگەی ئەمنو سەرچاوەو ڕێنوێنیکەری تیرۆریستان دەزانێ.

هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە ڕۆڵی سوپای قودس ( لکی دەرەوەی سوپای پاسداران) و وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران لە یارمەتیدانو ڕاهێنانی گرووپە بناژۆخوازەکانی عێراقو حیزبوڵڵای لوبنان کراوە.

## ئەمریکا ئێرانی لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی عێراق وریا کردەوە



دەریا سالار مایکل مولێن کەسایەتیی میانەڕەوی ئەمریکا سەبارەت بە پەرەسەندنی یارمەتییەکانی ئێران بە میلیشا تێکدەرەکانی عێراق، وریایی دا کە ئەمریکا ڕێگەچارەی نیزامیی لە دژی ئێران لە بەرنامەی کاری خۆی وەلانەناوە.

مایکل مولێن دەریا سالاری ئەمریکایی وێڕای وریا کردنەوەی ئێران سەبارەت بەوەی کە ئەمریکا هێشتا ڕێگەچارەی سەربازی دژی ئەو وڵاتە لە بەرنامەی خۆی وەلا نەناوە، نیگەرانیی قووڵی خۆی سەبارەت بە چالاکییەکانی ئێران لە ناوچە بەتایبەت پشتیوانی کردن لە گرووپەکانی حەماسو حیزبووڵڵای لوبنان دەربڕی.

بەرپرسانی ئەمریکایی چ لە ئەمریکاو چ لە عێراق، ئێران بە ناردنی چەکوچۆڵو پەروەردەی میلیشیاکان بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە خاکی عێراق تۆمەتبار دەکەن. ئێرانیش ئەمە بە پرۆپاگەندە دژی خۆی دەزانێو ڕەتیان دەکاتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە دەریا سالار مولێن ڕایگەیاند دەستیان بەسەر حەشارگەیەکی چەكو چۆڵی تازە داگرتووە کە خومپارەو ڕاکێتو تەقەمەنیی لە خۆ دەگرێو ڕێکەوتی بەرهەم هاتنیان چەند مانگ لەمەوبەرە کە لە ئێران ساز کراون. بڕیارە ئەمریکا ئەو حەشارگەیە بخاتە بەر چاوی هەمووان.

هەر لەو پێوەندیەدا پترایوس گەورە فەرماندەری ئەمریکایی لە عێراق، ئێرانی بە گەورەترین مەترسیی درێژخایەن لە سەر عێراق ناوبردو مانگی ڕابردووش ڕابێرت گەیتس ڕایگەیاندبوو کە پشتیوانیی ئێران لە میلیشیا تێکدەرەکانی عێراق پەرەی سەندووە.

## ناڕەزایەتیی ٢٥٠ چالاکی مەدەنی سەبارەت بە سەپاندنی حوکمی ئێعدام بە سەر سێ چالاکی کورددا




لە ڕاگەیەنراوێك دا کە لەلایەن ٢٥٠ چالاکی مەدەنی، سیاسی، خوێندکاریو ژنانەوە واژۆ کراوە، سەپاندنی حوکمی ئێعدام بەسەر سێ چالاکی مەدەنیی کورد بە ناوەکانی فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلیو عەلی حەیدەریان لەلایەن دادگاکانی ڕێژیمەوە مەحکووم کراوە.

لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوە کە ئەو سێ چالاکە کوردە ١٧ مانگ لەمەوبەر دەستبەسەر کراونو پاشان لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە لە گرتووخانەکانی سنە، کرماشانو ئێوین لێپرسینەوەیان لێکراوەو ئەشکەنجەدراون. فەرزاد کەمانگەر لە ساڵانی ڕابردوودا لەگەڵ چەند ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنیو یەك لەوان لەگەڵ ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان هاوکاریی کردوە.

واژۆکەرانی ئەو ڕاگەیەنراوە پرۆسەی دادگایی کردنی ئەو سێ چالاکە کوردە بە نادادپەروەرانە دەزاننو داوای هەڵوەشانەوەی بە پەلەی حوکمەکانیان دەکەنو هەروەها داوا دەکەن کە سەبارەت بە ئەشکەنجەکرانی فەرزاد کەمانگەر بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوە بکرێ.

## کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییانەی مامۆستایان لەبەر دەرکی ئیدارەی گشتیی پەروەردەی سنە




بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی پارێزگای سنە بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین بە وەزعییەتی نالەباری مامۆستایانو گیرانودوورخرانەوەی چەندین مامۆستا لە ساڵی ڕابردوو دا کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی برینیان پێك هێنا.

سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە (١٢ی بانەمەڕ) مامۆستایانی پارێزگای سنە کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییانەی بەرینیان لەبەر دەرکی ئیدارەی گشتیی پەروەردەی سنەدا پێك هینا. لەو کۆبوونەوەیەدا مامۆستایان سەبارەت بە وەزعییەتی نالەباری خۆیانو هەروەها دەسبەسەرکرانی دەیان مامۆستاو دوورخرانەوەیان بۆ شارەکانیتر ناڕەزایەتیان دەربڕیو خوازیاری کۆتاییهێنان بەو دۆخەو ئازادکردنی بەپەلەی مامۆستایانی دەسبەسەرکراو بوون.

ئەو کۆبوونەوەیە کاتژمێر ٩ی بەیانی دەستی پێکردو بۆ زیاتر لە سێ کاتژمێر درێژەی کێشا.

**ڕاگەیەندراو:**

## هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵایساندنی شەڕی ئایینی لە کوردستان مەحکووم دەکەین

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی پێمان گەیشتوون دامو دەزگا ئیتلاعاتیو سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، خەریکی پیلانگێڕی بۆ بەگژیەکدا کردنی پەیڕەوانی ئایننە جۆراوجۆرەکان لە کوردستانن. حەوتوویەك لەمەو بەر ماڵپەڕی "کوردستانو کورد" پەردەی لە سەر پیلانێکی وەزارتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لاداو ڕای گەیاند: بەرپرسانی کۆمەڵێك دەزگاو بنیاتی بەدناوی ڕێژیم وەك ڕێکخراوی تەبلیغاتی ئیسلامی، لەشکری ٢٨، سوپای پاسداران، بەسیجو نوێنەری خامەنەیی لە پارێزگەی کوردستان بە هاوهەنگاوی لەگەڵ وەزارتی ئیتلاعات کۆمەڵێك کۆڕو کۆبوونەوەی تایبەتییان بە مەبەستی وەڕێخستنی شەڕی ئایینی لە چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە. ئەوان لە ژێر ناوی بەربەرکانێ لەگەڵ وەهابیگەریو بەتایبەتی لەو شارانەدا کە پەیڕەوانی ئایینە جۆراوجۆرەکانیان تێدایە، نیازی دووبەرەکێ نانەوەو هەڵایساندنی شەڕی ئایینییان هەیە.

بە پێی تازەترین هەواڵەکان کە لە ناوچەکانی شنۆو نەغەدەو پیرانشارەوە دەگەن، دەستو پێوەندەکانی ڕێژیم کتێبێکیان کە لە دژایەتی لەگەڵ مەزهەبی سوننیدا نووسراوە، بە پۆست بۆ مامۆستایانی ئایینی سوننی مەزهەب ڕەوانە کردووە.

نێوەڕۆکی ئەم کتێبە بووە بە هۆی تووڕەیی مامۆستا ئایینی یەکانو پێش بینی ئەوە دەکرێ ئەم تووڕەییە بە شێوەی جۆراوجۆر، بتەقێتەوە. کۆمەڵێك لە کەسایەتییەکانی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نیگەرانیی خۆیان لەم پێوەندییەدا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیاندوەو داوایان کردوە حیزب هەڵوێستی خۆی لەم بارەیەوە بە ئاگاداریی خەڵکی کوردستان بگەیەنێ. بۆیە لە گەڵ ڕێزو سوپاسی زۆرمان بۆ هەست بە بەرپرسایەتی کردنی ئەو بەڕێزانە ڕادەگەیەنین:

٦

# پەیامەکانی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕۆژانی ١٦تا ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاوی (٦ تا ١٤ی مارسی ٢٠٠٨ی زایینی) پێك هات، لە کۆتایی کارەکانیدا کۆمەڵێك پەیامی بۆ لایەنە پێوەندیدارەکانی حیزب ناردوە کە لەم ژمارەیەی "کوردستان"یش دا وەك ژمارەکانی پێشوو بەشێکیان بڵاو دەکرێنەوە.

## پەیامی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەو هێزو لایەنو کەسایەتییانەی پەیامیان بۆ کۆنگرە ناردوە

دۆستان، هاوڕێیان!

هاوخەباتانی تێکۆشەر!

بەڕێزان!

پەیامی هاودڵیو خۆشەویستیو ڕێنوێنییەکانی ئێوەمان بۆ کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێگەیشت. ئێمە بەو پەیامانەتان سەربەرزینو ڕێنوێنیو ڕاسپاردەکانتان ئیلهامدەری ئەندامانی کۆنگرە لە باسو مناقشە ئازادو دێموکراتیکەکانیان دا بوون. تێبینییەکانتان لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بە دڵاواڵەییەوە وەرگیراونو لە زۆر بواردا لەگەڵ دەنگی زۆرینەی کۆنگرە یەکیان دەگرتەوە.

بەڕێزان!

لە پەیامەکانتاندا چەند خاڵی گرنگو پێویست بۆ ئێستاو داهاتووی نەتەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاماژەیان پێکرا بووو سەرنجی بەشدارانی کۆنگرە بۆ لایان ڕاکێشرا بوو. بەشێك لەو مەسەلە گرنگانە بریتی بوون لە: ڕووداوی لەتبوونی حیزبی دیموکراتو چۆنیەتیی پێوەندیی ئێمەو لایەنی بەرامبەرمان، پێویستیی هاوکاریو هاوئاهەنگیی نێوان هێزە ئازادیخوازەکانی ئێرانو یەکیەتیی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد، پێویستیی بەخۆدا چوونەوەو نوێبوونەوەو، گرنگیدانی زیاتر بە مەسەلەی نەتەوایەتیو مەسەلەی ژنانو لاوان. داواتان کردبوو بڕیاری گونجاو، بەرپرسانەو شارستانییانە لە بارەی ئەم مەسەلانەدا بدەینو هەڵوێستی شیاوو سەردەمییانەیان لە بەرامبەردا بگرین.

دۆستانی بەڕێز!

ئەگەر سەرنج بدەنە بڕیارو پەسندکراوەکانی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبینن کە زۆربەی چاوەڕوانییەکانی ئێوەیان وەدی هێناوە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش هەر ئەو چاوەڕوانییانەیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆنگرەکەی هەیە.

لە پێوەندی لەگەڵ لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە کە ئەم لەتبوونە بە ویستی ئێمە نەبووو بەسەرماندا سەپا. زۆرمان هەوڵ دا یەکیەتی بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب بگەڕێنینەوەو سەرنەکەوتین، بەڵام ئێستا کە دوو حیزبی سەربەخۆین پێمان وایە دەبێ لەگەڵ هاوسەنگەرانی پێشوومان دا پێوەندییەکی سالمو سیاسەتێکی نەرمو مەنتیقیو بەرپرسانەمان هەبێ. کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیاری داوە نابێ هیچ دەرفەتێك بۆ بەرقەرار بوونی پێوەندییەکی سالمو دۆستانەو هاوکاریی دوو قۆڵی لەگەڵ هاوسەنگەرانی پێشوومان لە دەست بدەین. هەر لەو کاتەدا هەر وەخت دەرەتانی یەکگرتنەوەی ئەو دوو لایەنە بە پێی پرەنسیپی جێگای پەسندی هەر دوولا پێك بێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان نابێ هیچ دوو دڵییەکی، لەو کارە خەڵك پەسندەدا هەبێ. ئەم هەڵوێستە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەش دا دووپات کراوەتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ هاوکاریو یەکیەتیی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دا کۆنگرە پێی لەسەر "پێکهاتنی هەمووان لەسەر خاڵە بنەڕەتی-یەکانی بەرنامەیەکی خەباتگێڕانە" دا گرتووەو نەبوونی بەرنامەیەکی ئەوتۆ هەم لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی کوردو هەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا بە بەتاڵاییەك دەزانێ کە دەبێ پڕ بکرێتەوە. کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیامی ئێوەو داواو چاوەڕوانیی ئۆگرانو دۆستانی حیزبی لە نێوخۆو دەرەوەی کوردستان لە بارەی بایەخدان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتو تێکۆشان بەڕێزەوە وەرگرتو، کۆمەڵێك بڕیاری گرنگی لە پێوەندی لەگەڵ چالاك کردنەوەی تێکۆشانی حیزب لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، پتەوتر کردنی پێوەندی لەگەڵ توێژە ئاگاو ڕووناکبیرەکانو پشتگیریی خەباتی مەدەنیو ئاشتیخوازانە لە نێوخۆو کاری دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات دا پەسند کرد.

بایەخدانی کۆنگرەی چاردەیەمی دیموکراتی کوردستان بە مەسەلەی نەتەوایەتیو شێوەی چارەسەر کردنی لە ئێران دا، هەروەها گرنگیدانی هەرچی زیاتری ئەم کۆنگرەیە بە دیموکراسی لە نێوخۆی حیزبو کۆمەڵداو بناغەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە بڕیارو پەسند کراوەکانی کۆنگرەدا ڕەنگیان داوەتەوە، وەڵامدانەوەیەکە بە هەلومەرجی نوێی سەردەم کە لە پەیامەکانی ئێوەدا ئاماژەیان پێکراوە.

لە بەڵگەو پەسندکراوەکانی کۆنگرەدا گەلێك بڕیارو ڕاسپاردەی بەجێ لە بارەی مەسەلەکانی ژنانو میکانیزمی بەشداریی ژنانو لاوان لە کاروبارەکانو بەڕێوبردنی حیزب دا، شارەزاییو لێهاتوویی لە بەڕێوەبردنو ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکان دا پەسند کران. پێکهاتەی ٢٠٪ی بەشداریی ژنان لە ڕێبەرایەتیی حیزب دا کە لە مێژووی حیزب دا نەدیتراوە، هاتنە خواری نێونجی تەمەنی ئەندامانی ڕێبەری، بەرەوژوور چوونی ئاستی خوێندەواری لە نێو ئەوان دا سەلمێنەری گرنگیدانی کۆنگرە بە ژنان، لاوانو نوێنگەی نوێبوونەوەی حیزبن. ئەم ئاڵوگۆڕانە وەڵامدەری ئەو چاوەڕوانیو ڕێنوێنییانە بوون کە لە بەشێکی بەرچاو لە پەیامەکانی ئێوە بۆ کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هاتبوون.

دۆستانی بەڕێز!

کۆنگرە بە چاوی ڕێزو حورمەتەوە دەڕوانێتە پێشنیارو ڕاسپاردەکانتانو، سەربەرزو خۆشحاڵ بە نیشاندانی دڵسۆزیتان بە حیزبی دیموکراتی کوردستانو دەربڕینی هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەمان. دڵسۆزیو چاوەڕوانییەکانی ئێوە بۆ کۆنگرەو داهاتووی حیزب، تێکۆشەرانی ئەم حیزبە پشت ئەستوورترو لە خەباتو تێکۆشان دا سوورترو شێلگیرتر دەکا. جارێکی دیکە سوپاسی هاوپێوەندیی ئێوە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانو خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەینو بەرامبەر بە هەڵوێستتان لە ئاست کۆنگرەکەمان، سەری ڕێز دادەنوێنین.

### پەیامی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان

**بنەماڵەی ئازیزو سەربەرزی شەهیدان!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێك دا کۆنگرەی چاردەیەمی خۆی پێك دێنێ کە زەبرو زەنگی دوژمنانی نەتەوەی کورد بە چڵەپۆپە گەیشتووەو ئێستاش ئاشقانی ئازادیو تاسەبارانی سەربەستیی نەتەوەو نیشتمانی کورد لە پێناوی ئازادیدا یا لە گرتووخانە توند دەکرێن یا سزای سێدارەیان بەسەردا دەسەپێندرێو، بە داخەوە هێشتا خەونو ئاواتی نەتەوەو لە سەرووی هەموانەوە شەهیدەکانمان وەدی نەهاتوە. بەو حاڵەشەوە کاروانی خەباتی مافخوازانەمان شێلگیرترو بەرچاوڕوونتر لە جاران هەروا بەڕێوەیەو، بە پشتیوانیی ئێوەی خۆشەویست پشت قایمو دڵگەرمە، لە هەموو ساتەکانی تێکۆشانو خەبات دا بە شانازییەوە لێتان دەڕوانێو بە تاجی سەری خەباتتان دەزانێ.

**ئازیزان!**

لەم ڕێگە پڕ لە کەندو لەندو هەورازو نشێوەدا تا گەیشتن بە ئازادی کە لە پێشمانە لاوانی ئاگاو بوێری نەتەوەی کورد لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، دڵۆپ دڵۆپ خوێنی شەهیدانیان کردووەتە ئەستێرەی پرشنگداری ڕووناکیدەری سەرڕێی خۆیان. دیارە هیچ ئامانجێك بە خۆزگەو بریا دەستەبەر نابێو بە فیداکاریو قوربانیدان دەگاتە ئاکام. لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارین خەباتی مافخوازانەمان لەوە زیاتر پێویستی بە خوێنو قوربانیدان نەبێ. بەو حاڵەشەوە ئێمە ڕێبوارانی ڕێگەی ئازادیو تینووانی سەربەستیی نیشتمان لە هیچ کاتو ساتێك دا لە پێناوی خاكو نەتەوەکەماندا لە گیان بەخت کردن خۆ نابوێرینو هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیشمان بە شانازییەوە سەر لە پێناوو گیان لەسەر دەستان تێدەکۆشین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم کۆنگرەیەدا بۆ جارێکی دیکەش لەگەڵ شەهیدانی سەربەرزی نەتەوەکەمانو بنەماڵە ئازیزەکانیان پەیمان نوێ دەکاتەوە کە وەك هەمیشە وەفاداری ڕێبازە پیرۆزەکەیان بێو ئەمجارە بە تینو گوڕێکی تایبەتو بە پلانو بەرنامەی نوێترو سەردەمییانەترەوە درێژە بە ڕێگەیان بداتو تا وەدیهاتنی ئامانجو ئاواتەکانی ئەم ڕۆڵە سەربەرزانە بۆ چرکە ساتێکیش لە هەوڵو تێکۆشان نەوەستێ. بە هیوای دەستەبەر بوونی ئاواتەکانی نەتەوەکەمانو شەهیدە سەربەرزەکانی.

## پەیام بۆ هێزە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران

هێزو لایەنە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران!

هاوخەباتانی بەڕێز!

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چاردەیەمین کۆنگرەی خۆیدا جارێکی دیکە پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرێتەوە کە یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵات دا، نەبوونی هاوئاهەنگیو هاوکاری لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئازادیخوازی ئێران دایە. ئەوە لە حاڵێك دایە ئەو ڕێژیمە چ لە بواری نێونەتەوەییو چ لە نێوخۆدا لەگەڵ قەیرانێکی قووڵ بەرەوڕوویە، پێگەیەکی ئەوتۆی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەماندا نییە. ئاژاوەگێڕییەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا، هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمیو سەرکوتو سەرەڕۆیی نێوخۆ ئەگەری بەرەنگارییەکی توندوتیژی لە بەرامبەر ئەم ڕێژیمەدا زۆر کردوە. لە حاڵەتێکی وادا ئەرکی هەموو هێزە نیشتمانپەروەرکانی ئێرانە بەرلەوەی لە درێژەی سیاسەتە چەوتەکانی ئەو ڕێژیمەدا، ئێران ببێتە وێرانەیەك، کۆتایی بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە بێنن. تەنانەت ئەگەر ئەم ئەگەرەش نەبێ خەڵکی ئێران ناتوانن تا سەر ئەم ڕێژیمە تەحەمول بکەن.

کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حاڵێك دا کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی هاوبەشی هەموو گەلانی ئێرانو هێزە ئازادیخوازەکانی دەزانێ، لە حاڵێك دا باوەڕ بە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، یەکسانیی ژنو پیاوو چارەسەریی کێشەکان لە ڕێگەی وتووێژەوەو، ڕێزدانان بۆ پلۆرالیزمی سیاسی بە خاڵی هاوبەشی خەباتی هێزە ئازادیخوازو خەباتگێڕەکانی ئێران دەزانێ، جێگەی پلاتفۆرمێکی هاوبەش یان هاوکارییەکی پتەو لە نێو ئەو هێزانەدا بە بەتاڵی دەبینێ.

کۆنگرە پڕ کردنەوەی ئەم بەتاڵاییە بە ئەرکێکی هەنووکەیی دەزانێ هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی خۆی ڕادەسپێرێ هەموو هەوڵو توانای خۆی لە پێناوی پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش یان هاوکارییەکی بەرین لە ئاستی هێزە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران دا بەکار بێنێ. مەرجی پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە قۆناغی ئێستاداو تەنانەت بۆ دڵنیابوون لە داهاتووی سیاسیی ئێرانیش گونجاندنی مافە نەتەوایەتییەکانو دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێران دایە. کۆنگرە وەبەرچاوگرتنی جۆراوجۆریی نەتەوەیی لە ئێران دا، دابین بوونی مافە نەتەوایەتییەکان بە زامنی جێگیربوونی دێموکراسیو یەکپارچەیی ئێران دەزانێ، هەر بۆیە "دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتو فیدراڵ دا"ی وەك دروشمی ستراتژیی حیزب دیاری کردوەو جێگیربوونی سیستەمێکی دێموکراتو فیدراڵ لە ئێران دا لە سەر بناخەی جۆراوجۆریی نەتەوەیی بە ڕێگایەکی گونجاو بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران دەزانێ.

سەرکەوتنی هێزە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران لە پێکهێنانی ئەو هاوکاریو هاوخەباتییەدا لە لایەك هەم هیواو هومێدی سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە نێو دڵی کۆمەڵانی خوازیاری ئازادی لە ئێران دا دەبووژێنێتەوە، هەم ڕێگەی گەیشتن بەو سەرکەوتنە کورت دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ترسو دڵەڕاوکێی خەڵکی ئێرانو گەلانی ئێران لە مەڕ قەیرانو کێشەکانی داهاتووی پاش کۆماری ئیسلامی دەڕەوێنێتەوە.

کۆنگرە داوا لە ئێوە، هێزە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران دەکا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزو هەنووکەییە هەنگاوی جیددیو خێرا هەڵبگرنو لە هیچ هەوڵێك بۆ گەیشتن بەو مەبەستە درێخی مەکەن.

سەرکەوتنتان لە پێناوی ڕووخاندنی ڕێژیمی سەرەڕۆو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی داو جێگیرکردنی دێموکراسیو مافی هەموو گەلانی ئێران بە ئاوات دەخوازین.

## هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزبو کۆمەڵ بخەینە گەڕ

# هەواڵەکان

## خۆپیشاندانی خەڵکی رەبەت دوو شەهیدو چەند برینداری لێ کەوتەوە

لە خۆپیشاندانی خەڵکی شارۆچکەی رەبەت دا کە پاش هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کاسبکاران رووی دا، هاووڵاتییەک شەهیدو نزیک ١٠ کەسی دیکە بریندار دەبن.

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لە شارۆچکەی رەبەتەوە بە "کوردستان" گەیشتوون رێکەوتی ١ی بانەمەڕ خەڵکی ئەو شارۆچکەیە بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین لە دژی هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کاسبکاران خۆپێشاندانێکیان وەرێ خست. هێزەکانی رێژیم بۆ بڵاوە پێکردن بە خۆپێشاندەران دەستڕێژ دەکەن و لە ئاکام دا هاووڵاتییەک بە ناوی حوسێن پویایی، تەمەن ٢٥ ساڵ خەڵکی ئاوایی شیواشان شەهید دەبێ و نزیک بە ١٠ هاووڵاتی دیکە بە سەختی بریندار دەبن. هێزە ئەمنییەتییەکانی رێژیم بۆ پێش گرتن لە درێژەکێشانی نارەزایەتییەکان، بنەماڵەی حوسێن پویایی بانگ دەکەن و هەر بە شەو تەرمی حوسێن پویایی بەخاک دەسپێرن. بە پێی هەواڵ بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەکانی سەردەشت و مەهاباد گواستراونەتەوەو شایانی ئاماژەیە دوو کەس لە بریندارکان کە برینەکانیان سەخت بووە، رەوانەی نەخۆشخانەی ورمێ کران کە بەداخەوە دوای دوو رۆژ یەکێکیان بە ناوی مێهدی کوڕی رەشیدە قالە میرێ شەهید بوو.

پێویستی بگوترێ خەڵکی سەردەشت بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین لە سەرکوتی بێبەزییانەی خۆپیشاندەرانی شارۆچکەی رەبەت، دوکان و بازاڕەکانیان بە تەواوی داخست. رێژیم لە ترسی سەرهەڵدانی خەڵکی شاری سەردەشت هێزێکی زۆری دژە شۆڕشی هێنایە نێو شارەوە و کەشێکی نائاسایی بە سەر شاردا زاڵە کرد.

## هێزەکانی سوپای پاسداران تەقە لە کاروانچیان دەکەن

بە هۆی تەقەی هێزەکانی سوپای پاسداران ٣ کاروانچی بریندار دەبن کە حالی یەکێك لە بریندارەکان خراپەو بەپەلە بۆ نەخۆشخانەی کرماشان گۆزرایەوە.

بەپێی راپۆرتی هەواڵنێری "کوردستان" لە کرماشان هێزەکانی سوپای پاسداران لە نزیك شارۆچکەی "نەوسوود"ی ناوچەی کرماشان تەقە لە کۆمەڵێك کاروانچی دەکەن کە بۆ شوێنی ژیانی خۆیان دەگەڕانەوە. لە ئاکامی تەقەی پاسدارەکان سێ کاروانچی بە ناوەکانی ئارام خەڵکی "دشە"و عەتا خەڵکی " شۆشمێ"و حەبیب خەڵکی "نەوسوود" بریندار دەبن. حەبیب بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە بەپەلە گۆزراوەتەوە بۆ کرماشان و تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هەروا لەژێر چاوەدێریی پزیشکی دایە.

## کوژرانی لاوێکی سەلماسی لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی

لاوێکی کورد بەناوی حوسێن ناسری خەڵکی چەهریقی سەلماس رۆژی ٢ی بانەمەڕ لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە تەقەی لێدەکرێ و بەتوندی بریندار دەبێ. ناوبراو پاش ٦ رۆژ بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ورمێ بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا.

## پارلمانتارانی هەرێمی کوردستان سزادانی لەیلا زانا پرۆتێستۆ دەکەن



٥٦ ئەندام پارلمانی کوردستان لە یاداشتنامەیەکدا کە پێشکەش سەرۆکایەتیی پارلەمانیان کرد سزادانی لەیلا زانا سیاسەتمەداری ناسراوی باکووری کوردستان پرۆتێستۆ کردوە.

٥٦ ئەندام پارلمانی کوردستان لە یاداشتنامەیەکدا داوایان لە سەرۆکایەتی پارلەمان کردوە کە لە بەرانبەر بڕیاری زیندانی کردنی لەیلا زانا هەڵوێست بگرێ و ئەو بڕیارە بە توندی مەحکوم بکا. لەم بارەیەوە دوکتور نووری تاڵەبانی ئەندامی پارلمانی کوردستان بە سایتی سبەی راگەیاند کە لەیلا زانا بە پێی مادەی ٧ی بڕگەی ٢ی تیرۆر سزا دراوە. ئەمەش بە واتای ئەوە دێ کە زانا کارێکی تیرۆریستی کردبێ، بەڵام بە پێچەوانەوە لەیلا زانا لە بەهاری ئەمساڵ داوای چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی گەلی کوردی کرد.

تاڵەبانی لە درێژەی لێدوانەکەی‌دا بۆ سایتی سبەی سەبارەت بە یاداشتنامەکە وتوویەتی: لە یاداشتنامەکەماندا هاتووە کە پێویستە پارلمانی رۆژێك تەرخان بکا بۆ ئەوەی بەیاننامەیەکی نارەزایەتی دژی ئەو بڕیارەی دادگای تورکیا دەربکاو هەروەها پێویستە لەیلا زانا ئازاد بکرێ بۆ ئەوەی خەباتی سیاسی لە پێناو چارەسەری کێشەی کورد درێژە پێ بدا.

## کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان، شەلاڵی خوێن دەکرێ

لە ئەیوانی رۆژئاوا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی تەقە لە خەڵکی نارازی لە ئاکامی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی مەجلیسی شووراى ئیسلامی دەکەن کە لە ئاکام دا ٤ هاووڵاتی شەهیدو دەیان کەسیش بریندار دەبن

بە پێی راپۆرتی چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان لە شاری ئەیوانی رۆژئاوای سەربە پارێزگای ئیلام هێزەکانی کۆماری ئیسلامی تەقە لە کۆبوونەوەی خەڵکانی نارازی لە بەرامبەر فەرمانداری ئەو شارەدا دەکەن کە لە ئاکام دا ٤ هاووڵاتی بە ناوەکانی ئەشکانی بێباك، کەسرا میری، حامید ئەسەدی‌و مێهدی کەریمی شەهیدو چەندین کەسی دیکەش بریندار دەبن. بە پێی راپۆرتەکەی چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان بەرپرسانی رێژیم بە قازانجی یەکێك لە پاڵێوراوەکانی سەر بە قۆڵی پاوانخوازی رێژیم بە ناوی "مەتین" دەسکاریی دەنگەکان دەکەن. شایانی باسە چەند کاتژمێر پاش نارەزایەتی دەربڕینەکەی خەڵك وەزارتی ناوخۆی رێژیم رایگەیاند کە داریوش قەنبەری کاندیدای ریفۆرمخوازو نوێنەری خولی حەوتەمی مەجلیس زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێناوە. دەوترێ بڵاو کردنەوەی دەنگۆی سەرکەوتنی "مەتین" لە لایەن کاربەدەستانی رێژیمەوە بە مەبەستی تاقیکرنەوەی رادەی دژکردەوەی خەڵك بووە کە ئەگەر بێتوو نارەزایەتییەکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە، ئەوا ئاکامی هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی مەتین رابگەیەنن.



## سەردانی شاندێکی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزب

رۆژی ٣ شەممە بروارى(٣ی بانەمەڕ) هەیئەتێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان صالح کاکەیی، سەید عەزیز، دڵشاد هاشم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و محەمەد کا مەلا ئەندامی کومیتەی ناوەندی بە مەبەستی پیرۆزبایی بە بۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٤ی حیزب‌و باس کردن سەبارەت بە درێژەی پێوەندی‌یەکانیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبیان لە کۆیە کرد. شاندی ناوبراو لەلایەن بەڕێزان کەماڵ کەریمی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی‌حەسەن رەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و عومەر باڵەکی ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە هەولێر پێشوازیی لێکرا.

پێویستە بگوترێ لەو چاوپێکەوتنەدا وێڕای تاوتوێ کردنی دۆخی سیاسیی جیهان‌و ناوچەو ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەکان لە سەر پێویستیی پێوەندیی پتەوی نێوان حیزبە کوردستانییەکان بە مەبەستی گرینگی‌دان بە بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەیی نەتەوەیی پێداگری کرایەوە.

## دوو ژنی دیکە بەناوی شەرەفپارێزییەوە کوژران

بەپێی راپۆرتی چاوەدێری مافی مرۆڤی کوردستان رۆژی سێ‌شەممە٨٧/٢/٣ کچێکی تەمەن ١٦ ساڵەی سنەیی بە ناوی هەلالە دانیشتووی شارۆچکەی نایسەر لەلایەن برا گەورەکەیەوە بە شێوەیەکی دڕندانە بە ٦ گوللە گیانی لێ دەستێنرێ. هۆکاری کوشتنی هەلالە ئەوە بووە کە دەیەویست لەگەڵ پیاوێك ژیانی هاوبەش پێك بێنێ کە برا گەورەکەی دژایەتیی کردوە. بنەماڵەی ئەو کچە ١٦ ساڵەیە لە دانانی مەجلیسی پرسەش خۆیان بواردوە.

هەروەها لەلایەکی ترەوە هەر لە سنە رێکەوتی ٦ی بانەمەڕ کچێکی تەمەن ٢٤ ساڵە بە ناوی "بەهارە ئەلف" هەر بەو تاوانە لەلایەن باوکییەوە بە زەبری چەقۆ دەکوژرێ.



## کچێکی تەمەن ١٨ ساڵان ئاگری لە جەستەی خۆی بەردەدا

کچێکی تەمەن ١٨ ساڵە بە ناوی پەروین سلیمانی خەڵکی ئاوایی سیچانی بانە ماوەیەك لەمەوبەر بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو، رۆژی ٥ی بانەمەڕ لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری سنە گیانی لە دەست دا.

## پەیامی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزب بۆ چالاکانی مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستان

چالاکانی خەباتی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان!

رووناکبیران‌و نووسەرە ئازادیخوازەکانن کوردستان!

سڵاوی گەرمی چاردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانتان پێشکەش بێ.

ئێوە باش لەو راستی‌یە ئاگادارن کە نەتەوەی کورد بەداخەوە بەردەوام هەڕەشەی توانەوەو لە نێوچوونی لەسەر بووەو ئەم هەڕەشەیە ئێستاشی لەگەڵ بێ نەبڕاوەتەوە. ئێستا کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بوارگەلی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، کولتووری‌و نەتەوەیی‌دا کەوتوەتە بەر شاڵاوی سەرکوت‌و زەبرو زەنگی کۆماری ئیسلامی. هەنووکە رێژیمی ئیسلامیی ئێران بە کەڵك وەرگرتن لە پێشکەوتووترین ئامرازەکانی راگەیاندن‌و بەتایبەتی لە رێگەی سیستمی پەروەردەیی‌یەوە هەوڵ دەدا تاکەکانی نەتەوەکەمان لەگەڵ زمان‌و شوناس‌و کەلەپووری نەتەوەیی خۆیان نامۆ بن‌و بەو شێوەیە پەروەردە بن‌و بەو شێوەیە پەروەردە بکرێن کە خۆی ئارەزووی دەکا. لەگەڵ ئەوەدا کە نزیك بە سەدەیەکە رۆڵە خەباتگێڕو ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی پاراستنی دیرۆك‌و شوناس‌و کەلەپووری نەتەوەییمان‌دا گیان بەخت دەکەن‌و تێ‌دەکۆشن، بەو حاڵەشەوە لەم بارەیەوە زیانی قەرەبوو نەکراوەمان وێ‌کەوتوە. بۆیە هەنووکە ئێوەی خەباتگێڕ ئەرکتان زۆر لە جاران قورستر بووەو پێویستە شێلگیرانەتر لە پێشوو بۆ زانیاری‌و مەعریفە بەخشین بە نەوەی نوێ‌و ئاشنا کردنیان بە شوناس‌و کەلەپوورو مێژووی خۆیان‌و مافە نەتەوەیی‌و ئینسانییەکانیان تێ‌بکۆشن. لەگەڵ ئەوەدا کە سنوورەکانی ئازادی تا ئەوپەڕی خۆیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بەرتەسك کراونەتەوەو هیچ مەودایەك بۆ ئازادی نەماوەتەوە، دەبێ هەروەکی سەلماندووتانە بە ئازایەتیی هەمیشەییتان ئەم سنوورانە بشکێنن‌و لە دژی بێدادی‌و بێ‌مافی دەنگ هەڵبڕن‌و مۆم‌و چرای زانیاری‌و مەعریفە لە شەوەزەنگی زاڵ بە سەر وڵات دا، داگیرسێنن.

کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەرێزو پێزانینەوە خەبات‌و تێکۆشانی سەخت‌و پڕ لە قوربانیدانی ئێوەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە ئاستی ئێران دا، هەڵسەنگاند. بە باوەڕی بەشدارانی کۆنگرە، خەباتی مەدەنی، ئاشتیخوازانەو دێموکراتیکی ئێوە بە دژی دیکتاتۆری، ستەمی نەتەوەیی‌و بێدادی‌و بێ‌مافی، کە لەگەڵ سەرکوت‌و کەندوکۆسپی جۆراوجۆر بەرەوڕوویە، خەباتێکی پیرۆزو ئینسانی‌یە کە پێویستە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حیزب‌و رێکخراوە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و سەرانسەری ئێران بە جیددی پشتیوانیی لێ‌بکرێ. رێبەریی هەڵبژێراوی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ئەم کۆنگرەیەوە راسپێردراوە کە لە قۆناغی نوێی تێکۆشانی حیزب دا، بایەخێکی تایبەتی بە خەباتی ئێوە چالاکانی مەدەنی بداو رێوشوێن‌و میکانیزمی گونجاو بۆ نزیکبوونەوە لەو خەباتەو بەهێز کردنی بدۆزێتەوە.

کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان شانازی بە وریایی، ئەرکناسی‌و خەبات‌و خۆڕاگریتانەوە دەکاو بەرەو پێشچوون‌و سەرکەوتنی رۆژ بە رۆژ زیاترتان لە تێکۆشان لە پێناوی ماف‌و ئازادییەکانی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا بە ئاوات دەخوازێ.

بەهیوای رزگاریی هاوخەباتە بەندکراوەکانتان‌و بۆ پێشەوە تا هاتنە سەر کاری نیزامێکی دێموکراتیك‌و فیدراڵ لە ئێران دا.

## شاندێکی رێکخراوی دژبە رەگەزپەرەستی ( SOS ) سەردانی کوردستانی کرد





شاندێکی دژبە رەگەزپەرەستی (SOS) راسیسمەی نورویژ، لەگەڵ نوێنەری بە جیهانی ناساندنی ژینوسایدی گەلی کورد لە نورویژ لە گەشتێکی بۆ هەرێمی کوردستان‌دا سەردانی هێندێك دامەزراوی حکوومی‌و ناحکوومی کرد.

رێکەوتی ٢٠٠٨/٤/٢٤ شاندێکی رێکخراوی دژبە رەگەز پەرستی (SOS) راسیسمەی نورویژ، پێکهاتوو لە کەریم ئەلڵاوەیسی ئەندامی بەڕێوەری رێکخراوو فاخر نامێق کەپەنگی ئەندامی چالاکی رێکخراوو نوێنەری کەمپەینی بە جیهانی ناساندنی ژینوسایدی کورد لە نورویژ بە هاوڕێیەتی تێکۆشەری ناسراوی کورد جەلیل گادانی چاوی بە وەزیری مافی مرۆڤ دوکتور شوان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پارلەمانی سەعد خالد، وەزیری کاروباری شەهیدان‌و سەرۆکی پارلمانی کوردستان عەدنان موفتی کەوت.

شایانی باسە لەو چاوپێکەوتنەدا کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم وێڕای دەستخۆشی‌و تاوتوێی هەنگاوە گرینگەکانی دەرەوەی وڵات پشتیوانییان لەو هەنگاوانەو پێویستیی کەڵك وەرگرتن لە توانایی پارلمانتارانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئورووپایی بۆ پێش خستنی ئەو مەبەستە دەربڕی هەروەها کاك جەلیل گادانی چەندین پێشنیاری گرینگی بۆ رێکخستنی پێوەندیی نێوان حکوومەت و رێکخراوی ناوبراو لە نورویژو تێکۆشەرانی دیکەی چالاك لەم بوارەدا هێنایە گۆڕێ.

لەو دیدارانەدا هەموو لایەك خوازیار بوون کە هەوڵی زیاتر بدرێ بۆ گەیاندنی داوای کورد بە یەکیەتیی ئورووپا و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە مەبەستی جیهانی ناساندنی ژینوسایدی گەلی کورد.

**ڕاگەیەنراو:**

# لەبارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ئەیوانی ڕۆژئاوا و شنۆو نەغەدەوە

هەوڵی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەکاتی بژاردنی دەنگەکانی دەورەی دووهەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەم دا بە مەبەستی بردنی کاندیدای بەستراوە بە خۆیان بۆ مەجلیس، لە دوو حەوزەی هەڵبژاردنی شاری ئەیوانی ڕۆژئاواو شنۆو نەغەدە، لە کوردستان لەگەڵ ناڕەزایەتیو بەربەرەکانێی خەڵکی ئەو شارو ناوچانە بەرەوڕوو بوو.

لە ئەیوانی ڕۆژئاوا هەڵکەوتوو لە باکووری پارێزگەی ئیلام، ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ٧ی بانەمەڕ دوای ئەوەی کە شەوی پێشتر بۆ خەڵكو کاربەدەستانی ڕێژیمیش دەرکەوتبوو کە "شەهرام قەنبەری" لە هەڵبژاردن دا سەرکەوتووە، "مەتین" کاندیدای سەر بە کۆنەپارێزان وەك براوەی هەڵبژاردنەکە ناسێندرا. ئەم دەسکارییە ئاشکرایە لە ئاکامی بژاردنی دەنگەکانو ئەم بە هیچ گرتنەی دەنگو ویستی زۆرایەتیی دەنگدەران، بووە هۆی کۆبوونەوەی خەڵك لەبەر دەرکی فەرمانداری ئەیوانی ڕۆژئاوا. ناڕەزایەتی دەربڕینو خۆپیشاندانی خەڵکی ناڕازی لەگەڵ دەسڕێژی هێزە بە ناو ئەمنییەتیو ئینتیزامییەکان بەرەوڕوو بووو چوار کوژراوو چەندین برینداری لێ کەوتەوە. لە حەوزەی هەڵبژاردنی شنۆو نەغەدەش دا هەر بەم چەشنە دەسکاریی ئاکامی بژاردنی دەنگەکانیان کردو لەحاڵێك دا کاربەدەستان لە دواسەعاتەکانی بژاردنی دەنگەکان دا دانیان بە سەرکەوتنی جەماڵ خزری، کاندیدای کوردی ئەم حەوزەیە دا نابوو، بەیانیی ڕۆژی شەممە کاندیدایەکی ئازەریی سەربە ڕێژیم بەناوی عەلی زەنجانی بە براوەی دەورەی دووهەمی هەڵبژاردن لەم حەوزەیە دا دەناسێنن. زانیارییەکان نیشاندەری سەرکەوتنی تاقە کاندیدای کورد بەسەر تاقە کاندیدای ئازەری بە جیاوازییەکی زۆری دەنگەکانەوە بوون. هەربۆیەش شەوی پێشتر فەرمانداری شاری شنۆ بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی شاری شنۆ کردبوو. کەچی شەوی هەینی لە سەر شەممە لە ئاکامی هەوڵی ئاشکراو پشت پەردەی مۆرە ناسراوەکانی ڕێژیم لە نەغەدەو ورمێ کە ڕابردوویەکی درێژیان لە دژایەتیی کوردەکان دا هەیە، هەموو شتەکان پێچەوانە کرانەوەو ڕاگەیەندرا کە عەلی زەنجانی بە جیاوازی ١٣٥ دەنگ بە سەر جەمال خزریدا سەر کەوتوە. ئەم کردەوەیەی کاربەدەستانی ڕێژیم کە بێڕێزیی ئاشکرا بە ویستو ئیرادەی خەڵكو جیاوازیدانانی بێشەرمانە لە نێوان دوو نەتەوە بە قازانجی ئازەرییەکانە، لەگەڵ ناڕەزایەتیو تووڕەیی خەڵکی شنۆو دانیشتوانی کوردی شاری نەغەدەو دەورووبەر بەرەوروو بووە کە ڕێژیم تا ئێستا بە پێکهێنانی حاڵەتی نائاسایی، ڕژاندنی هێزە بەناو ئەمنیەتیو ئینتزامییەکانی بۆ شوێنە گشتییەکانو نواندنی زەبروزەنگ هەوڵی داوە پێش بە تەقینەوەی تووڕەیی خەڵك بگرێ. بەڵام خەڵکی ناڕازی لە ڕێگای هێمنانەوەو ناردنی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خۆیان بۆ تاران لە سەر داوای خۆیان کە چوونی نوێنەری هەڵبژێردراویان بۆ مەجلیسە بەردەوامن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشتر ڕای گەیاندبوو کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا دەرەتانێك بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵك نیە، چونکە یا هەر لە جێدا ڕێگای خۆ کاندیدا کردنیان پێ نادرێ یا ئەگەر لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی تایبەتیدا، ئەو جۆرە کاندیدایانە بتوانن بچنە نێو پێشبڕکێی هەڵبژاردنو سەربکەون، بە بیانووی جۆراوجۆر ڕێگای چوون بۆ مەجلیسیان پێ نادرێ. لەمەش دا گومان نیە ئەگەر نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵك بشتوانن بگەنە مەجلیس "هێڵی سوور"یان بۆ دادەنرێو ڕێگە نادرێ ئەم هێڵە ببەزێنن. هەر بۆیە لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردنی هەشتەمین دەورەی مەجلیس دا خەڵك بە پیر بانگەوازی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە چوونو بە شێوەیەکی بەرچاو هەڵبژاردنیان تەحریم کرد. ئەو فڕوفێڵو دەسکارییە ئاشکرایانەی کاربەدەستان لە ئەیوانی ڕۆژئاواو شنۆو نەغەدەو زۆر شوێنی دیکە لە ڕەوتی هەڵبژاردن دا، بۆ گۆڕینی ئاکامی بژاردنی دەنگەکان، جارێکی دیکە بێمانا بوونی هەڵبژاردنو ناسالمو نائازاد بوونی هەڵبژاردن لەو ڕێژیمەیان دا دەرخستەوە. بەم حاڵەش خۆپیشاندانی خەڵك بەدژی پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافەکانیانو بەربەرەکانێی ئەوان لەگەڵ دەرهاوێشتەکانی ئەم سیستەمە پڕ لە بێعەداڵەتییە، مافێکی ڕەواو جێگای پشتیوانییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی شەهید بوونی چوارکەس لە دانیشتووانی شاری ئەیوانی ڕۆژئاوا، نەمران حامید ئەسەدی، کەسرا میری، ئەشکان بێباكو مەهدی کەریمی سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانیانو خەڵکی ئاگاو وشیاری ئەو شارە دەکا. دەستدرێژیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر سەرەتاییترین مافەکانی خەڵكو دەسترێژی هێزە جینایەتکارەکان لە خەڵکی ناڕازی بە توندی مەحکووم دەکا ئەوەش کە خەڵکی ئەیوانی ڕۆژئاوا بە خۆڕاگریو قوربانیدان توانیان ویستی ڕێژیم بۆ سەپاندنی بەکرێگیراوێکی خۆی بە ناوی نوێنەری هەڵبژێردراو بە سەر ئەوان دا پووچەڵ بکەنەوە، مایەی سەربەرزیو جێگای شانازییە. هیوادارین لە حەوزەی هەڵبژاردنی شنۆو نەغەدەش دا ناڕەزایەتی دەربڕینو بەربەرەکانێی یەکگرتووانە هەتا پووچەڵ کردنەوەی ویستی مۆرە ناسراوەکانی ڕێژیم درێژەی هەبێو، ڕێگا نەدرێ کۆماری ئیسلامی مۆرەیەکی خۆی بەناوی نوێنەری هەڵبژێردراو بەسەریان دا بسەپێنێ. هەر لەم کاتەدا چاوەڕوانین خوشكو برا ئازەرییەکان بەدوور لە دەمارگرژیی نەتەوەییو ئایینیو بە ڕێزدانان بۆ دەنگی زۆرینە، پیلانی ڕێژیم بۆ لە بەرامبەر یەك ڕاگرتنی کوردو ئازەریو دروستکردنی کەلێن لە نێوان ڕۆڵەکانی ئەو دوو نەتەوەیە، پووچەڵ بکەنەوەو لە بەرامبەر سیاسەتێك دا کە کورد وەك هاونیشتمانی پلەدوو و پلەسێ سەیر دەکاو مافی ڕەوانەکردنی نوێنەری هەڵبژێردراوی خۆیان لەم حەوزەیە پێ ڕەوا نابینێ، بێدەنگ نەبن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
١٣٨٧/٢/٩
٢٠٠٨/٤/٢٨

---

درێژەی

## هەواڵەکان

### لاوێکی کورد بە بیانووی سنوور بەزاندن دەکوژرێ

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ٣ی بانەمەڕ لە سنووری حاجی ئۆمەران بە بیانووی سنوور بەزاندن تەقە لە لاوێکی کورد بە ناوی ئیدریس ئەحمەدی دەکەن کە بەداخەوە لەجێدا گیانی لە دەست دەدا.

### لە دوو ڕووداوی پێکدادانی ئۆتومبیل لە سەقز ٧ هاووڵاتی گیانیان لە دەست دا

ئێوارەی پێنج شەممە، ٥ی بانەمەڕ لە سەر ڕێگای سەقز ـ بانە نزیك ئاوایی "بەلەجەڕ" ماشێنێکی تۆیۆتای ٣ افو پێژۆیەك خۆ بە یەك دا دەدەنو لە ئاکام دا سێ هاووڵاتی گیان لە دەست دەدەن. لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی هەینی، ٦ی بانەمەڕ لە ڕووداوێکی دیکەی ئۆتومبیل دا لە جادەی سەقز بانە ٤ هاووڵاتی دەکوژرێنو چەند کەسی دیکەش بریندار دەبن.

**پیرانشار:**

### تەقینەوەی مین کوژراوێكو برینداریکی لێ دەکەوێتەوە

دوێنێ هەینی ١٣ی بانەمەڕ دوو کاسبکاری خەڵکی کۆنە لاجانی پیرانشار بە ناوەکانی عەبدوڵڵا ڕزگاریو محەمەد ڕەسوول کوڕی ئەحمەدرەش لە شوێنێك بە ناوی "قوچی قەلان" دەکەونە سەر مینو لە ئاکام دا مەلا عەبدوڵڵا گیانی لە دەست دەداو محەمەد ڕەسوولێش بە توندی بریندار دەبێ. محەمەد ڕەسوولێ ئێستا لە نەخۆشخانە لە ژێر چاوەدێری پزیشکی دایەو دەوترێ کە باری تەندرووستی زۆر خراپە.

### لە کۆبوونەوەیەك دا ئاکامەکانی کۆنگرەی چاردەیەم خرانە بەرباس



ڕۆژی ٢٧ی ئاوریلی ٢٠٠٨ بەڕێز مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هولەند کۆبوونەوەیەکی لە سەر ئاکامەکانی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزب بەڕێوەبرد. لە بەشی یەکەمی ئەم کۆبوونەوەیە دا زۆر بە تێرو تەسەلی ئاکامو گۆڕانکارییەکانی کۆنگرەی چاردەیەم خرایە بەرچاوی بەشداربووان. بەشی دووهەمی سمینارەکەش بۆ پرسیارو تێبینیی بەشداربووانو وەڵامدانەوە تەرخان کرا کە لەگەڵ بەشداریی گەرمی بەشداربووان دا ڕووبەڕوو بوو.

شایانی باسە کە جگە لە ئەندامانی حیزب لە وڵاتی هولەند، نوێنەرانی چەند پارتی کوردستانی لەم سمینارەدا بەشدار بوون.

### ڕووناك سەفارزادە دیسان بانگهێشتی دادگا کرایەوە



ڕووناك سەفارزادە چالاکی بواری مافەکانی ژن، کە هەنووکە لە گرتووخانە دایە جارێکی دیکە بانگهێشتی دادگا کرایەوە.

ڕووناك سەفارزادە چالاك لە بواری مافەکانی ژن کە ماوەی زیاتر لە حەوت مانگە لە زیندان دایە ٧ی بانەمەڕ دیسان بانگ کرایەوە بۆ لکی یەکی دادگای سنە. سەفارزادە دوایین جار ٢١ی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو بانگهێشتی دادگە کرابوو. ئەوە لەکاتێك دایە کە هانا عەبدی هێشتا دۆسیەکەی نەدراوەتە دادگا. شایانی باسە ئەو دوو چالاکە کە ئێستا لە بەشی ژنانی زیندانی سنە لە بەندان بە تۆمەتی "هەنگاونان دژی تەناهیی نەتەوەیی" گیراون، سەرەڕای ئەوە ڕووناك تۆمەتی "محاربە"شی دراوەتە پاڵ.

### چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامێکی پارلمانی ئاڵمان

ڕێکەوتی ٢٨ی ئاوریل شاندێکی کومیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری بۆن چاوی بە خاتوو ئەلکە هوف ئەندامی پارلمانو کومیسیۆنی بەرگریی پارلمانی ئاڵمان کەوت. ئەندامانی شاندی حیزب کە پێك هاتبوون لە کاك خالید حەسەنپوور بەرپرسی کومیتەو کاك سوڵتان گوڵاوی ئەندامی کومیتە بە درێژی لە سەر بارودۆخی سیاسیی ئێرانو کوردستانو ئاڵوگۆڕەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ خاتوو ئەلکە دوان. دوولایەن وێڕای کۆك بوون لەسەر زۆربەی پرسە سیاسییەکان لەسەر پەرەپێدانی پێوەندییەکان پێیان داگرتەوە.

### کۆبوونەوە لەگەڵ حیزبی پێشکەوتن ( Frp ) لە پارلمانی

ڕۆژی چوارشەممە ( ٢٠٠٨/٤/٣٠) لەسەر بانگهێشتنی حیزبی پێشکەوتن، کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ نوێنەرانی ئەو حیزبە لە پارلمانی نۆروێژ پێك هێنا. نوێنەرانی لایەنی میواندار بریتی بوون لە: بەڕێزان کریستیان نورهەیم، ئەندامی پارلمانو بەرپرسی بەشی پێوەندییە نێونەتەوەیەکانو خاتوو ئاننە کریستینە ڕاوێژکاری سیاسەتی نێونەتەوەییو کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ بریتی بوون لە: خوسرەو قادری بەرپرسی پێوەندییەکانو کوێستان گادانی بەپرسی بەشی پێوەندی لەگەڵ حیزبە نۆروێژییەکان.

لەو کۆبوونەوەیەدا خاتوو کوێستان گادانی لە باسێکی پڕ نێوەرۆك دا تیشکی خستە سەر کێشەی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، مێژووی خەباتی ٦٢ساڵەی حیزبی دێموکراتو کۆنگرەی ١٤ی حیزبو ئاڵوگۆڕەکانی کۆنگرەو بەشداریی ژنانو لاوان لە کۆنگرەو لە ڕێبەریدا.

## بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران



خالید عەزیزی:

# کۆمیتەی ناوەندیی ئێمە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندی دەگرێ

### دەقی کۆنفراسی چاپەمەنیی ژمارەیەك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزب لەگەڵ میدیاکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان

(بەشی سێهەم)

**پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٦ی ڕەشەمەو بە دوای کۆتایی هاتنی چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی بۆ چەند کەس لە ئەندامانی تازە هەڵبژێراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هات. لەم کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانی‌یەدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب پێك هاتبوو، ژمارەیەکی بەر چاو لە هەواڵنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی باشووری کوردستانو هەواڵنێرانی حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار بوون.**

**لە سەرەتای کۆنفرانسەکەدا کاك خالید عەزیزی، وتەبێژی کومیتەی ناوەندی باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە ئامادەکاریی کۆنگرەو چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کۆنگرەو باسو پەسندکراوەکانی کۆنگرە پێشکەش بە بەشدارانی کرد کە دەقی قسەکانی بەڕێزیان لە ژمارەی پێشووتردا بڵاو بۆوە. لەم ژمارەیەشدا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی پرسیارو وەڵامەکانی ئەم کونفرانسە ڕادەکێشین:**

**شلێر باپیری ڕۆژنامەی بارزان :**

**پ: سەبارەت بە زیاد بوونی کۆمیسیونێك بە ناوی چاوەدێری، هەدەفتان چیە لە دامەزراندنی ئەو کۆمیسیۆنە؟ ئایا ئەندامی بەڕێوەبەری بەرپرسی دەبن یا ئەندامانی دیکەی حیزب بەرپرسی دەبن؟**

**کاك خالید عزیزی:** یەکەم، ئەندامانی ڕێبەریی حیزب هیچ کامیان ئەندام نین لەو کۆمیسیونەدا، دوویەم دەمەوێ تەئکید لەسەر ئەوە بکەمەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تێکڕایی لانیکەم حیزبەکەی ئێمە پێش لەتبوون کۆمەڵێك گرفتی نێوخۆیی هەبوو. ئەوەی کە ئێمە ئەو کۆمیسیۆنەمان داناوە بە مانای ئەوەیە ئیعترافمان بەو گرفتانە کردوەو ناتوانین هەر ئاوا بە تەنیشتیان دا تێپەڕ بین. لە نەتیجەدا بۆ ئەوەی کە لە نێو حیزبەکەی ئێمەدا ئەندامان مافیان، مافی ئەندامەتییانو کەسایەتیی حقووقی‌یان بپارێزرێ تێکۆشاوین ئەو کۆمیسیۆنە دروست بکەینو ئەو کۆمیسیۆنە بتوانێ باشتر دیفاع لە مافی ئەندامانی حیزب بکا. ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنەش بۆ ئاگاداریتان لە کۆنگرەدا هەڵبژێردراون.

**شەهرام (ڕۆژنامەی ڕۆژنامە):**

**پ: چی بۆتە هۆی ئەوەی کە سەرۆکایەتیی ئەو حیزبە قبووڵ بکەی؟**

**بە چ میکانیزمێك دەتانەوێ بەرە پێك بێنن. حیزبەکان خۆیان ئەوە هەر لەتبوونو جیا بوونەوەیان تێدەکەوێ چۆن دەتوانن بەرەیەك پێك بێنن؟**

**خالید عزیزی:** پێش هەموو شتێك پێم خۆشە تەئکیدی ئەوە بکەمەوە کە باشترین دەرفەتی عەمەلی بۆ ئەوەی کە حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو گرفتە بێنەدەرێ ( لەتبوونو لێك ترازانو لێك دوور بوونەوە) حزووری ئەو حیزبانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە نێوخۆی خەڵك دایە. ئێمە حزوورمان لەوێ هەیە، ئەندامان لەوێ هەیە، چالاکیی تەشکیلاتیمان هەیە. بەڵام ژیانی سیاسیی حیزبی ئێمە، ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە لە نێوخۆی وڵات نیە. حیزبێك بە تاك ناتوانێ ئەو مەجالە بێنێتە گۆڕێ بەڵام حیزبەکان هەموو بە یەکەوە دەتوانن لە سەر ئەوە بە قەناعەتێك بگەن، سیگناڵێك بنێرن، پەیامێك بنێرن زەمینەی ئەوە خۆش کەن چۆن بە تێکڕایی پرۆژەیەکیان هەبێ بۆ نێوخۆی وڵات. دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە موکریان لە شاری مەهاباد دروست بوو، حیزبێکی سڤیل بوو بە شەڕی چەکداری بە دەسەڵات نەگەیشت. لە سەردەمی ئەو وەخت بە تەوافوقو باس لەگەڵ یەکترو موشارکەتو بەشداریی ڕووناکبیرو تاجری شاری لە تەنیشت فیئۆدالو عەشیرەتی گوندیو هەروەها فەقیرو هەژارانی کوردستان بەیەکەوە ئەو دەسەڵاتەیان دروست کرد. مادام ئەو مەجالەی هەبوو لە نێو خەڵك دا ئەو دەسەڵاتە بۆی ئاسان بوو دروستی بکا. یەکەمین کۆماری کوردستانو یەکەمین حیزبی مۆدێرنی کوردی بوو کە دامەزرا. تەواوی ستراتیژیی کۆنگرەی ئێمە بە موشارکەتو لێکدانەوەو بە پێداچوونەوەو بە هەڵسەنگاندن ئەوە بوو کە ئێمە چۆن تێبکۆشین چالاکیی عەمەلیی خۆمان لە کوردستان بە قوەت بکەینەوە. ئەگەر بێنە گۆڕێو ئەو پرۆژانە ببن بە باسی حیزبەکان، دڵنیام حیزبەکان لە سێناریۆو کێشەی نێوخۆ دێنە دەرێو لە موقابیل ئەمری واقیع قەرار دەگرن. بۆیە ئێمە هەوڵمان داوە لە ڕاپۆرتێك دا لە کۆنگرە هێناومانە باسێکی چڕوپڕمان هەبێ لە سەر نێوخۆی ئێران، لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر دنیای دەرەوە، لەسەر ئێران لەو ناوچەیە.

ڕاپۆرتەکەی ئێمە دەڵێ سەرەڕای حکوومەتێکی سەرەڕو لە ئێران، کۆمەڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەشەیەکی بەرچاوی سیاسی ـ نەتەوەیی‌یان کردوە، ئێمە چۆن بکەین ئەو گەشەی سیاسی ـ نەتەوەیی‌یە لە عەقڵییەتی حیزبەکانیش‌دا ڕەنگ بداتەوە. دڵنیام ئەگەر ئێمە هەموومان لەو کاناڵەوە تێبکۆشین دەکرێ ئەو وەختی زەمینەو مەجال بۆ ئەو دەرفەتە عەمەلی‌یانەی کە ئاماژەت پێکرد خۆشتر بکرێ. ئێمە هەوڵی خۆمانی بۆ دەدەین، هۆیەکەی چیە؟ هۆیەکەی ئەوەیە ئیعترافمان بەوە کردوە کە دەبێ فەعالییەتی حیزبی بخەینە ئەو قۆناخەوە. پێم خۆشە ئاماژە بە شتێکی دیکە بکەم ئەویش ئەوەیە کە تەرکیبی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤ دەکرێ بڵێم بە غەیری ٣،٤ کەس هەموو لە ژێر ٥٠ ساڵە.

تەیفێکی بە ئینێرژیو بە توانا لە گۆڕێ دا هەیە کە ببێ بە دینەمۆی حەرەکەتی ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبەو بە هێزترو چالاکتری بکا. ئەگەر ئەو خوێندنەوەیە بێتە گۆڕێ ئێمە بەو خوێندنەوەیەوە بچین مامەڵە لەگەڵ حیزبەکانی دیکە بکەین دڵنیاین لەوەی سوئالمان دروست کردوە بە قەولی سوقرات، لەوێ دا بە دوای سوئالەکان‌دا دەڕۆینو ڕێگەچارەیەکی بۆ دەبینینەوە. ئەوەی ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان هێناومانەتە گۆڕێ سەرەتایەك بۆ ژیانی سیاسیی حیزبەکەی خۆمان بە ئیعتباری ئەو سەرەتایە دانی سیگناڵێکە بە دەوروبەر چۆن بەیەکەوە سیناریۆیەك بکەینەوە. دەنا گرفتی لێك دوور بوونی حیزبەکانو ترازان تەنیا بە ئیبتکارو ئیقدامی ئێمە جێبەجێ نابێ، کارێکی جەمعی‌یەو هەر ئێستا نوسخەیەکی موشەخەسم نیەو دڵنیاشم هێندەمان باسی بەرە کردوە هەر لە خۆڕاش باسی بەرە کردن ڕەنگە موشکلەیەك حەل نەکا، بەڵام ئێمە بەو قەناعەتە بگەین کە لە سێناریۆی پێشوو (لەتبوونو لێك ترازانو دوور کەوتنەوە) هیچ لامان قازانجمان نەکردوەو هەتا لەو سێناریۆیەدا بمێنینەوە ناتوانین بۆچوونێکی دیکە بکەینەوە بە نیسبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**مستەفا شەڵماشی:** لە پێش دا ئەوە تەئید بکەم بە ڕاستی وایە ئەوە ویستێکە، لە نێو قووڵایی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێو پرۆژەی هیچ حیزبێکی تایبەتی نیە، ئەوە تەواو ڕاستە. لەوەش زیاتر هەر وەکوو ئیشارەم پێکرد ناشتوانێ پرۆژەی حیزبێکی تایبەتی بێ. ئەگەر جاران بۆ تەبلیغات کەڵکی لێ وەرگیراوە هەر حیزبەی پرۆژەی خۆی دێناو چاوەڕوان بوو کە حیزبەکانی دیکە قبووڵی بکەن، ئێمە خوێندنەوەیەکی ئەوتۆمان نیە چی دیکە لەو مەسەلەی بەرە، پێمان وایە لە پێش دا دەبێ هەوڵ بدەین زەمینە خۆش کەین بۆ ئەوەی کە بتوانین بەیەکەوە دانیشین لەگەڵ هەموو حیزبەکان بەبێ مەرج دیاری کردن، ئێمە هیچ مەرجێکمان نیە بۆ قسە کردن بەیەکەوە بۆ وێنە دەکرێ باس لەوە بکرێ کۆمیتەیەکی ئامادە کردن لە هەموو حیزبەکان پێك بێ بۆ ئەوەی بچێ پرۆژەیەك بنووسێ. بۆ مەسەلەی بەرە چ بۆ نیزیك بوونەوە چ بۆ ئەو میکانیزمانەی دیکە کە بەرە پێك دێنن چ ئەو میکانیزمانەی بەرە بەڕێوە دەبەن. ئێمە لێرەدا بە ڕاستی هیچ بۆ تەبلیغات ئەوەمان نەهێناوە، وەکوو ئەوەی کە لە کۆنگرەدا تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە ئەوەیە کە کۆمیتەی ناوەندی بە تەواوی ئاواڵە بێ بۆ وەرگرتنی هەر بیرو بۆچوونێکو بە تەواوی ئاواڵە بێ بۆ باس لەسەر ئەو مەسەلەیە، مەسەلەی پێك هێنانی بەرەو هیچ مەرجێکیش دیاری نەکا بۆ قسە کردن لەسەر مەسەلەی بەرە.

**ڕەحمان سەلیمی (لە ماڵپەری کوردستانو کورد):**

**دیپلۆماسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەیتوانیوە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکاتە ڕۆژەف لە کۆڕو کۆمەڵی نێونەتەوەیی‌دا، لە ڕاستی‌دا مەجالی دیپلۆماسیی حیزبی دیموکرات لە وڵاتانی ئوروپاییو ئەمریکایی دایە بەڵام لەوێش هەموو پێوەندییەکان ببینینەوە کە ئەو هێزە بەرژەوەندیی هاوبەشی لەگەڵ ئێمە هەبێو هانی بداو مەجالێك پێك بێنن بتوانین تەئسیرگوزار بین لەسەریان؟**

**خالید عزیزی:** پێم خۆشە بۆوەی کە تیشك بخەمە سەر دیپلۆماسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا ئاماژە بە قانوونمەندییەك بکەم لە مەسەلەی دیپلۆماتیك دا. یەکەم ئێمە حیزبێکی سیاسیینو حیزبێکی سیاسییش بە تایبەت لە تەبعیددا مەجالەکان لە دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی‌دا زۆر زۆر مەحدوودە. ڕەوابیتی نێودەوڵەتیو دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی تابیعی ئەو قانوونمەندی‌یانەیەن کە چۆن تۆ دەگەڵ دابی، چۆنت لەگەڵ بخەن، چۆن تۆ دەتوانی دەرگاکە بکەیەوە خۆت ڕەگەڵ بخەی، ئێمە لەگەڵ هەمووی ئەو گرفتانە ڕووبەڕوو بووینە. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە دیپلۆماسی لە دونیای دەرەوە لە دژی ئێران هەیە ئەویش تابیعی کێشەی واشینگتۆنە لەگەڵ تاران. کێشەی ئورووپایە لەگەڵ تاران. مادام ئەو کێشانە زۆر لە سێناریۆی بەرژەوەندیی واشنگتۆنو بەرژەوەندیی ئورووپا لە کێشەیەکی مەحدوود دا دێتە گۆڕێ، گرفت بۆ ئێمە هەیە کە وا بە ئاسانی نەچینە نێو ئەو معادلەیە. بەڵام ئێمە لە ئەوەڵەوە هێندێك کارتمان پێ بووە. کارتی یەکەم ئەوە بووە حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەك حیزبێکی سڤیل هەمیشە پشتیوانی کردوە لە ڕێگە چارەی دیموکراتیكو دیالۆگ بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانو تەنانەت لەو پێوەندییەدا ڕێبەرەکانی لە ئورووپا تێرۆر کراون، کارتێکی دیکەی ئەوە بووە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك حیزبێکی جەماوەری لە نێو کوردستان، لە نێو ئێرانو لە نێو جەماوەری ئێران‌دا تا ڕادەیەکی زۆر حیزبێکی ناسراوو لە نەتیجەدا مادام دنیای دەرەوە دێ خوێندنەوەیەك لە جوغرافیای سیاسیی ئێران دەکا ناتوانێ نەتەوەی کوردو حیزبەکانی کوردستان بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان نادیدە بگرن. ئێمە تێکۆشاوین لەو کاناڵەدا بە جۆرێك جێگەیەك بۆ دیپلۆماسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دنیای دەرەوە بکەینەوە. بەڵام من لە بەشی یەکەمی قسەکانم دا ئاماژەم بەو واقعییەتە کرد سەرەڕای جموجۆڵی ئێمە، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا لە واشینگتۆن عیلاقاتمان هەبووەو ئێستاش عیلاقاتمان لەگەڵ زۆرێك لەو دەوڵەتانەی کە بە جۆرێك لە کێشە لەگەڵ ئێران دا "ذی نفع"ن پێوەندیمان هەیە تێدەکۆشین پرۆژەی کوردی کوردستانی ئێرانیان پێڕابگەیەنین سەرەڕای ئەوەی کە گوتوومانە هەر دەسەڵاتێك، چ ئەمریکا بێو چ دنیای دەرەوە بێ ئەگەر بیەوێ پرۆژیەکی بۆ ئێران هەبێ، ئەگەر نەتەوەی کورد لە چۆنیەتیی ئێران دا بەشدار نەبێو حیزبی دیموکراتی کوردستانو حیزبەکانی دیکە بە جۆرێك بەشدار نەبن ئەو پرۆژەیە لە داهاتوودا فەشەل دێنێ. تێکۆشانمان ئەوە بووە مادام قسە لە داهاتووی ئێرانە، ناکرێ ئێمە نادیدە بگرن. بەڵام جارێکی دیکە تەئکید دەکەمەوە بۆوەی کە دیپلۆماسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوە بە قوەت بێ لە ڕاستی‌دا کۆدەنگیو یەك دەنگیی هەمووی حیزبەکانی پێویستەو من هیوادارم هەروەکی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمیتەی ناوەندی ئەسپاردوە، کۆمیتەی ناوەندیی لە داهاتوودا بتوانێ لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا دانیشتنی هەبێو تەنانەت هیوادارم ئێمە لە داهاتوودا بتوانین سەفیرێکمان هەبێ بە نێوی سەفیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئوروپاو ئەمریکا. بتوانین ئێمە لە نەوعی خۆی‌دا سفارەتێکمان هەبێ، ئیدارەیەکمان هەبێ کە لێی بنووسرێ سفارەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات. ئەگەر توانیمان ئەوە بکەین، ئەگەر من توانیمو یان هاوکارێکی من لە حیزبێکی دیکە توانی لە عیلاقاتو پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی بڵێ من نوێنەری ١٠،٩،٨ حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم، دڵنیام لێرە دایە کە کارتێکی بە قوەتت هەیە بازی پێ بکەی دەنا هەر کام لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەنێ چ ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بنو نەبن، چ پێوەندی لەگەڵ ئەم لایەن بگرنو نەگرن کاتێك دێیە سەر پرۆژەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوردانان لەسەر چارەنووسی سیاسیی تاران، لێرەدا بێ کۆدەنگی جێبەجێ ناکرێ. هیوادارم ئێمە لەو جیهەتەدا بچینە پێش.



# بەیاننامە:

# بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکارەوە

لە ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی هەموو ساڵێك دا لایەنگرانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو ژیانێکی مرۆڤانە، ڕێز لە خەباتی توێژی هەرە چەوساوەی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانی جیهان (کرێکاران) لە پێناو ژیانێکی بە دوور لە ستەم دەگرن. چونکە لە ڕاستیدا خەباتی کرێکارانو زەحمەتکێشانی هەر وڵاتێك لە خزمەت نەهێشتنی جیاوازیی نێوان توێژو چینە کۆمەڵایەتییەکانو دابین کردنی ژیانێکی مرۆیانە دایە کە لەودا مرۆڤەکان یەکتر ناچەوسێننەوەو دەسەڵاتی سیاسییش لەسەریەتی کار بۆ کەم کردنەوەی مەودای زۆری نێوان چینە لاوازو کەم داهاتەکانو خاوەنانی سامان بکا. مەودایەکە کە ڕۆژبەڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە پێش بینی دەکرێ لە داهاتوویەکی نەزۆر دووردا ببێتە قەیرانێك بۆ مرۆڤایەتی.

سەرەڕای خەباتی نەپساوە بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەو دابین کردنی ژیانێکی مرۆیانە، بەو حاڵەش هەنووکە لە زۆر وڵاتی جیهان دا کرێکاران ئەو توێژە بونیاتنەرەی کۆمەڵگا لە گەڵ نامرۆیانەترین جۆرەکانی چەوسانەوەو بێبەش بوون بەرەو ڕوون، دژواریی هەلومەرجی کار، لە خوارەوە بوونی حەق دەستەکان، بێبەش لە بیمەی دەرمانی، خانەنشینیو لە کارکەوتوویی و خزمەتگوزاریی گشتی، شوێنی نیشتەجێ بوونو... لایەنەکانی ئەم چەوسانەوەو بێبەشییەی کرێکاران پێك دێنن.

لە ئێرانو بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرێکاران لە سێبەری سیاسەتە چەوتو پڕ لە نایەکسانییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا ئێستاش لە هەلومەرجێکی زۆر دژوارو پڕ لە چەوسانەوەدا دەژین. لە پاڵ ئەوەش دا ئەم ڕێژیمەو داموو دەزگا سەرکوتکەرەکانی بۆ ساتێکیش لە سەرکوتی خەباتی مافخوازانەو مرۆیانەی کرێکاران نەوەستاوە. هەر چەند بەرواڵەت ڕێگە بە پێك هێنانی هێندێك ڕێکخراوی سینفی دراوە، بەڵام بەو حاڵەش هەر چەشنە ناڕەزایەتییەکی کرێکاران بۆ دابین کردنی مووچەی شیاو لە گەڵ هەلومەرجی کار، بیمە، دواکەوتنی حەقدەستەکان، دەرکران لە سەر کارو... لە گەڵ سەرکوتی بێبەزەییانە بەرەوڕوو بووەو جگە لەوەی زۆرێك لە چالاکانی کرێکاری لە بەندیخانە پستێونراون زۆر جاریش خۆپیشاندانی کرێکاران خەڵتانی خوێن کراوە.

لە پێوەندی لە گەڵ ڕێژیمو سیاسەتەکانی بەرانبەر بە کرێکارانی وڵات دا دەتوانین ئەوەش زیاد بکەین کە ئەم ڕێژیمە لە بەر ئەوەی لەلایەك بۆ خۆی گەورەترین خاوەن کارەو زۆرترین بەشی ئابووریی وڵات لە کۆنترۆڵی ئەو دایەو لەلایەکی دیکەشەوە دژی هەر چەشنە ئازادییەکەو یەك لەوان ئازادیی پێکهاتنو چالاکیی ڕێکخراوە سینفیەکان لە جیاتی ئەوەی چاوەڕوانی لێ بکرێ ژیانی کرێکارانو هەلومەرجی کاری ئەوان باش بکا، چاوەڕوانیی لێ دەکرێ ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بە مەینەتییەکانیانەوە زیاد بکا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرێکارانی کورد لە گەڵ ستەمو بەش مەینەتیی زۆر زیاتر لە کرێکارانی شوێنەکانی دیکەی ئێران بەرەو ڕوون. کوردستان بە هۆی سیاسەتی هەڵاوێرانەو پڕ لە جیاوازییەکانی ڕێژیمە ناوەندییەکان لەو پەڕی دواکەوتوویی ئابووری دایە. بۆیە کرێکارانی کورد ناچار بۆ پەیدا کردنی کار روو لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بکەنو لەوێ زۆرترین بێبەشو نالەبارترین باری گوزەرانو تەنانەت جیاوازیدانانی فەرهەنگیو نەتەوەییو ئایینیش قبوڵ بکەن بۆ ئەوەی بژێوییەك بۆ ژیانیان دەستەبەر بکەن. جگە لەمانە حەشیمەتی بێکاری کوردستان ناچارن یان هێندێك کاری وەرزیی وەك (کشتو کاڵو کوورەخانە) بکەن یان ئەوە کە لە سنوورە پڕ لە مینو کەمینەکان داو لە سەر گۆڕەپانی مەرگ داو بەبێ لە بەر چاو گرتنی سەرماو گەرما کۆڵبەریو کاروانچییەتی بکەن.

لێرەدا پێویستە ئاوڕێکیش لەو کرێکارو زەحمەتکێشانەش بدەینەوە کە بە بێ بەهرەمەندیی لە کەمترین مافو ڕێوشوێنی گونجاوی کار لە پشت داری فەرش چنین دا ڕۆژانە زیاتر لە ١٢ کاتژمێر کاری تاقەت پڕوکێن دەکەن. پێویستە بگوترێ زۆربەی ئەم توێژە لە کرێکارانی کوردستان لە کچو کوڕی کەم تەمەن پێك دێنو جگە لەوەی زۆربەیان لە دەرەتانی خوێندن بێبەش دەبن، زۆر نەخۆشیی مەترسیداریش هەڕەشە لە سلامەتیو ژیانیان دەکا. بەم پێیە دەتوانین بڵێین یەکەم: لە کوردستان کار بۆ ڕێژەیەکی کەم لە هێزی کارو بە تایبەت کرێکاران هەیە، دووهەم: لە کوردستان زۆربەی کرێکاران لە لانی کەمی ڕێوشوێنە ستانداردەکانی کار بەهرەمەندن یان هەر لێی بەهرەمەند نین.

لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوتی ڕێژیم لە گەڵ کرێکارانی کوردستانیش دا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هەر چەشنە چالاکییەکی مافخوازانەی ئەوان تەنانەت داواکاریی ئەوان بۆ وەرگرتنی حەقدەستە دواکەوتووەکانیان لە ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە سەیری دەکرێو بێبەزەییانەتر لە شوێنەکانی دیکە سەرکوت دەکرێ.

لە ڕۆژی جیهانیی کرێکاران، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر هەموو مافەکانی کرێکارانو پێویستیی دابین کرانی ڕێوشوێنە ستانداردەکانی کار، مافو سەرەتییە (امتیاز) پیشەیی-یەکانی کرێکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سەرانسەری ئێران پێدا دەگرێتەوە. بە بڕوای حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتی کرێکارانو هەموو چینو توێژو گرووپە کۆمەڵایەتیو پیشەیی-یەکانو خەباتی ڕێکخراوە سیاسییەکان خەباتێکی پێکەوە گرێدراونو هەرکامەیان یارمەتیدەری ئەوی دیکەیانو لە کۆتاییش دا لە پێناوی گۆڕانێکی بنەرەتیی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریدان.

سەرکەوێ خەباتی کرێکاران بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان

دەفتەری سیاسی
١١ی بانەمەڕی ١٣٨٧
٣٠ی ئاوریلی ٢٠٠٨




درێژەی لاپەڕی١

# هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵایساندنی شەڕی ئایینی لە کوردستان مەحکووم دەکەین

١ــ چونکە هێشتا ئەو کتێبەمان پێ نەگەیشتوەو نەمان خوێندۆتەوە، لە سەر نێوەرۆکەکەی جارێ هیچ جۆرە قەزاوەتێك ناکەین. بەڵام بێحورمەتی بە هەر ئایینێكو سووکایەتی بە پەیڕەوانی ئەو ئایینە، لە لایەن هەر کەسو لایەنێکەوە بە هەر ئامانجێکەوە بێ بە کارێکی ناڕەواو نادروست دەزانینو مەحکوومی دەکەین. ناڕەزایەتی دەربڕینو مەحکووم کردنی ئەو جۆرە سووکایەتییانە بە شێوەیەکی هێمنانەو شارستانییانە بە مافی بێئەملاو ئەو لای پەیڕەوانی ئەو ئایینە دەزانین.

٢ــ مەبەستی دامو دەزگاو دەستو پێوەندەکانی ڕێژیم لەم جۆرە کارانە، بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە نەتەوەو ئایینی جۆراوجۆر لە پەنا یەکتر دەژین، نانەوەی دووبەرەکیو وەڕێخستنی شەڕی ئایینیو بردنەپێشی نیازە چەپەڵەکانی خۆیان لەو ڕێگایەوەیە. کۆماری ئیسلامی چاوی دیتنی پێکەوە ژیانی بە ئاشتیو وێکهەڵکردنی نەتەوەو پەیڕەوانی ئایینە جۆراوجۆرەکانی نیەو یەکیەتیو تەبایی خەڵك، بە مەترسییەك بۆ سەر خۆی دادەنێ، بۆیە دەیەوێ دووبەرەکی بخاتە نێویانو، هێزو پوتانسیەلی خەباتگێڕانەی ئەوان، لە دژایەتیکردنی یەکتردا بەلاڕێدا ببا.

٣ـ کۆماری ئیسلامی لە مێژە بەدەست، هەستو ئاگایی نەتەوەیی ڕۆژبەڕۆژ پەرەئەستێنی خەڵکی کوردستانو ئەو بزووتنەوە نەتەوەیی، کۆمەڵایەتیو ئازادیخوازانانەی لە کوردستان هەن داماوەو زەبوونە. بە خۆشییەوە ویستو داخوازیی نەتەوەیی لە نێو ئازەری زمانەکانیش دا کە دراوسێی نەتەوەی کوردن، لە پەرەئەستاندن دایە. ئەو ڕێژیمە، بە دنەدانی پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکانی نێو هەر کام لەو نەتەوانە، یا تێکدانی پێوەندیی سالمی دوو نەتەوە بە هۆی وەڕێخستنی شەڕی مەزهەبیو لێك دڕدۆنگ کردنی شیعەو سوننی، دەیەوێ خەباتی نەتەوەیی لە نێو گەلانی بندەست دا هەتڵە بکاو ویستی سەرەکی لە بیر خەڵك بباتەوە.

٤ــ حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا لە کەسایەتییە ئایینی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکانی سەر بە هەر کام لە نەتەوەو ئایینەکانی ئەو ناوچەیە دەکا، وریای پیلانو نیازە شوومەکانی ڕێژیمی فێڵبازی کۆماری ئیسلامی بنو، نەهێڵن مەبەستی ڕێژیم کە تێکدانی یەکیەتیو تەبایی نێوان کوردو ئازەریو شیعەو سونیو جۆراوجۆرییەکانی دیکەی نێو کۆمەڵە، بێتەدی.

بەو هیوایە کە خەباتو تووڕەیی هەر هەموو پێکهاتەو بەشەکانی کۆمەڵ بەرەوڕووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ببێتەوە کە ماکەی ڕۆژە ڕەشیو ژێردەستیو بێبەشی-یەکانی خەڵك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سەرانسەری ئێرانە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن**
**٣ی بانەمەڕی ١٣٨٧**
**٢٢ی ئاوریلی ٢٠٠٨**

## هەڵبژاردەیەك لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی

# بۆ کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەشی سێهەم و کۆتایی

....لێرەدا جێی خۆیەتی بە ڕێزو پێزانینەوە ئاماژە بە گەشت و هەڵسووڕان و تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتیی تیمەکان لە قووڵایی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە بەهارو هاوینی ئەمساڵ دا بکەین کە لە نیزیکەوە چاویان بە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوت، پەیمانی وەفاداریyان لەگەڵ نوێ کردنەوەو ئەوانیان لە شێلگیربوونی حیزبەکەیان لەسەر درێژەدانی ئەرکە خەباتگێڕانەکانی لە دەورەی تازەی تێکۆشانیدا دڵنیا کردەوە.

لە هەمووی ئەمانە گرنگتر ئەوە بوو کە دڵسۆزانی کورد لە نێوخۆی وڵات و لە باشووری کوردستان سەخاوەتمەندانە بە دەنگی بانگەوازی حیزبەکەمانەوە هاتن و بە درێژ کردنی دەستی یارمەتی بۆ لای حیزب گەورەترین گیروگرفتی ژیانی کادرو پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان و هەڵسووڕاندنی کاروباری حیزبیان بۆ چارەسەر کردن. ئەو بەدەنگەوە هاتنە ئەوەندەی بایەخی ماددی و دارایی بۆ حیزبەکەمان هەبوو چەند ئەوەندە لە باری سیاسی و مەعنەوییەوە گرنگ بوو، چونکە لەڕاستیدا ئەم یارمەتییە سەخاوەتمەندانەیە پشتیوانییەکی سیاسی و مەعنەویی بەرینی لە پشت بوو.

ئەوەی گوتمان نابێ وا وەربگیرێ کە کارەکانمان تەواون و کەمکاری و کەموکوڕیمان نەبووە. بە پێچەوانە، ئەوەی کردوومانە لە چاو ئەوەی دەبوو بیکەین و دەبێ بیکەین زۆر کەمەو هێشتا ڕێگایەکی زۆرمان لەپێشە بۆ ئەوەی شیاوی ئەو ریسالەتە مێژووییە بین کە لە سەرشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەو بۆ ئەوەی میراتگرێکی بەوەجی دەیان ڕێبەری شەهید لە سەرووی هەمووانەوە پێشەوا قازی محەممەدو دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی بین.

**ئەرکەکانی سەر شانمان**

.... دۆستانی بەڕێز! وەك بەڵێنمان داوەو گەلەکەشمان بەتایبەتی ڕووناکبیران و بژاردەکانی کورد لێمان دەخوازن ئێمە دەبێ خۆمان و حیزبەکەمان نوێ بکەینەوە. نوێخوازی بە مانای ڕەتکردنەوەی ڕابردوو نیە. ئێمە ئەگەر ڕابردوومان نەبێ ئێستاو دواڕۆژیشمان ناتەواون. بەڵام ڕابردوو هیچ شتێکی نەگۆڕی تێدا نیە، ئەگەر کارێکمان، دروشمێکمان یان سیاسەتێکمان لە ڕابردوودا هەڵە بووە دەبێ ئازایانە دانی پێدا بنێین و بیگۆڕین. ئەگەر کاتی خۆی دروست بووەو ئێستا وەختی بەسەر چووە دیسان دەبێ بیگۆڕین. ئەمە حورمەت بۆ ڕابردوویە نەك ڕەتکردنەوەی ڕابردوو. ئێمە شانازی بە ڕابردووەوە دەکەین. ئەگەر ئیرادێکیش لە ڕابردوومان دەگرین بەو مانایە نیە کە خۆمانی لێ بێبەری دەکەین، بەپێچەوانە لە هەموو شتێکی ڕابردووی حیزبیش خۆمان بە بەرپرس دەزانین، نەك ئەوە کە وەك کورد دەڵێ "لە خێران شەریك بین و لە شەڕان تەریك بین". کە دەڵێین دەبێ نوێ بینەوە زۆر لایەن دەگرێتەوە. دەبێ چاو بە سیاسەتەکانمان دا بخشێنینەوەو ئەوەی پێمان نادروست بێ، یان کاتی بەسەر چووبێ بیگۆڕین.

دەبێ پێوندییە تەشکیلاتییەکانمان و پێوەندیی خۆمان لەگەڵ یەکترو دەوروبەرمان بخەینە بەر هەڵسەنگاندن و ئەوەی خراپە یان خراپ بووە بیگۆڕین، تەنانەت پێویستە پێکهاتەی ڕێبەرایەتییش بگۆڕین و هەوڵ بدەین دەرەتانی هاوبەشییەکی زیاتر بۆ توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ، بە تایبەتی ژنان و لاوانی ڕووناکبیرو وڵاتپارێز بڕەخسێنین. نە هەموو پیرێك کۆنەو نە هەموو لاوێك نوێیە، بەڵام هەقیقەت ئەوەیە هەر نەسڵێك پێوەندیی بە سەردەمی خۆیەوە هەیەو هەر دەورانێك ژنان و پیاوانی خۆی هەن. کاری نوێ بە ئامرازی کۆن بەڕێوە ناچێ. کەوابێ با قبووڵ کەین نوێبوونەوە پێویستە ئەو بەشەش بگرێتەوە. ئێمە کادرە بە ئەزموونەکانمان وەلا نانێین، بەڵکوو ڕێزیان لێ دەگرین، شانازییان پێوە دەکەین و لێیان فێر دەبین، بەڵام ئەرکی قورسی ئەمڕۆیان ناخەینە سەر شان. گەورەترین کاری زۆر بەنرخ کە چاوەڕوانیمان لێیان هەیە ئەوەیە کە ئەزموونەکانیان بگوێزنەوە بۆ بەرەی نوێ و ئەوانە کە بۆ ئەمڕۆ دروست بوون.

**پرۆژەو هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

.... ئەوەی خوارەوە ڕوانگەو بۆچوونی کومیتەی ناوەندی بەرامبەر بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانە کە هیوادارین پەسندی ئەندامانی کۆنگرە بن و ئەگەر پێویستیشیان بە گۆڕین یان دەسکاری هەبێ دوابڕیاری کۆنگرەیان لەسەر دەربچێ:

**أ: پێوەندییە نێوخۆیییەکان**

. کەوایە دەبێ لەمەو دوا کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی و ئۆرگانە بەرپرسەکانی خوارتر بۆ خۆیان ببنە زامنی پێکهێنانی فەزای ئازادی فکری لە نێو تەشکیلاتی حیزب دا و هەرکەس لە هەر پلەیەك دا ویستی ئەو ئازادییە بەرتەسك بکاتەوە، ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەری بەرپرس بن لێکۆڵینەوەی لێ بکەن و سزای بدەن. جگە لەوانەش کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب کە لە پێڕەوی تازەی حیزب دا پێش بینی کراوە لە سەریەتی لەسەر ئەو جۆرە پێشێلکردنانە وەدەنگ بێت و کومیتەی ناوەندی لە هەر چەشنە پێشێلکردنێکی مافەکانی ئەندامی حیزب ئاگادار بکاتەوە. دووپاتی دەکەینەوە کە ئازادیی ئەندامی حیزب بۆ دەربڕینی بیروڕای جیاواز لەسەر پرسە جۆرواجۆرەکان بە هیچ شتێك سنووردا ناکرێ بەم سێ پرەنسیپە نەبێ:

١ـ تەنیا لە نێوخۆی ریزەکانی حیزب و لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا نەزەری پێچەوانەی سیاسەتی گشتیی حیزب دەربڕێ.

٢ـ ئەدەب و زمان خاوێنی بە تەواوی بپارێزێ و سووکایەتی و بێحورمەتی بەهیچ کەس و هیچ ئۆرگانێك نەکا.

٣ـ ڕێگا بەو کەسانە بدا کە جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە کە ئەوانیش قسە بکەن و نەزەری خۆیان بدەن.

**ب: هاوبەشی "مشارکت"**

کومیتەی ناوەندی لە نێوان دوو کۆنگرەدا بەرزترین ئۆرگانی حیزب و بەرپرسی سیاسەت دانان و بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری حیزبییە، سەلاحییەتی بڕیاردانی هەیەو بڕیارەکانیشی لەلایەن هەموو ئۆرگانەکانی حیزبەوە جێبەجێ دەکرێن. بەو حاڵەش کومیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی نابێ خۆیان لە هاوفکری و نەزەری هاوڕێیانی حیزبی بە بێنیاز بزانن. نەك هەر پێویستە هەموو بڕیارەکانی خۆیان بەرهەمی ئەقڵی بەکۆمەڵ و بڕیاری بەکۆمەڵ بن، بەڵکە دەبێ بۆ مەسەلە گرنگەکان لانیکەم ساڵێ جارێك و هەر کاتێکیش پێویست بوو کۆبوونەوەی بەرین لە کادرە شارەزاو بە ئەزموونەکان پێك بێنن و لەسەر مەسەلە گرنگە سیاسییەکان پرس و رایان پێ بکەن.

**ج: هاوکاریی کوردستانی**




لەمێژە لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا جێگای هاوپەیمانییەکی خەباتگێڕانە کە هەموو، یان زۆربەی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە دەوری بەرنامەیەکی هاوبەش کۆ بکاتەوە بەتاڵە. نەگەیشتن بەو ئاواتە بێجگە لە هەلومەرجی سەختی خەبات هێندێ هۆی دیکەی وەك هەوڵنەدان و کەمکاری، بەرچاوتەنگی، خۆ بەزلزانی و هێژمونیخوازیشی هەبوون. بە باوەڕی ئێمە دەبێ لەو بارەیەوە لاپەڕەیەکی تازە بکەینەوەو بەرپرسانە بجووڵێینەوە. مەیدانەکانی کارو کردەوە دەبێ تەنیا پێوانە بۆ لە مەحەك دانی هەموو ڕێکخراوێکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن.

**د: بەشداریی ژنان و لاوان لە ئۆرگانەکانی ڕێبەریدا**

لەگەڵ هەموو شانازیمان بە مێژووی پڕ سەروەریی حیزبەکەمان دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە لە درێژایی مێژووی ئەم حیزبەدا ئامادەیی ژنان و نەخشی ژنان لە ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزب دا یەکجار ناتەواو و کەمڕەنگ بووە. ڕاستە بەهۆی زاڵبوونی پێوەندیی نابەرامبەری ژنان و پیاوان، تا ئەم دواییانە ژنان لە باری خوێندەواری و بردنە سەری پلەی زانست و زانیاریدا لە پیاوان لەدواتر بوون. بەڵام ئەگەر بە ئینسافەوە بڕوانین ژنانی کورد لە بەڕێوەبردنی ئەرکی خەباتگێڕانەدا نەخشیان لە پیاوان کەمتر نەبووە. کەوایە بە ئاشکرا ناهەقییان لێ کراوەو بەشیان خوراوە. ئەمڕۆش ژنان لە هەموو بوارەکانی خوێندن و خۆپێگەیاندن دا زۆر چوونە پێش و نەخشی زۆر کاریگەریان لە خەبات دا هەیە. بۆیە هیچ پاساوێك بۆ بەشدارنەکردنیان لە کادری ڕێبەریدا نەماوەو پێویستە هەر لەم کۆنگرەیەدا میکانیزمێك بەکار ببرێ کە بەشداریی ژنان لە کاروباری بەڕێوەبەریی حیزب دا مسۆگەر بکا.

لاوان کە هێزی هەرە هەڵسووڕی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە لە هەموو بوارەکانی کاری حیزبیدا بە خەباتی چەکدارانەشەوە پێك دێنن، ئەگەرچی بە قەدەر ژنان لە ئۆرگانەکانی ڕێبەری دوور ڕانەگیراون، بەڵام بە ڕاشکاوی دەبێ بڵێین جێگای شیاوی خۆیان پێ نەدراوە. حیزبێك یان ڕێبەریی حیزبێك نەتوانێ لە هێزو توانای لاوان کەڵك وەرگرێ حیزبێکی بێ پاشەڕۆژە. کەوایە دەبێ لەم کۆنگرەیەدا بە میکانیزمی گونجاو بەشدارییەکی بەرچاوتری لاوان لە ڕێبەرایەتیی حیزب دا مسۆگەر بکرێ و لەنێو بەدەنەی حیزبیش دا وەك ڕەوالێکی بەردەوام نەخشی زیاتریان پێ بسپێردرێ.

**هـ: لەسەر دروشمی ستراتیژیك**

... بە باوەڕی ئێمە فیدرالیزم لەمێژە بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێرانێکی فرە نەتەوەدا دروشمێکی گونجاوترە.

هەڵبژاردنی ئەم دروشمە دوو ئەرکی هاوتەریبمان دەخاتە سەر شان، یەکیان کە لە ڕاستیدا هۆی بوون و مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، خەباتی شێلگیر بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی لە چنگی بێبەشی و ژێردەستەیی و مافخوراوییە. لەو بارەیەوە دەبێ بێترس لە تۆمەتی سواوی جیاییخوازی پێ لەسەر پێویستیی دابین بوونی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد دابگرین و تەنانەت هیچ بە تاوانیشی نەزانین کە بڵێین نەتەوەی کود هەقی خۆیەتی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە تەواوی بەدەست بێنێ و ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی.

بەڵام وەختێك بە تێگەیشتنەوەو بە ئیرادەی ئازادی خۆمان فیدرالیزمان وەك دروشمی ستراتیژیکی هەڵبژاردوە ئەرکێکی دیکەشمان دەکەوێتە سەرشان. ئەویش هەوڵدانە بۆ نیزیکبوونەوەو هاوکاریی هەرچی پتەوتر لەگەڵ هێزە نیشتمانی و دێموکراتیکەکانی ئێران لە پێناوی گۆڕینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێك دا کە وەڵامدەری ماف و ئازادییەکانی هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران بێ و لەو ڕێگایەوە یەکیەتیی داخوازانەی نەتەوەکانی ئێران مسۆگەر بکەین.

**هاوڕێیان، خوشکان، برایان!**

لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا بە پێویست دەزانین جارێکی دیکە پێ لەسەر ناسکبوونی هەلومەرجی خەباتەکەمان، قورسی و هەر لەو کاتەدا پیرۆزیی ئەرکەکانی سەرشانمان و پێویستیی یەکڕیزی و ئامادەیی بۆ وەرگرتنی کارو بەرپرسایەتی دابگرینەوە. بە دڵنیایی دەتوانین بڵێین سیاسەت و بۆچوونەکانمان پەسندی زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤە بەهەست و تێگەیشتوو و پێگەیشتووەکانی کۆمەڵی کوردەوارین و ئەگەر ئێمە بە هەوڵ و هیممەتەوە قووڵ لە پیادەکردنی بەرنامەکانمان و بەکردەوە دەرهێنانی ڕوانگەکانمان هەڵماڵین زۆرایەتیی کۆمەڵی کوردەواری لە پشتمان رادەوەستێ و ناڵێین هێز نابێ زەربەمان لێ بدا، بەڵام هێز لە دنیادا نابێ بتوانێ لە مەیدانمان دەر بکا. سەرکەوتنی ئێمە بە هەوڵ و تێکۆشان و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خۆمانەوە بەستراوەتەوە.

**سەرکەوێ کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان.**

**سڵاو لە گیانی نەمری شەهیدانی حیزب و گەل و لەسەرووی هەموویانەوە سێ ڕێبەری شەهید قازی، قاسملوو،شەرەفکەندی.**

**سڵاو لە زیندانییە سیاسییەکان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان.**

**سڵاو لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سەرچاوەی هێزو توانای حیزبەکەمان.**

**سڵاو لە کەم ئەندامان و زیان دیتوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان.**

**سڵاو لە هێزە دێموکرات و نیشتمانییەکانی کوردستان و سەرانسەری ئێران.**

**سڵاو لە تەبایی و یەکڕیزیی تێکۆشەرانی ڕێی ڕزگاری و نەمان بۆ دووبەرەکی و ئاژاوەگێڕی.**

**بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین






## قادر خۆشنمەك

بنکەی ئینتیزاماتی فێرگە، کەوتبووە سەر ڕێگای بەیانیو نیوەڕۆو ئێوارانم. ڕۆژی چەند جار بە لای ئەو بنکەیەدا رادەبردم. بنکەکە کەوتبووە سەر قوتەی بەرزاییەك. ڕێگای نێوان یەکیەتیی لاوانو فێرگە یا ئەستێرۆکانو بۆڵێ بە تەنیشت ئەو بنکەیەدا رادەبرد. زۆربەی جاران، نیگابانی ئەو شوێنە، پێشمەرگەیەکی لاو، لاوێکی تازە پێگەیشتووی ڕێكو پێك بوو کە زۆر ئێواران لە مەیدانی فووتباڵو لە کاتی یاریی تۆپی پێدا دەم-دیت. ئەو لاوە وەرزشدۆستو وەرزشکارە، "قادر خۆشنمەك" بوو کە هەر بە ڕاستی ناوەکەی خەسار نەکردبوو، زۆر لەبەر دڵانو سەروو ڕووخۆش بوو.

"خۆشنمەك" بەهاری ١٣٦٦، نێوەڕاستەکانی بانەمەڕ بوو، لەگەڵ قادرو دوو هاوڕێی دیکە، بە داوێنی چیای بەرامبەرماندا هەڵگەڕاین. ئەگەرچی خۆمان لە داوێنی چیا دەژیاینو سروشتی خەباتەکەمان لێی دەخواستین چیایی بین، پێمان خۆش بوو لە بنکەکانمان بێینەدەرو بۆ سەروتر هەڵبکشێنو پتر چێژ لەم بەهارە جوانەی داوێنی قەندیل وەربگرین، هەر ئەم کورتە سەفەرەش ڕۆڵی خۆی هەبوو لە زیاتر ناسینیدا. قادر، پەلە پەلی بوو، هەرچی زووتر بچێتە هێزی پێشەواو لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئەم هێزە بچێتەوە قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو، ئەم گیرسانەوە یەکساڵییەی لە بنکەی فێرگە، بەگەشتو گەڕان لە نێو کۆمەڵانی خەڵك لە ناوچەکانی مەهاباددا، قەرەبوو بکاتەوە.

هەر هەمان ساڵ لەسەر ویستی خۆی ڕەوانەی هێزی پێشەوا کراو بۆ گەیشتنی بە ئارەزووەکەی خۆی کە چوونەوە لەگەڵ هێزدا بۆ ناوچەو نواندنی ئازایەتیو قارەمانەتی لە ڕێگای داکۆکی لە سەربەرزیی نەتەوەکەیدا بوو، ڕۆژو شەوی دەژمارد. زستانی ئەو ساڵەو سەرەتای بەهاری ١٣٦٧، زۆر بە ناخۆشی تێپەڕین لەبەر سەرقاڵبوونی حیزب بە ناکۆکیی نێوخۆییو سەرئەنجام لێکدابڕانی دوای کۆنگرەی ٨ چوونەوە بۆ ناوچە لە قادرو زۆری وەك ئەو، وەدوا کەوت. تەنانەت تێکۆشان لە نێو کۆمەڵانی خەڵكداو قارەمانەتی نواندن لە مەیدانی بەرگری بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیشدا، بۆ پێشمەرگەکان ئەو چێژو تامەی جارانی نەما. هەر خەڵك بوو لۆمەی وێکهەڵنەکردنو لێکدابڕانیان دەکرد. ئەم وەزعە نیگەرانی لە هەڵگیرسانی شەڕێکی تازەی نێوخۆیشی هاتبووەسەر. ئەم نیگەرانییە زۆری نەخایاندو بە داخەوە ڕۆڵەی دێموکرات بە دەستی ڕۆڵەی دێموکرات گیانی لێ ئەستێندرا. قادر خۆشنمەكو مامۆستا ئەبوو مستەفازادە کە ساڵێك پێشتر هەر دووکیان پێکەوە لە بنکەی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی یەك حیزبدا ، خزمەتیان دەکرد، ساڵی ١٣٦٧ هەردووکیان بە دەستی هاوسەنگەری دوێنێی خۆیان ئەمیان لەم حیزبو ئەوی دیکەیان لەو حیزبی دێموکرات شەهید کران!

قادر خۆشنمەك کە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە مەهاباد لەدایك ببوو، لە ٣٠ خەرمانانی ١٣٦٧ لە زنجیرە چیای قەندیل لە شەڕی تاڵی نێوخۆییدا، گیانی لێ ئەستێندراو وەك زۆر لاوی جوانەمەرگی پێشو دوای خۆی لە نێو حیزبەکانی کوردستاندا، بووە قوربانیی عەقڵییەتو بیرکردنەوەی پێکەوە هەڵنەکردن.

عەقڵییەتێك کە لەگەڵ غەیری خۆی هەڵ ناکاو هەرکەسو لایەنێك بە ڕقەبەری خۆی بزانێ وەك دوژمن سەیری دەکاو کوشتنیو لەنێو بردنی بە ئەرکی پیرۆزی خۆی دادەنێ!

لە بیست ساڵەی مەرگی تاڵی ئەو لاوە دێموکراتەدا نەفرین لە هەرچی شەڕی براکوژییە، دەکەمو ئارەزوو دەکەم ئەم ڕابردووە بۆ هەموو سیاسییەکی کورد ببێتە دەرسی عیبرەتو جارێکی دیکە ڕێگە بە هیچ کەسو لایەنێك نەدرێ لاوانی کورد لە پێناوی ویستو بەرژەوەندیی شەخسیو فیرقەیی خۆیانو سەلماندنی هێزو باڵادەستی خۆی بەسەر ڕقەبەرەکانیاندا، بڕێژن.

# واران

خەبات ڕەسووڵی



دەگەڵ با، دڵۆپە سەر لێشێواوەکانی باران، خۆیان لوول دەکەنو دەبنە پڕژەو پەرشو بڵاو دەبنەوە.

کابرا نایلۆنێکی زلی کردووتەوە کە پەنكو خۆی لە پەنا گاشە بەردێك مەڵاس داوە. کڵاشینکۆفەکەی لە نێو کۆشیدا شاردۆتەوە.

جار نا جار سەری هەڵدێنێ چاو لە تاریکایی دەبڕێ. دیواری ڕەشی تاریك شەوو بارانو ڕەشە باو سەرما، زیاتر کابرا گرمۆڵە دەکەنو دەیخزێننە بن بەردەکە. دەموچاوی خوساوەو ئاو لە سمێڵە زلە ماشو برینجییەکەی دەتکێتە خوارێ. دارەکانی بەرامبەر لەگەڵ هاژەی با، وشەوشیانەو سەریان لێك دەسوونو گەڵاکانیان دەجوڵێتەوە.

دەنگی پڕمەی وڵاغێكو خشەخشی بن پێیو تەقەی سمی وڵاغەکە لە دوورەوە کابرا گوێ قوڵاغ دەکەنو ناچاری دەکات لە جێگاکەی بێتە دەرێو بە ئەسپایی بەرەو دەنگەکە بڕوات.

هێدی هێدی خۆی دەگەیەنێتە یەکەم دارە توو. لوولەی چەکەکەی بەرەو دەنگەکە ڕادەگرێو پتر گوێ هەڵدەخات. هاواری دارەکانو خشەخشی گەڵاکانو دەنگی نزیك بوونەوەی وڵاغەکە کابرا پتر قوشقی دەکات. چاوەکانی زەق کردۆتەوەو چاوی بڕیوەتە بەرامبەری، ئەنگوستە چاو بوونی شەوو تەنیایی وەدڵە خورپەی دەخات. تارمایی سوارێك وردە وردە نزیك دەبێتەوە.

کابرا کڕ چاوی تێ بڕیوەو سوار نائاگا لەو سەری بەرداوەتەوەو بە سەر ئەسپەکەیدا کوڕ بۆتەوە. هێشتا پەنجا میتری ماوە پێی بگات. کابرا باز دەداتە سەر ڕێگاکەو بە دەنگی بەرز دەڵێ: لە جێی خۆت نەبزووی، کێی کوڕە؟

ئەسپو سوار لە دەنگی دەسڵەمێنەوەو ئەسپەکە دەحیلێنێ. سوار ڕێشمەکە ڕادەکێشێو ڕادەوەستێ. کابرا بۆ ئەوەی جوانتر بە سەر دۆخەکەدا زاڵ بێ. بەسەریدا دەنەڕێنێ.

هێواش لەسەر ئەسپەکە دابەزە. سوار دەخوشێتە خوارێو لە پەنا ئەسپەکەی ڕادەوەستێ. باران بە ڕێژنە دەبارێو هەر دوو کەسەکە چۆڕ چۆڕ ئاو لە سەرو پۆتراکیان دەتکێ. سەری کابرای چەکدار خوساوە. پێشە سەری تەواو ڕووتاوەتەوەو لە بن نایلۆنەکە بێجگە لە چەند تاڵە قژێکی تەڕ نابینرێ.

دیسان بەسەریدا دەنەڕێنێ: هەر دوو دەستت بخە سەر پشتی ئەسپەکەو پشت بکە منو لاقانت لێك دوور خەوەز سوار دیسان بە گوێی دەکات. دەستەکانی دەخاتە سەر کورتانی ئەسپەکەو لاقەکانی دوور دەخاتەوە. چەکدارەکە لێی نزیك دەبێتەوە.

بە دەستێك چەکەکەی بە دەستەوەیەو بە دەستەکەی دیکەی دەست بە لەشیدا دێنێ. زۆر زوو هەست دەکات بەرامبەرەکەی ئافرەتەو خۆی داپۆشیوە. دڵنیا دەبێتەوە چەکی پێ نیە.

پێی دەڵێ ڕووم تێکە. ئافرەتەکە ڕووی تێدەکات. دەموچاوی لێی نزیك دەکاتەوە. لەو تاریکە شەوەدا بە زەحمەت بۆی دەردەکەوێ کچێکی مێر منداڵی ڕەش تاڵەی، دەموچاو تاوبردووە. دەڵێ: بەو نیوە شەوە بۆ کوێ دەچی؟ بۆ بە تەنیای؟

کچەکە بێدەنگ تێی دەڕوانێ. لێی دووپات دەکاتەوە. بەڵام کچەکە هەروا بێ دەنگە.

دەستی بەرەو ڕیشمەی وڵاغەکە دەباتو وڵاغەکە بە لقی دارێکەوە دەبەستێتەوە. پاشان بە کچەکە دەڵێ: وەپێشم کەوە. بەڵام وریا بە بتهەوێ هەڵێی تەقەت لێ دەکەم.

زەینی دەداتێ قسەکەی تا چەندە کاردانەوەی هەیە. کچەکە سەرێك بە نیشانەی تێگەیشتن ڕادەوەشێنێو وەپێشی دەکەوێ. پاش چەند هەنگاوێك دەگەنە گاشە بەردەکە.

کابرا پێی دەڵێ: بڕۆ لە پەنا بەردەکە خۆت مات بکە، تا باران خۆشی دەکاتەوە.

ئافرەتەکە لە کەلێنەکە نزیك دەبێتەوەو لە پەنا گاشە بەردەکە خۆی مات دەکات. باران دەڵێی گۆزەی سەراوژوورەو وەك بڕیاری دابێ قەت خۆشی نەکاتەوە هەروا بە خوڕەم دەبارێو شەویش قەت کۆتایی نایەت. هەر دەقیقەیەك بۆ کابرا ساڵێکە. لە بن دارە تووەکە ڕاوەستاوەو کلاشینکۆفەکەی بە دەستەوەیەو هەر جار نا جارێك چاوێك لە ڕێگاکەو لە وڵاغەکەو لە کچەکە دەکات.

هەورە بروسکەیەك زرمە لە پشت کێوەکە دێنێو پاشان دیسان دەشریخێنێو دەمارەکانی ئاسمان، دنیا ڕووناك دەکاتەوە. هەورەکان هەروا لە زۆر بوون دان.

کابرا بە ناچاری ڕوو دەکاتە کچەکە. پێی دەڵێ: وەرە دەرێ.

هاژەی باو باران دەنگی کابرا قووت دەدەن. کچەکە تەنیا نوزەیەکی گوێ لێ دەبێ. بەڵام بە پێی عەقڵی خۆی لە جێگەکەی دەبزوێو دێتە پێشێ. کابرا دەڵێ: کچی کێی؟

کچەکە دەڵی: حاجی ساڵح

دەڵی: بۆ کوێ دەڕۆیشتی؟ کچەکە هیچ ناڵێ. کابرا خۆی تووڕە دەکاتو دەڵی: پێم دەڵێی چاکە دەنا لێرە دەتکوژم. کچەکە دەڵی: هاتووم ببمە پێشمەرگە.

کابرا سەری سووڕ دەمێنێو هیچ ناڵێ. پاشان دەڵی: باشە بڕۆوە جێگاکەی خۆتو دانیشە. کچەکە دەچێتە سەر جێگەکەی خۆیو دادەنیشێ. سەری دادەخات.

چەکدارەکە بێتەلەکەی دەردێنێ. خشە خشێك دەکاتو دەڵی: ڕێدار، ڕێدار، میوانمان هەیە. کچەکە گوێی لێیە بەرامبەرەکە دەڵێ هەر کەسێکە بە خێر بێ، بینێرە سەرێ. کابرا بێتەلەکە وەلا دەنێو بە کچەکە دەڵی: هەستە با لەوە زیاتر تەڕ نەبی. ملی ئەسپەکەت بگرەو لەو گردە سەر کەوە، لەوێ کوڕەکان وەرت دەگرن. ئەگەر گوتیان کێی کوڕە؟ بڵی خۆمانین. گوتیان خۆمان کێ؟ بڵی هەوشار ٤٤م. ئەوە نێوی شەوە. ئەوە نەڵێی تەقەت لێ دەکەن. کچەکە سواری ئەسپەکەی دەبێو وەسەر دەکەوێ. هێشتا زۆر دوور نەکەوتبۆوە، ئاوڕێك بۆ دواوە دەداتەوەو چاوێك لە کابرا دەکات. کابرا دیسان لە بن گاشە بەردەکە هەڵتروشکاوەو هەوڵ دەدات خۆی لە لێزمەکانی باران دوور بخاتەوە. باران خەریکە وردە وردە خۆشی دەکات. ئاسمان خەریکە ساماڵ دەبێتەوەو کابرا چاوی لە کچەکەیە کە لە ناو قەدی گردەکەیەو ئێستا تاریكو ڕوونی بەیانییەو دنیا سپیو ڕەشە.

خۆر هێور هێور لە شاخی بەرامبەر هەڵدێو ئاونگەکان لەگەڵ کزەی بای بەیانی لە گەڵا تەڕەکان دەتکێنە خوارەوە. کابرا نایلۆنەکەی فڕێ داوەو هاتۆتە سەر ڕێگاکەو چەکەکەی لە شان کردووەتەوەو خەریکە پیاسە دەکات.

بەدەم جگەرە داگیرساندنەوە چاوی لێیە کچەکە گەیشتۆتە سەر گردەکە.

بزەیەك دێتە سەر لێویو سەری ڕادەوەشێنێ. لەپڕ گرمەیەکی بەهێز دنیا دەلەرزێنێو دووکەڵێکی ڕەش بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە. جەستەی کچەکەو ئەسپەکەی دەبنە هەزاران جنچكو بەسەر گردەکەدا دادەبارێنە خوارێ. کابرا حەپەساو چاو لەبەرزاییەکە دەکات. پێشمەرگەکان بە پەلە دێنە قەراغ گردەکەو لەو دیمەنە دەڕوانن. بۆمبی سەعاتی نێو کورتانەکە زووتر لە کاتی خۆی تەقیوەتەوە.

بێدەنگییەکی بە سام ئەو ناوچەیەی داگرتووە. پاش ماوەیەکی کورت دیسان مەلەکانی دارستان دەست دەکەنەوە بە جریوە جریوی خۆیان.

هەولێر مەنتکاوە
٢٠٠٨/٤/٣

## هەموو عاشق بوونێك توانەوەیە

# خەونێك بۆ گەیشتن بە تۆ....

هەرێم ڕانسووری

شەو درەنگە، دنیا بە قەد پرچی قەترانی شەو ماتو تاریك داگەڕاوە، منیش بە تەنیا لە سووچێکی ژوورەکەمدا بە دیار ڕۆشنایی کزی مۆمێکەوە دانیشتووم، جار جار لێوە وشك هەڵاتوەکانم دەکەمەوەو بە هێمنی باسی عاشق بوونی خۆم بۆ ئەو مۆمە دەکەم کە ئاوێزان بووە لەگەڵ وشەکانی منو هێدی هێدی دەتوێتەوە، چەند سەیر دەبێت ئێمەی مرۆڤ بە دیار مەعشوقەکەمانەوە بێ گوێدان بە هیچ سنوورێك بتوێینەوە کەچی تۆ ئەوەندە زاڵمی نەك هەر ناتوێیەوە، بگرە زیاتر دڵ ڕەقی دەنوێنی لەگەڵم. بەڵام من هەمیشە پێت دەڵێم گەر سەد ئەوەندەی تر دڵت وەك بەرد ڕەقو بەهێز بێت ڕۆژێك دادێ بە فرمێسکی چاوەکانم بتتوێنمەوە لەم شەوە زەنگەدا کە شەوی یەڵدایە تەنیا منو ئەوانەی هاو دەردی منن بە ئاگانو هەموو خۆشییەکی خۆیان وەلا ناوە لە پێناوی هۆنینەوەی نامەیەکی جوان پڕ لە وشەی ڕۆمانسیو ئەفسووناوی کە شایەتی ئەو خۆشەویستییە بێت کە لە



ناخی دایە بەرامبەر بە مەعشوقەکەی. منیش بۆ دڵی ڕەقی تۆ ئەوشەو خەو لە چاوانم تۆراوەو پەپوولەی بێ باڵی خەونم فڕیوەو بە ئاسانی نایەتەوە لام تاکوو دەست لە ملانی خەوێکی شیرین بکات لەگەڵ پێڵووی چاوەکانم. چەند ناخۆشە شەونخونی بکەی به دیار عەشقێکی نامۆ کەسێکی بێباک لە خۆشەویستی، کە هیچ لە بوونی ژیان تێناگات. چی دەبوو ئێمەش وەك هەموو عاشقێکی تر شەوان لە بری بێداری ، تەنیایی ، بێ هاودەمی ، شەونخوونی ، خەونمان بە زەماوەندی بە یەکگەیشتنمان بدیایە کەی بێت ئەو ڕۆژەی منو تۆش دەست لەملانێی یەکتر بین ئیتر لە دوو دڵی ڕزگارمان بێت بەبێ هیچ ترسێك لە کەشێکی ڕۆمانسیدا بە هێمنی لێومان تێکەڵ بە یەك بکەینو تێر تێر بۆنی چەند ساڵی دووری یەکتر بکەین، ئیتر لەو ساتە دڵ توانای نامێنێتو لە جەستە دێتە دەرەوە پڕ بە دنیا هاوار دەکات "خوشم دەوێیت، خۆشم دەوێیت".

# بێوەفایی ژەهرەو وەفا ژیانە



ئاسۆ خەبات

ئەو کەسەی خۆشم دەویست لە ماڵی دڵ باری کرد
بە کێشی خۆشەویستی دڵم گریەو زاری کرد
لە دڵی عاشقمدا بەفری شادی دەباری
دڵم مەستو شەیدا بوو، مەستانە غەمباری کرد
سوجدەم برد بۆ بوتی عەشقی، وتم بەردەتم ئەمن
پێی لە دڵ نامو نەیویست، دڵرەق شا سالاری کرد
خۆی مامۆستای ژوانم بوو هەتاکوو ئەو رۆژەی
جوانی بە جێی هێشتموو نەهی لە هەژاری کرد
کە وتی عاشقی تۆم نامۆ بووم لەگەڵ عەشق
شێتانە خۆشم دەویست ئەو بە دڵم یاری کرد
وتی دڵو گوڵو گڵم تۆی دڵ بدە دەستم
درِ درِی کرد ئەو دڵەی خۆی فێری دڵداری کرد
وتی بەس تۆ، بێ تۆ ناژیم بێ من مەژی کەچی
دڵو عەشقی بردمو کوشتنیو ئینکاری کرد
وتی تۆ منی، من تۆم دڵم خۆ تا دڵت خۆم
عاشقانە دڵی خواردم ئەوەندەی راستکاری کرد
رۆژ لە ژوانی مانگ بوو شەو هەتاوی ماچ دەکرد
لە رۆیای، عەشقی خۆیدا یادم خەیاڵ سواری کرد
لە خەیاڵیا خۆی وەک گوڵۆ تیشکو پەری ئەدی
پەریو گوڵ جوانیان نەداو تیشکیش بێ بەهاری کرد
کە تابۆتی خۆ پێ بووتی خۆی شکاند هاتەوە
وەک دڵم شکا بوو سوجدەی شەرمەزاری کرد
کە دیتی رەنگی زەردو چاوی پرِ لە فرمێسکم
زانی بە ئێشە ژانم هەستی بە برینداری کرد
وتی من بێ وەفا بووم، یانێ تۆش دەبی بە من؟
دڵ نەبوو بەو بە ماچێ فێری وەفاداری کرد
وتی یاران بێ وەفایی ژەهرەو وەفا ژیانە
بە وەفاوە ژیانە ئەو بۆ عەشق هەژاری کرد



# ئانتۆلۆژی لە روانگەی برۆنۆدا

م. عاتف راد    و. عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا پوور (چیا)



بۆ جۆردانۆ برۆنۆ بوون بێکۆتاییو بێسنووره. ئەو زەوی پێ وەك دەنکە چەوێکە، لە نێو بیابانی بێ کۆتاییو بێ سنووردا.

بە بڕوای ئەو جیهانی بێ سنووری بوون خاوەن پاژگەلێکی بێئەژمارە کە هەرکامەیان بۆ خۆیان جیهانێکی تەواو پێك دێنن، بەڵام ئەم جیهانە لەئەژمارنەهاتووانەی کە وەکی برۆنۆ باوەڕی پێیەتی، هەن، لە دوایین لێکدانەوەدا، هەموو لە یەکانەکییەکدا، کە هەر ئەو گشتێتییەی بوونە، تێکەڵ بە یەکتر دەبنو دەبنە یەك. برۆنۆ ئەم بیردۆزەی لە "ئەسڵی هاوبوونی دژ بە یەکەکان" کە خاوەنەکەی نیکۆلاس کۆسانوس بوو، وەرگرتووە. جیهانی بوون پڕە لە ناکۆکیو ناهاوچەشنێتی، بەڵام هەمووی ئەوانە رێگر نین لەوە کە لە دوایین قۆناغو دوایین لێکدانەوەدا، بوون خاوەن گەوهەرێکی یەکانە (تاقانە) بێت. ئەم گەوهەرە تاقانەیە کە خاوەن دەرکەوتەگەلێکی جۆربەجۆری لە ئەژمار نەهاتووو سەر رێژە لە جیاوازیو شەڕ لەگەڵ یەکتر کردن، سەرچاوەی یەکەمین بوونی تاقانەیە.

بۆ برۆنۆ لە جیهانی بووندا دوو توخمی سەرەکی بوونیان هەیە: مادە ـ روخسار. ئەم دووانە هیچکات لێك جیا نین. ئەمە هەر ئەو ئەندێشە ئەرستۆیییەیە کە برۆنۆ پەسندی دەکا.

بەڵام بە بۆچوونی برۆنۆ مادە چییە؟ بە لێکدانەوەیەك دەتوانین بڵێین بە بۆچوونی برۆنۆ مادە بنەڕەتی هەموو ئەو شتانەیە کە هەن، یان هەر ئەو مادە یەکەمینە ئەرەستۆییە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە مادەی یەکەمینی ئەرەستۆیی مادەیەکی بێناوەرۆکە، توانستی هاتنەدی یان ئیمکانێکی پەتییە. لە کاتێکدا کە لای برۆنۆ، مادە دەبێ بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیڤ وەدی بێتو لەم بنەمایەی خۆی جیا نابێتەوە، وەدیهاتنی ئۆبژێکتیڤی مادە کاتێك دەلوێت کە روخساری بدرێتێ. و چونکە بە بۆچوونی برۆنۆ، روخسارو تەن هەرگیز لێك جیا نین. کەوایە تەن هەمیشە وەدیهاتوو، راستینو خاوەن کردارە. بە بۆچوونی برۆنۆ بوونی بێکۆتایی و ناسنووردار، لە سەر واتای رۆحی جیهانی راوەستاوە. واتە جیهانی بوون لە روانگەی برۆنۆدا بوونەوەرێکی زیندووی خۆبزۆزی بە باشترین رادە رێکخراوە کە هەموو شتەکانی خاوەن تایبەتمەندیی ژیانە. ئەم رۆحە جیهانییە خاوەن ئەقڵو تێگەیشتنی جیهانییە. ئەو بۆچوونەی کە لە لای ئەفلاتونییەکانی سەردەمی رنێسانسیش دەبیندرێ، لە فەلسەفەی برۆنۆدا خەسڵەتێکی تایبەتی بە خۆیەوە گرتوە. رۆحی جیهانی برۆنۆ خاوەن خەسڵەتی هزرینو تێفکرینەو بە هۆکاری چالاکیی سروشتی جیهانی بوون دێتە ئەژمار. برۆنۆ ئەو رۆحە بە جێنشینی هۆکاری بزۆزی گەڕانی بەردەوام و زاتی سروشت لە قەڵەم دەدات. برۆنۆ دەڵێ: راستە کە بوون لە تەوایەتی خۆیدا زیندوو، خاوەن رۆحو چالاکو بزۆزە. بەڵام ئەمە بەم واتایە نیە کە پێست لەبەر ئەوەی کە پێستم یان شیشە لەبەر ئەوەی کە شیشەیە خاوەن رۆح بێت. بەڵکوو بەم واتایەیە کە پێستو شوشەو هەموو شتەکانی دیکە بەشگەلێك لە تەواویەتی بوون پێك دێنن کە بە شێوەیەك کە دەتوانن وێنە یاخود کردارگەلێك لە خۆیان دەنوێنن. و ئەم وێنەو کردرانە وەك بەشەکانی ئەو تەوایەتە هەموویان لە رەوتی بزوتنو ژیانی بووندا بەشداری دەکەن.

برۆنۆ بوون لە خۆیداو لە خۆی سەقامگرتوودا وێنا دەکاو لەم چوارچێوەیەدا خوڵقێنەری بوون بۆ ئەو واتایەکی دیاریکراو پەیدا دەکا. ئەم خوڵقێنەرە هەم لە جیهان دایەو هەمیش لە دەرەوەی جیهاندا، هەم خودی جیهانەو هەمیش شتێکی دیکەیە جگە لە جیهان. خوڵقێنەری بەرمەبەستی برۆنۆ بێ کۆتاییە. ئەو لە سروشت دایەو سروشتیش لەودا پێوەندی نێوان سروشتو خوڵقێنەرەکەی لای برۆنۆ جۆرێك پانتئیسم یان فرەخوایییە. خودای برۆنۆ هەم لە ناو کردارەکانی جیهانی بوون دایەو هەم بانتر لە کردارەکانی جیهانە. هەر گەوهەرێك لە جیهانی بووندا گەوهەرێکی خودایی-یەو هەر دەرکەوتەیەك، دەرکەوتنی بوونی خوڵقێنەرە.

ئەوەی کە لە ئانتۆلۆژیی برۆنۆدا گرنگی هەیە باوەڕی ئەو بە یەکیەتیی جیهانی بوونە. ئەگەر چی ئەم یەکیەتییە لە واتایەکی ئەبستراکتداو لە ژێر ناوی رۆحی جیهانیدا کورت دەبێتەوە. برۆنۆ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بنەمای هەموو بوونەوەرەکانی گەردوون، گەوهەرێکی تاكو تەنیایە کە خاوەن هێزێکی خوڵقێنەرانەی ناسنووردارە. ئەسڵی بنەمای بوونی برۆنۆ بریتییە لەو هێزەی کە شوێن لە سەر بینای شتەکان دادەنێتو، لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانو جۆراوجۆرییەکانی نێوان دەکەوتەکانی بووندا، هەمووکات بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

رۆحی جیهانی برۆنۆ کە لە روانگەی ئەودا بە کۆڵەکەی سەرەکی بوون دەزانرێتو هەروەها بە ئەسڵێکیش کە وێنە بە جیهان دەبەخشێت، یان سەرچاوەی هەر شێوە هاندەرو بزووتنەوەو گۆڕانو کردارو پەرچەکردارێکە لە جیهانی بووندا. لە روانگەی برۆنۆ دا هەموو شتێك خەریکی تێپەرینو گۆڕانە. لێکدژەکان دەبنە یەك. ئەوین دەبێتە رقو قین، رقو قینیش دەبێتە ئەوینو خۆشەویستی. ژەهرەکان دەبنە دەوای چارەسەریو بە پێچەوانەوە. دەواکان دەبنە مەرگ هێنەرو ژەهراوی.

برۆنۆ لە سەر ئەو باوەرەیە کە هەموو ئەو جیهانە پاژەکییە لەئەژمارنەهاتووانە، کە پڕکەرەوەی بوونن، ئینتیمایان بۆ گەیشتن بە شێوەیەکی "کمینە" هەیە ـ ئەو "کمینە"یە لە بیرکاریدا، خاڵو لە سروشتدا ئەتۆمی ناوە. "یکای" بوون بە واتای فەلسەفەی برۆنۆ پێی دەڵێ "مۆناد".

"مۆناد" ئەسڵی "کمینە"ی ئانتی فەلسەفەی بەرامبەرە بە سروشتی بێکۆتاییو بێسنووری پێکەوە گرێدراو، تاقانەو یەکگرتوو لە هەموو شێوەکانو سەرچاوە بە سەرچاوە لە رواڵەتدا لێك دابراوو جۆراوجۆر لەیەکتر. وەك ئەسڵی پێشینەی بوون فەلسەفییە. لە روانگەی برۆنۆدا هەر "کمینە"یەکی بوون هەر لەو کاتەدا بە روانگەیەکی دیکە پێشینەیە، یان خەریکی بوون بە پێشینەیەو بە پێچەوانەشەوە. و ئەم دوو شتە لێك جیاوازو پارادۆکسیکاڵە، هاوکات لەگەڵ یەکتر دەبیندرێنەوەو دەبنە یەکیش.

لەسەر بناخەی ئەم گۆڕینو گۆڕانی بەردەوامەدا، بوونی برۆنۆ بەرفراوان دەبێتەوەو گەشە دەکاتو، لە هەموو کاتێکدا لە تەوایەتی خۆیدا بێکۆتاییو بێ-سنوورە.




## هێراکلیتووس:

٥٠٠ ساڵ پێش زایین لە شاری ئێفەسوس کە یەکێك لە شارەکانی ئاسیای بچوك لە یونان‌دا بوو، هاتە دنیا. دیارە لە سەر کاتی لە دایك بوونەکەی کێشە هەیەو هێندێك کەس دەی بەنەوە بۆ ٥٥٠ ساڵ پێش لە زایین. هێراکلیتووس یەکێك لەو فەیلەسووفانەیە کە لە لایەن فەیلەسووفانی سەردەمی نوێوە گرنگی پێ دراوەو زۆری بۆ گەڕاونەتەوە.

هەرچەند شاری ئێفەسوس لە نزیك میلتووس هەڵ کەوتبوو، بەڵام هێراکلیتووس خاوەن بۆچوونگەلێکی بە تەواوی جیاواز لە سێ فەیلەسووفەکەی میلتووس بوو. ئەو مرۆڤێکی ژیرو ئاقڵ بوو کە بۆ ماوەیەکی ئێجگار دوورودرێژ هزرینی فەلسەفییانەی خستە ژێر کارتێکەریی خۆیەوە. سوکرات دەڵێت، مێشکێکی زیتەڵەو چالاك پێویستە هەتا لە رستەکانی هێراکلیتووس تێ بگات. گەلێك لە فەیلەسووفانی سەدەکانی دواترو لەوانە مارکسو ئێنگلس بە رێزەوە لە سەر هێراکلیتووس دەدوێن.

پرسیاری بنەمایی هێراکلیتووس ئەوە نەبوو کە جیهان لە چی دروست بووە، بەڵکوو زیاتر گرنگی بە گۆڕانکارییەکانی سروشتو چۆنیەتیی ئەم گۆڕانکارییانە دەداو، لەگۆڕاندا بوونو گۆڕانکاریی بەردەوامی بە سرشتو خەسڵەتی سروشت دەزانی. ئەو پێی وا بوو کە ئاگر ژێدەرو سەرەتای هەموو شتێکە، هەڵبەت ئاگر بۆ هێراکلیتووس هەر ئەو رۆڵە ناگێڕێت کە بۆ وێنە ئاو بۆ تالیس دەی گێڕێت. ئەو زیاتر ئاگر وەك شتێکی سەمبۆلیك دەبینێت. بۆ نموونە ئەم پرسە دێنێتە گۆڕێ کە ئەگەر (ب) بە مادەیەکی سەرەتایی بزانین کە دەگۆڕێتو دەبێتە (ج)و پاشانیش (ج) دەبێتە (د)، بەڵام چونکە ئەم رەوتە پێچەوانەکەشی هەر ئەگەری هاتنەدی هەیە، کەواتە (ج) هەم دەتوانێت ببێتە (ب)و (د)و (د)یش دەتوانێت ببێتە (ب)و (ج). بۆیەشە ئەو شتەی کە گرنگە زاتی ئەم گۆڕانکارییانەیە، نەك مادە سەرەتاییەکە.

باوەڕەکانی هێراکلیتووس بە تەواوی لە سەر بنچینەی گۆڕانکارییەکانی سروشت دامەزرابوون. ئەو پێی وا بوو کە ناتوانین دوو جار لە چۆمێکدا مەلە بکەین. چونکە کاتێك کە بۆ دووهەم جار دەچینە نێو چۆمەکە، نە ئێمە ئەو مرۆڤەی جاری یەکەمین و نە چۆمەکەش چۆمی جاری یەکەمە. بە کورتی گۆڕانو گۆڕانکاری رەهەندی یەکەمی دۆکتۆرینی هێراکلیتووس پێك دێنێت.

رەهەندی دووەمی دۆکتۆرینی هێراکلیتووس شەڕو هاودژێتیو کێشمەکێشی نێوان دژبەرەکانو لێکدژەکانە. ئەو دەی گوت کە جیهان خواکانو مرۆڤەکان دروستیان نەکردوە، بەڵکوو هەمیشە هەر هەبووەو دەشبێتو ئەمە هاودژیو خەباتی نێوان دژەکانە کە جوڵەو بزۆزیو گۆڕان دەبەخشێتە جیهان. ئەو مردنی کەسێکی بە پێویستی ژیانی کەسێکی دیکە لە قەڵەم دەدا. هەروەها چاکەو خراپەی بە یەك شت دەزانی کە لە زەینی مرۆڤە جۆربەجۆرەکان‌دا واتای جیاواز بەدەستەوە دەدەن. ئەو لەم باوەڕەدا بوو ئەو شتەی کە لای کەسێك چاکە، رەنگە کەسێکی دیکە بە خراپە بینرخێنێتو بە پێچەوانەش هەر دەلوێت، هەروەها دەی گوت خەمو خۆشی دوو شتن کە پێویستییان پێك هەیە. ئەو لە رستەیەکدا دەڵێت:"دەریا خاوێنترینو چەپەڵترین ئاوەکانە. چونکە بۆ ماسی خاوێنترین شوێنە بۆ ژیانو زیان بە مرۆڤیش دەگەیەنێتو ناتوانێت بیخواتەوە."

وەکی لەو رستەیەی کە لە پاراگرافی سەرەوە هێنامانەوە دەردەکەوێت، هێراکلیتووسیش هەروەك دیتر یونانییەکان باوەڕی بە جیهانی هەرمانو سەرمەدی هەبوو. هەڵبەت وتەزای خوا لای هێراکلیتووس هەر ئەو مانایەی ئۆستوورەکانو خوای ئاسمانی ناگەیەنێت، چونکە لە چەند شوێن‌دا یەپڤی لۆگۆس بە مانای ئاوەزو لۆژیك بەکار دەبات. خوای ئەو خوایەکە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە پێکدادانی دژەکان‌دا بەدی دەکرێتو، لە راستی‌دا هێراکلیتووس ئەو لۆژیکە بە خوا یاخود لۆگۆس ناودێر دەکات کە لە رێگای دژەکانەوە گۆڕانکارییەکانی سروشت کۆنترۆڵ دەکات. هێراکلیتووس کەسێکی گۆشەگیرو دوورەپەرێز بوو، چونکە پێی وا بوو کە مرۆڤەکان دەگۆڕێنو ئەو کەسەی ئەمرۆکە دۆستتە، لەوانەیە سبەینێ بێتە دوژمنو بە پێچەوانەشەوە، بۆیەشە هەردەم خۆی لە خەڵك دوور دەگرت. لەم روویەوە خەڵکی حەکیمی گراینیشیان پێ دەگوت.

ئەو دەی گوت: خۆرەتاو هەموو رۆژێك تازەیە.

پارادۆکس رێك کەوتنەو، لە شتە پێکدژەکان جوانترین هاوئاهەنگییەکان بیچم دەگرن.

زانایی یەك شتە، زانینی ئەو شتەی بە سەر هەمووان‌دا حوکمڕانی دەکات.

شەڕ لە شتەکان‌دا گشتگیرەو رووبەڕوو بوونەوە دادپەروەرییەو هەموو شتێك لە رێگای ململانێو پێویستییەوە بەدی دێت.

من لە پەیجۆریی خۆمدا بووم.

# ناودارانی ئەدەبیات

ئازاد شێخی



خوێنەرانی بەڕێز
خوێنەرانی بەرێز!

لە چەند ژمارەی رابردووی ئەم رۆژنامەیەدا، هەر لەم ستوونەدا هەوڵ درا بە گوێرەی تواناو پێویست ئاوڕێك بدرێتەوە لە ژیانی ئەدیبانو هونەرمەندانو شاعیران... کە لە ئاستی جیهانی یان ناوچەیی یان لانیکەم لە وڵاتەکانی خۆیان‌دا کەسایەتییەك بوونو جێ پەنجەیان لە سەر هونەرو ئەدەبیات بە گشتی دیار بووە. ئەمەش تەنیا بەو مەبەستە هاتە ئارا کە لەم رێگەیەوە خوێنەری بەڕێزی کورد یان باشتر بڵێم رۆژنامەی کوردستان کورتە شارەزاییو زانیارییەکیان لە سەر ژیانو کارو خزمەتو بەرهەمی ئەو نووسەرانە هەبێ.

بۆیە لە لای خۆمەوە هەر جارەی کە رۆژنامەی کوردستان بڵاو بووەوە، چاوەڕوانی رەخنەو پێشنیاری دۆستانو خوێنەرانی خاوەن ئەزموونو وردبینم دەکرد، بۆیە بڵاوبوونەوەی ئەو لە تاوەکوو پازدە ستوونەی کە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێزی کەوتو کۆمەڵێك رەخنەی دروستو بەجێ رووبەڕووی ستوونەکە کرایەوە بە تایبەت لە سەر رێکەوتو ژیانو کۆچی ناودارانی ئەدەبیاتو...

بۆیە لێرەدا وێڕای سوپاسو پێزانینو دەستخۆشی لەو خوێنەرە بەڕێزانەی کە بە چاوێکی رەخنەگرانەوە دەڕواننە رۆژنامەی کوردستانو بە تایبەت خوێنەرانی ئەدەبو هونەریو بە هی خۆیانی دەزانن، هەوڵ بۆ باشتر کردنی دەدەن بە تایبەت دەستخۆشی لە د. جەمشید حەیدەریو کاك رەسووڵ ئیزەدپەنا... دەکەم کە بە ناردنی روونکردنەوەکانیانو راستکردنەوەی هەڵەکانی هێندێك لە ستوونەکان دڵسۆزی خۆیان بۆ رۆژنامەکەو ئەم ستوونە زیاتر سەلماند.

لە رۆژنامەکەدا لەسەر پۆشکین هاتوە،
هەڵە: ١٧٨٩ ـ ١٨٣٨ —— راست: ١٧٩٩ ـ ١٩٣٧

لە رۆژنامەدا لەسەر تورگنیف ئەیوان هاتوە:
هەڵە: ١٨٨٠ ـ ١٩٤٥ —— راست: ١٨١٨ ـ ١٨٨٢

هەر بۆیە خوێنەرانی رۆژنامەی کوردستانو بە تایبەت ئەم ستوونە ئاگادار دەکەینەوە لە بەر ئەوەی ئەو سەرچاوەی کە کەڵکی لێ وەردەگرین بۆ ناساندنی ئەدیبانو ... و "گنجینەهای دانش مجموعەای از اطلاعات عمومی بەرگی دووهەم لە ئامادەکردنی سەید کازمی خەلخالی، سەید محمود ئەخەتریان، رحیم چاوس اکبری، چاپی ١٣٧٨" هەڵەو کەموکورتی زۆری تێدایەو هەموو رەخنەی خوێنەرانیش لە جێی خۆی دایە.

لە رۆژەکانی داهاتوودا گۆڕانێکی لە نێو نێوەرۆکدا بەسەر دا دێنین بە تایبەت هەوڵ دەدەین لەسەر ئەدیبانی گەلان لە ستوونەکانی داهاتوودا بیبینە خزمەتتان. ئەو چاوەڕوانییەشمان لە خوێنەرانی بەڕێز هەیە هەر وەك پێشوو بە چاوی رەخنە بڕوانن لە ناوەرۆکی باسەکانی ئەم ستوونەو گەر لە راستای ناساندنی ئەدەبیاتی گەلانیش‌دا بەرهەمێکی چەند برگەییان هەیە بۆمانی بنێرن تاوەکوو بە پێی پێویستو گونجاو بڵاو بکرێتەوو خوێنەران کەڵکی لێ-وەرگرن.

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیرورای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بلاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# تێڕوانینێکی یاسایی لە فیقهی ئیسلامیی کۆن و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئیسلام

(بەشی دووەمو کۆتایی)

ئاسۆ شنۆیی

**لە ئایینی ئیسلام یان لانیکەم لە خوێندنەوەی سوننەتی بۆ ئیسلام لە نێوان موسوڵمانو باوەڕدارانی غەیری دینی ئیسلام دا فەرقو جیاوازییەکی زۆر دەبینرێ. دەتوانم بڵێم کە لەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ئیسلامدا هاووڵاتی پلە یەکو پلە دووو پلە سێو پلە چواریش دەتوانین دەست نیشان کەین.**

ئەهلی کتێبی پەیماندارو بێ پەیمان (ذمیو غیر ذمی، معاهدو حربی)و موسڵمانە پاشەگەزبووەکان لە مافی تۆڵەسەندنەوە (قصاص) بێبەشو خوێنیان بە فیڕۆ چووەو ناتوانن بکوژی موسوڵمان بکوژنەوە لە بەر ئەوەی کە لە بەینی بکوژو کوژراو (قاتل و مقتول)دا هاوشانی (لە ئیسلام و ئازاد بوون دا) نیەو ناموسوڵمانەکان بە هۆی کوفرەکەی ناتەواوەو موسوڵمانەکە بە پێچەوانەوە مرۆڤێکی تەواوە.[2]

سەرجەم لە خوێندنەوەی سوننەتی بۆ ئیسلام، ئەوە مرۆڤ نیە کە نرخی هەیە، بەڵکوو ئەوە بیروباوەڕە ئایینیەکەیەتی کە نرخ دەداتە ئینسان. باوەڕداری بە ئایدیۆلۆژیاو ئایینی ناهەق دەبێتە هۆی بێڕێزی بەو مرۆڤەی کە ئەو چەشنە باوەڕەی هەیە. ئەو نەوعە کەسانە حیسێبی بۆ دەکرێو بە چاوی سووك سەیریان دەکرێو نرخێکیان نیەو تەنیا لە کاتێك دا دەتوانن نرخیان هەبێو ئابروو خوێنیان مسۆگەر بێ کە موسوڵمان بن.

لە ڕێڕەوانی ئەهلی کتێب بۆ ڕاگرتنو پەنادانیان دەبێ "جزیە" وەربگیرێو تەنیا ئەو مافەش بۆ سێ دەستەی جوولەکە، نەساراو زەردەشتییەکانەو کەسانی دیکەی وەکوو بەهاییو عەلیوڵڵایەکانو.... لەم مافە بێبەشن.

خواردن لە گۆشتی ئەو پاتاڵانەی کە بێباوەڕەکانی مەجووسیو بوتپەرەستو لە دین پاشگەز بوو (مرتد) سەریان بڕیون حەرامەو نابێ موسوڵمان لێی بخوا جگە لەوەش موسوڵمان ناتوانێ لەگەڵ کچو ژنەکانی ئەوان، زەماوەند بکا.

یەکێك لە حەددە شەرعیەکان قەزفە (قذف). قەزف یانی ئەوەی کە تۆمەتی کاری ناشەرعی سێکسی بدەیە پاڵی کەسێك. لە بەڕێوەبردنی ئەم حوکمە ئیسلام شەرتێکی بنەڕەتییە، بەڵام بۆ ناموسوڵمان تۆمەتی لەم چەشنە حەددی نیە هەرچەند کە دەتوانرێ تەعزیرو سزای شەرعی (تۆمەت لێدەر) قازێف بدرێ بەڵام حەددی شەرعی نیە.[3]

شایەدی ناموسوڵمان دژی موسوڵمان بیستراو نیە؛ بەو چەشنە دادەوری کردنی ناموسوڵمان بۆ موسوڵمان ڕەوا نیە. بە هیچ شێوەیەك هەق نیە ناموسوڵمان لە گۆڕستانی موسوڵمانان دا بنێژرێ.

ئاشکرایە کە لە ئیسلامی سوونەتی دا مرۆڤ وەکوو خۆی هیچ چەشنە مافێکی نیە. لە مافی ئینسانیو سروشتی (حقوق ذاتی و طبیعی انسان) بەهرەمەند نیە، لە ئیسلامی سوونەتیی مێژووی ئێمەدا، ئەسڵ لە سەر ئەرکە نە مافو بە کورتی لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا، دەتوانین بڵێین مافی موسوڵمانان یان باوەڕداران لە دەقە شەرعییەکان دا دیاری کراوە، مافی موسڵمان یان باوەڕدارانە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بڵێین بەم جۆرەی کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ (١٩٤٨)و میساقی نێونەتەوەیی مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو میساقی مافی مەدەنیو سیاسی ١٩٦٦ جەخت لە سەر مافی مرۆڤ بەدەر لە ئایینو ئایدیۆلۆژیاو ڕەگەزو ڕەنگ کراوە لە ئیسلامی مێژوویی سوونەتیدا داکۆکی لەسەر "مافی مرۆڤ" بەگشتی کرابێ.

لە بڕگەی یەکەمی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دا (١٩٤٨)دا هاتوە "تەواوی مرۆڤەکان بە پلەو مافی بەرانبەر دێنە سەر جیهان" یاخود لە ماددەی دووهەم دا هاتوە کە "هەر کەس بە بێ جیاوازی بەتایبەت لە لانی ئایینیەوە لەکۆی ئەو مافو ئازادییانەی کە لەو جاڕنامەیەدا هاتوون بەهرەمەندە" لە ماددەی سێهەمیش دا دەڵێ "هەموو کەس مافی ژیان، ئازادیو ئاسایشی تاکە کەسیی هەیە." یا ماددەی حەوتیش کە باس لە بەرانبەریی هەموو کەس لە بەردەم یاسادا دەکاو بە داکۆکییەوە هەر چەشنە هەڵاواردنێك ڕەت دەکاتەوە.

هەمووی ئەو بڕگانە لە گەڵ ئیسلامی سوننەتی لە دژایەتییەکی ڕوونو ئاشکرادان. لە ئیسلامی سوننەتیدا هەموو مرۆڤەکان بە شێوەیەکی شاراوەو لێهاتەیی (بالقوە) پلەی یەکسانیان هەیە، بەڵام مافی بەرانبەریان نیەو موسوڵمانان بە چاوی نەزان چاو لە ناموسوڵمانان دەکەنو پێیان وایە کە لاڕێنەو دەبێ جگە لە جیهانی دیکە (قیامەت) لەم دونیایەش مافێکی ئەوتۆیان نەبێ.

### نابەرانبەریی مافەکانی ژنو پیاو

دووهەمین ڕەهەندی جیاوازیو دژایەتیی ئیسلامی سوننەتی لەگەڵ مافی مرۆڤ، یەکسان نەبوونی مافەکانی ژنو پیاوە، جینسیەت هۆکاری دووهەمە کە دەبێتە هۆی جیاوازیی یاسایی نێوان ژنو پیاو. لە حوکمە بازرگانەکانو مافەکانی پێوەست بە پەرستن (عبادت) ژنو پیاو وەکوو یەکن، بەڵام لە بواری مافەکانی مەدەنی، جەزاییو کەیفەریدا جینسیەت دەبێتە هۆکاری جیاوازیی یاسایی لە نێوان ژنو پیاودا.

لە هێندێك کات دا جیاوازیی مافی ژنو پیاو لە قازانجی ژن دایە، بۆ وێنە لەو بەشەدا کە تەنیا پیاو بەرپرسی دەخڵو داهاتی بنەماڵەیەو ئەشێ خەرجی بنەماڵە بکێشێ، دەوڵەمەندیی ژن هیچ لەم حوکمە ناگۆڕێ. لە کاتی جیابوونەوەی دایكو باوکی منداڵیش لە یەکتر؛ هەر دەبێ



باوکی منداڵەکان نەفەقەیان بکێشێ[4]، ژنان ناچن بۆ بەرەکانی شەڕ، کوشتنی ژنان لە بەرەکانی شەڕدا نادروستە، ژنانی ئەهلی کتێب لە دانی جێزیە بە دەوڵەتی ئیسلامی معافن؛ هەروەها ژنان بۆیان هەیە نەچنە نوێژی ڕۆژی جومعە.

بەڵام جگە لەو خاڵانەی سەرەوە لە زۆر کات دا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ژنو پیاودا بەدی دەکرێ؛ لەوانە دەتوانین ئاماژە بەم پێنج پلەیەی خوارەوە بکەین کە ژن بۆی نیە خاوەنیان بێ. ژن بۆی نیە ببێتە خەلیفە یان ئیمامی ئەعزەم [5]، ناتوانێ ببێتە قازی،[6] ناتوانێ ببێتە مەرجەعی شوێنکەوتن[7]، لەو کاتانەی کە مەئمومەکانی نوێژ خوێندن پیاو بن، ژن ناتوانێ ببێتە ئیمامی جومعەو جەماعەت[8] سەرجەم ژنان ناتوانن لە بەڕێوەبەرایەتیی سیاسیی دادوەریو ڕێبەرایەتیی ئایینیدا نەخشێکیان هەبێ.

خوێنبەهای ژن نیوەی پیاوە [9]. ئاخۆ وەڵاممان چیە بۆ ئەو کەسانەی تانەی ئەوەمان لێدەدەن کە لە ئیسلامی سوننەتیدا ژن لە باری ئابوورییەوە نیوەی پیاوی نرخ پێدراوە. ئەگەر بێتو ژنێکی موسوڵمان بە دەستی پیاوێکی موسوڵمان بکوژرێو خاوەن خوێنی ژنەکە بخوازن تۆڵە بستێننەوە، دەبێ ڕێك نرخی دیەی ژنە کوژراوەکە بدەن بە بکوژەکە جا ئەوسا دەتوانن قاتڵەکە بکوژنەوە؟ دیارە لە خوێنبەهای ئەندامەکانی لەشیش دا، ئەگەر دیەی ئەندام زیاتر لە ١/٣ دیەی تەواو بێ، دیەی ژن نیوەی دیەی پیاو دێتە ئەژمار.

لە ئیسلامی سوننەتیدا شایەتیدانی ژنان لە دادگاکان دا لە زۆربەی کات وەرناگیرێ؛ بۆ وێنە لە "شەڕی ئۆپوزیسیۆنی ناو دەسەڵات لە گەڵ دەوڵەتی موسڵمان (محاربە)، دزین، خواردنەوەی ئارەق، قەزف، لیوات، گەوادیو موساحەقە"و هەروەها لەو شکاتکاریانەی کە ڕەهەندی داراییان نیە وەکوو موسوڵمان بوون، باڵغ بوون، دیتنی مانگ بۆ هاتنی ڕەمەزان یان تەواوبوونی ڕەمەزان، لەو بوارانەدا شایەتیدانی دەیان ژن بە قەرای شایەتیدانی دوو پیاو نرخی نیە. لە چەندین کێشەدا شەهادەتی ژنی عادڵ گوێی بۆ ناگیرێو سەرجەم شایەتی-دانی دوو ژن بارتەقای یەك پیاوە بە واتایەکی تر لە خانەی شایەتیدانی قەزاییدا ژن یان نیوەی پیاوە یان هەر بوونی بۆ نیەو بێ ئیعتیبارە.

گەرچی لە پەیمانی زەماوەنددا ڕازیبوونی هەر دووکی کچو کوڕ پێویستەو شەرتی نێکاحەکەیە بەڵام بە ئێستاشەوە مافی جیابوونەوە هەر بە پیاوەو مافی "خلع" کە بۆ ژن دیاریکراوە لێی زەوت کراوە.

هەرچەند ئەم باسە لەوە زیاتر هەڵدەگرێو تاوتوێی زێدەتری دەوێ، بەڵام پێویستە لە نوێگەریو چاکسازیی کۆمەڵگەی کوردەواریی خۆمان وەکوو کۆمەڵگەیەکی زۆرینە موسوڵمان کە بەشێکی بنەڕەتی لە فەرهەنگو کولتووری خۆی لە دابو نەریتی ئیسلامی وەرگرتوە، بەر لە هەموو شتێك لە بواری ئایینییەوە، ئیسلاحو چاکسازیی بیرو مەعریفەی ئایینی بکرێ - هەر وەك بەر لە قۆناغی ڕۆشەنگەری لە ئورووپا ڕیفۆرمی ئایینی بەڕێوە چوو - و هەر لە سوننەت دا قەولی ئەوە بدرێ کە خۆگونجاندنێك لەگەڵ مۆدێڕنیتە بکرێو نوێگەرییەکی خۆماڵی وەکوو وڵاتی هیند بە ئەنجام بگاو بتوانن بناغەی گەشەسەندنێکی فرەڕەهەندی ئایینی، کولتووری ، سیاسی، پەروەردەییو.... بۆ کومەڵگەکەمان دابڕێژین.

(١)

١ـ فقەالمنهجی ج ٨ ل ٣٩ یان وەگێڕاوەی فارسی فقةالسنة ج٣ل ١٩٦٤ـ١٩٦٥

٢ـ بڕوانە کتێبە فیقهییەکان بۆ وێنە کتێبی فقەالمنهجی ج٨ل ٢٩

٣ـ فقە آسان، احمد عیسی عاشور ل٥٧٠

٤ـ بڕوانە فقەالمنهجی ج٩ل ١٦٧ـ١٦٩

٥ـ هەمان سەرچاوە ج٩ل ٢٣٠

٦ـ هەمان سەرچاوە ج٩ل ١٥٩

٧ـ لەنێو موسڵمانە شیعەکان دا

٨ـ فقە آسان ل ١٦١ـ١٦٢

٩ـ فقە المنهجی ج٣ل ١٦٧ـ١٦٩

## پەیڤ

# پیاوە ئەمنییەتییەکانی نێو کەمپەکان

*سامان فەقێ نەبێ*

**نیچە فیلسوفی ئاڵمانی سەدەی نۆزدەیەم، بە چەند وشە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان مرۆڤەکان بە تایبەت مرۆڤە شەڕکەرەکانی دۆزیوەتەوەو بە دروستی پێکاوێتی. نیچە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤە شەڕکەرەکان لە کاتی ئاگربەست یان ڕاگرتنی شەڕدا دەکەونە گیانی خۆیان. لەم سۆنگەیەوە مرۆڤی شەڕکەر نابێ هەگیز بێکار بمێنێتەوە، ئەگینا کارەسات دەخوڵقێنێ.**

ئەگەر بەوردی ئاوڕ لە ئەساسی گیروگرفتەکانی نێو پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەینەوەو خەسارناسییەکی لەتبوونی پەیتاپەیتای ئەو پارتانە بکەین، دەردەکەوێ کە سەرچاوەی سەرەکیی کێشەکان کەسانێکن کە دەتوانین لە لایەك وەکوو سیمبۆلی بەرخۆدانو حەماسە خوڵقێنەکانی دەیەی ٦٠و سەرەتای دەیەی ٧٠و لەلایەکی دیکە وەکوو پیاوە ئەمنییەتییەکانی(*) ئێستا پێناسەیان بکەین.

ئەو بەشە لە پێکهێنانی ئینسانیی ئەو پارتانە ئەگەرچی بەجەستە لە گۆڕەپانی شەڕو بەرەنگاریی چەکدارییدا نەماونو دیاردەی ئۆردوگانشینی بەشێکی بەرچاو لەو بایەخو شوناسە شۆڕشگێڕانەیەی ڕابردووی لێ کەم ڕەنگ کردوون، بەڵام بەشێکیان بەداخەوە بەرەبەرە دیاردەی سکتاریستم یان لەناو پارتەکانیان پەرە پێداوەو لەو چوارچێوەیەش دا بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ چەشنە بەهایەکی نەتەوەییو شۆڕشگێڕانە کە لە ڕابردوودا بۆ دەستەبەرکردنی تێکۆشان، لە جیاتی دوژمنی داگیرکەر، هاوسەنگەران یان ئەندامانی باقیی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتیان لێ بۆتە دوژمنو وێڕای ئەوەیکە خۆیان بە حەقی ڕەها دەژمێرن، لایەنەکانیتر بە خائین، ئاژاوەگێڕ، لادەر،.... لە قەڵەم دەدەنو بەم شێوەیە قەیرانسازی بۆتە بەشێك لە ناسنامەو کەسایەتیی ئەو کەسانە. شایانی ئاماژە پێکردنە کە ئەمڕۆکە کەمپەکانی پارتە سیاسی-یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سلێمانی، کۆیەو هەولێر بونەتە حەشارگەی ئەوجۆرە کەسانەی کە لە ڕابردوودا وەکوو قارەمانی مەیدانی خۆڕاگری لە بەرامبەر ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی دەهاتە ئەژمار، بەڵام ئێستا کە بوونەتە نوێنگەی داماوییو هۆکارێکی سەرەکیی بۆ دابڕانو ململانێی ناسالمی نێو پارتەکان. ئەگەرچی ئەم کەسانە ڕێژەیەکی یەکجار کەم لە حەشیمەتی ئەو کەمپانە پیك دەهێنن، بەڵام ڕوانگەی ئەمنییەتیو "توهم توطئە"ی ئەم کەسانە بۆتە هۆکارێك بۆ ڕەش بوونی سیمای پارتەکانیان. با ئاوڕێك لە ڕووداوەکانی ئەم ماوەیە بدەینەوە، لە کەمپێکی بناری قەرەداغ ئەو ئەقڵییەتە وا دەکا کە ئەو پێشمەرگانەی کەوتوونەتە شوێن پیاوە ئەمنییەتییەکانەوە تەقە لە یەکتر بکەنو لە کەمپێکی بناری باواجییش خۆبەزلزانی یەکێکیتر لەو پیاوە ئەمنییەتییانە دەبێتە هۆکارێك کە هێزەکانی ئاسایش بە گازی فرمێسك هێنەر خەڵکی نێو کەمپەکە لێك جیاکاتەوە!

هیچکات وتووێژێکی "عەلی یونسی" وەزیری ئیتلاعاتی پێشووی ڕێژیم لەگەڵ دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لەبیر ناکەم. ناوبراو باسی لەوە دەکرد کە "گروهکهای ضد انقلاب" (مەبەست حیزبی دێموکراتو کۆمەڵە) کاریگەرییان بەسەر خەڵکی کوردستان دا نەماوەو هەرکامیان لەنێو خۆیاندا خۆرەیان لێ پەیدا بووەو خەریکن خۆیان خۆیان چاڵ دەکەن...

ئێستا دەردەکەوێ کە بەشێك لە خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی لە ڕابردوداو پیاوە ئەمنییەتییەکانی ئێستای نێو کەمپەکانی باشوور، چلۆن ئاگایانە یان نائاگایانە لە ڕێگای پشتگوێ خستنی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیو تەرکیزکردنە سەر یەکتر بەمەبەستی بەرژەوەندیی حیزبی، جەناحی، تاکەکەسی،... ڕاستی بەشێك لەو بانگەشەیەی وەزیری ئیتلاعاتی پێشووی ڕێژیمیان سەلماند.

دەمارگرژیو دوگم بوونی پیاوە ئەمنییەتییەکانە لە نێو کەمپ و ئۆردووگاکانی باشوور (کە بەگشتی لە قەراخ شارەکانی کۆیە، سلێمانیو هەولێر هەڵکەوتوون) نیشاندەری ئەو ڕاستیە کە ژیانی نێو ئۆردوگا گەرچی تا ڕادەیەك ڕیفاهو خۆشگوزەرانیی بۆ ئەمان بە دیاری هێنا، بەڵام بەپێچەوانە ڕابردووی پڕشکۆو توانای داهێنانو لێبووردەیی شۆڕشگێڕانە لە هەمبەر یەکتری لێ ستاندنەوە. خۆنەگونجاندنو بەخۆدانەچوونەوەی پیاوە ئەمنییەتییەکانو سروشتی گەندەڵو ڕەقی نێو ئۆردووگا دەستیان دایە یەکتر تاکوو تەنانەت بەهاکانی شۆڕشو خەبات ببێتە گاڵتەجاری منداڵانی نێو ئەم کەمپانەو...

(*) لێرەدا پیاوە ئەمنییەتییەکان وەکوو چەمك بەکار هاتوەو مەبەست جۆری کەسایەتیو چەشنی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە نەك ئەو کەسانەی کە لە ئۆرگانە ئەمنییەتییەکان دا کار دەکەنو خۆبەخشانەو دڵسۆزانە هەوڵ دەدەن کە پیلانەکانی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوە.

# سوسیال دێموکراسی چیە؟

## ( بەشی سێزدەیەم )

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزمو سۆسیال دێموکراسیداو هەروەها مۆدێلو ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزییەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆنو ئان ماری لیندگرێنە.**

ئەو راستییە کە سۆسیال دێموکراسی خاوەندارێتی تاکیی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان قوبووڵ دەکات هەروەها بەو مانایە کە ئێمە هاندەری قازانج کردن وەک هێزی بزوێن لە بەرهەمهێنانی تایبەت سەیر دەکەین. ئێمە دەبێ دان بەوە دابنێین کە قازانج کردن لە سەرمایە یەکێک لە ئامرازەکانی کەڵک وەرگرتنی ماقوڵ لە سامانەکانە، تا ئەو جێیە کە بەرژەوەندی سەرمایە هاوسەنگ بێت لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی‌تر، بە جۆرێک کە "سوودی" بەرچاو بە یارمەتی کرێکاری کەم پێدراو یا خود بە فیڕۆ دانی سامانە سروشتییەکان وەدەست نەیەت. لە سیستەمی سۆڤیەت نرخی سەرمایە بە پێناسە سفر دیاری کرا بوو، ئەوە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بوو بۆ بەکار هێنانی سامانەکان بە شێوەیەکی ناکاریگەر. کەڵک وەرگرتنی ناکاریگەر لە سامانەکان لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵک ئاکامی زۆر کەمتر لەوەی کە دەبێ لە کاری خۆیان وەرگرن. ئەوە شتێکە کە هیچ یارمەتییەک بە ئاسایشی گشتی چینی کرێکار ناکات.

بەڵام جارێکی‌تر: ئەو راستییە کە سۆسیال دێموکراسی هاندەری سوود کردن وەک خۆی قوبووڵ دەکات، بەو مانایە نیە کە ئەو هاندەرە لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی‌تر دابنێت. ئەگەر وەها بایە ئەو کاتە فاکتەرەکانی‌تری بەرهەمهێنان وەک خەڵک و ژینگە بە شێوەیەکی نادروست کەڵکیان لێ وەر دەگیرا. هاندەری سوود کردن دەبێ لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی‌تر هاوسەنگ بێت: دێموکراسییەکی سیاسی کە توانای کردەوەی هەبێت، رێکخراوی بە هێز بۆ کرێکاران، کڕیاری پشت ئەستور بە یاسا.

سۆسیال دێموکراسی هەروەها پێی وا نیە کە هاندەری قازانج کردن بۆ گشت جۆرە چالاکییەک هێزی بزوێنە. هاندەری قازانج کردن دەبێ لە سیستەمی داد دا بە تەواوی قەدەغە بکرێت. ئەوە وەک ڕێسایەک و نەک ئامرازێکی شیاو ئەو خزمەتگوزارییانەش دەگەرێتەوە کە نابێ بە پێی مێکانیزمی نرخ دابەش بکرێن، وەک بۆ وێنە پەروەردە و فێرکردن و چاوەدێری تەندروستی.

جگە لەوە سۆسیال دێموکراسی لە سەر ئەو باوەڕەیە کە هۆی باش بۆ شێوازیتری خاوەندارێتی هاوتەریب لە گەڵ خاوەندارێتی تاکیی هەن، وەک ناوەندەکانی هەرەوەزی بەرهەم هێنەران یا کڕیاران. بۆ برەوپێدان بە چالاکی و گەشە کردنی بازار ئەوە گرنگە کە لایەنیتریش لە مەیدان دابن کە هێزی بزوێنەریتریان هەیە و کە بۆ ئامانجی جیاواز کار دەکەن.

ئەوە هەڵوێستێکی بنەڕەتییە کە سۆسیال دێموکراتەکان ڕەچاوی دەکەن: هیچ مۆدێلێکی یەک فۆرمی نیە کە بۆ هەموو شوێنێک گونجاو بێت و کە بۆ هەموو جۆرە چالاکییەک بە کەڵک بێت. هەندێک ڕێگا چارە شیاوی بەشێک لە چالاکییەکانن، شێوازیتری چالاکی پێویستییان بە ڕێگا چارەی بە تەواوی جیاواز هەیە. ئەوە سروشتی ئەو ئەرکەی کە لە بەر دەست دایە و ئامانجی چالاکییەکانە، کە دەبێ بۆ هەڵبژاردنی میتۆدێک کە باشترین ئاکام دابین بکات بریاردەر بێت.

هەڵبەت لەو "ئابوورییە تێکەڵە" دا کەموکووڕی هەن. گشت کات مەترسی ئەوە هەیە کە هاوسەنگی هێزەکان بگۆردرێت، کە ئەو پلە و پایەی جووڵانەوەی کرێکاری وەدەستی هێناوە لە کیس بچێت. بەڵام لەو دینامیزمە بێ پسانەوەی کە گەشە کردنی کۆمەڵگا خۆی دروستی کردووە، مرۆڤ قەت ناتوانێ خۆی بە تەواوی بەرامبەر ئاڵوگۆڕ لە هاوسەنگی ئەو هێزانەی کە لە کار دان بپارێزێت. ئەو ڕێگا چارانەی کە بارودۆخێکی بێ گیرو گرفت هەتا هەتایە گەرانتی بکەن بوونیان نیە. لە بیروباوەڕی سیستەمەکانی جیهانگیریی سەدەی ١٩ ـ هەم ئەوانەی کە لە ژێر کارتێکەریی بۆچوونەکانی لیبرالی و هەر وەها ئەوانەی کە لە ژێر کارتێکەریی بۆچوونەکانی سۆسیالیستی بوون ـ مرۆڤ تووشی چەشنێک لە فەلسەفەی تەبایی (harmony) دەبێت: کاتێک دێت کە مێژوو دێتە کۆتایی و هاوسەنگییەکی پڕئاسوودەیی بۆ هەموو داهاتوو پێک دێت. بەڵام مێژوو قەت کۆتایی پێ نایەت. کۆمەڵگا نە تەکمیلە و نە لەبەر ئەوەش بێ کەموکووڕی.

هەر بۆیە ئەوە هۆیەکی یەکلاکەرەوە بۆ ڕەت کردنەوە یا خود هێرش بردنە سەر مۆدێلێکی دیاری کراو کە کەموکووڕی هەبێت نیە؛ ئەوە بۆ هەموو جۆرە سیستەمێک ڕەوایە. ئەوەی ئێمە دەتوانین بڵێین ئەوەیە کە سیستەمی سۆسیال دێموکراسی ئاکامی باشتر لە سیستەمی "سۆسیالیستی ئۆرتۆدۆکس" و هەروەها لە سیستەمی تۆختری "سەرمایەداری" دەستەبەر دەکات. هەر بۆیە جێی خۆیەتی کە ئێمە واز لەو مۆدێلە نەهێنین.

### سەرمایەداری هەڵوەشێنەوە

ئێستا ڕێگا بدەن لێکۆڵینەوەیەک لە دروشمی "سەرمایەداری هەڵوەشێنەوە" بە مانای "بازرگانی کۆمپانیای تاکیی هەڵوەشێنەوە" بکەین. چونکە ڕۆڵێکی گرنگی لە مشتومڕی سۆسیالیستیدا گێراوە و ئێستاش جارجار سەر هەڵدەدات.



لێرە یەکەم پرسیار ئەوەیە "چۆن"؟

لە ئابووری بە جیهانیی بووی ئەمرۆ وێ ناچێ تەنیا هەڵوەشاندنەوەی بازرگانی تاکیی لە سوێد بەس بێت؛ ئێمە دەبێ یاساکانی ئابووری نێونەتەوەییش لەبەر چاو بگرین. بۆ ئەوەی کە لە دونیای ئەمرۆ بە ڕاستی "سەرمایەداری هەڵوەشێنینەوە" دەبێ ئەوە لە ئاستی جیهانیدا ئەنجام بدرێت. زۆر بە ئاسانی دەبینرێ کە لە داهاتوویەکی چاوەروان کراودا هیچ دەرفەتێک بۆ ئەنجامی ئەو کارە نیە.

تەنانەت ئەو کەسانەی کە هیوایان بە نەمانی سەرمایەداری وەک دوایین ئامانجی سۆسیالیزم لە داهاتوویەکی زۆر دووردا هەیە، تووشی ئەو پرسیارە دەبن کە ئێمە چۆن هەڵسوکەوت لە گەڵ سیستەمی سەرمایەداریی مەوجود لە ماوەی ئەو چەندینساڵەی کە لە پێشمانە بکەین. ئێمە هیچ وەڵامێک جگە لەوەی کە سۆسیال دێموکراتەکان پێشکەشیان کردوە نابینینەوە؛ واتە دروست کردنی هاوسەنگییەکی وەها لە بەرامبەر هاندەری قازانجی تاکیی کە ببێتە ئامرازێک بۆ بەکار هێنان لە جیاتی بوون بە دیکتاتۆر.

ئەگەر مرۆڤ بتوانێ بیر لە کۆمەڵگایەکی بێ بازرگانی تایبەت بکاتەوە پرسیارێکی‌تر دیتە پێش: "چ شتێکمان لە جیات ئەو هەبێت؟"

شێوە سیستەمێک کە لەوێدا دەوڵەت بە تەواوی خاوەندار و کۆنترۆڵکەر بێت بە زۆر هۆی ئاشکرا دەبێ ڕەت بکرێتەوە. ئەو ناتوانێ داواکارییەکانی دێموکراسی و ئابوورییەکی کارامە جێبەجێ بکات. ئەوەی کە دەمێنێتەوە، هێندێک شێوازی خاوەندارێتی ناوچەیی کۆمەڵییە، ڕەنگە ناوەندی بازرگانیی هەرەوەزی یا شارەوانی. چونکە بۆچوونی کۆنترۆڵی چڕوپڕی دەوڵەت بە سەر ئابووریدا ڕەت کراوەتەوە، کە وابوو ئەو ناوەندە بازرگانییانە لە گەڵ سیستەمێکی بەرهەمهێنان کە دەوڵەت ڕێکخەریەتی ناگونجێن. دەبێ ڕێگایان پێ بدرێت کە بۆ خۆیان بڕیار بۆ بەرهەمهێنانی خۆیان و سەرمایە گوزاری خۆیان بدەن، بە واتایەکی‌تر: دەبێ ئەوان لە هەڵسوکەوت لەگەڵ بازاردا کار بکەن. واتە کڕیارەکان. هەروەها بۆ ئەوەی ئەوان ڕێگەی گەشە کردنیان هەبێت دەبێ بتوانن کەڵک لە سەرمایەی خۆیان بۆ سەرمایە گوزاری وەربگرن و ئەوەش بە نۆبەی خۆی هاندەرێکی ئاشکرا دەبێت بۆ ئەوەی کە سەرمایەی پێویست وەدەست بهێنن.

کە وابوو جیاوازی نێوان ئەو مۆدێلە و ناوەندەکانی بازرگانیی تاکیی چییە؟ ئایا ئەوە لە کۆتاییدا بەو مانایە نیە کە، کەم تاکورتێک، ئەو جۆرە مێکانیزمانە کە لە پشت کۆمپانیا بازرگانییە هەرەوەزییەکانن، بە ئاواتی مانەوە لە بازاردا، هەر ئەوانەن کە لە پشتی کۆمپانیا بازرگانییەکانی کەرتی تایبەتن؟

کۆماری یۆگۆسلاوی پێشوو مودێلێکی زۆر تایبەتی بۆ خاوەندارێتی هەرەوەزی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هەڵبژاردبوو، واتە ناوەندی بازرگانی کە بەڕێوەبەرەکانیان مووچەخۆر بوون. ئەزموونی ئەوان نیشانی دەدا کە هەمان ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە نێوان ئەو ناوەندە بازرگانییانە و کۆمەڵگای دەوروبەری ئەوان دێتە ئاراوە، کە دەکرێ لە هەر چەشنە ناوەندی بەرهەمهێنانی کەرتی تایبەت بەدی بکرێت.

بە بێ لەبەر چاو گرتنی شێوەی دیاری کردنی خاوەندارێتی، خەڵک بە گویرەی خاڵی دەسپێکی خۆیان بەرژەوەندی جیاوازیان لە ئابووریدا بۆ پاراستن هەیە. ناکۆکییەکان شتێکن کە ئێمە قەت ناتوانین خۆمانی لێ ببوێرین. ڕەنگە ئەوە شتێکی دڵخوازیش نەبێت ـ ئامانج و ئاواتی پێچەوانە ڕەنگ بێ ئەو دنیامیزمە دروست بکەن کە مۆتۆری پێشکەوتنی زیاترن. خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە دڵنیا بین ئەو ناکۆکییانە نەبنە هۆی ئەوە کە لایەنیک ئەوانی‌تر بچەوسێننەوە.

بەڵام لەو بوارەدا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ دەرئەنجامی سۆسیال دێموکراسی کە ئەوە هەموو مەسەلەی دەسەڵاتە ـ نەک ئەوەی کێ خاوەندارە. ئەوە دەسەڵاتە و نەک خاوەندارێتی کە دەبێ دابەش بکرێتەوە و هاوسەنگ بێت.

## بەیاننامەی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بەبۆنەی ١١٠یەمین ساڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردیەوە

**دەستپێکردنی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ماناو خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیەو، ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی نەتەوەیەکی بێمافو ژێرستەم بەڵام مافخوازو خاوەن ئیرادەیە. "کوردستان" یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، لە یەکەم هەنگاوەکانی ڕووناکبیرانی کورد بۆ مۆدێڕنیزە کردنو گەشەپێدانی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو سەردەمێکی نوێ بوو.**




١١٠ ساڵ لەمەوبەر لە ٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨، "کوردستان" یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە دەستی بەتوانای "مقداد مدحت بدرخان" لە شاری قاهیرە دەرچوو. دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەلایەن میقداد بەگ لە بنەماڵەی ڕووناکبیرو بەناوبانگی کورد لە باکووری کوردستانەوە، بوو بە سەرەتاو بناخەی ڕەوتی پڕ لە هەورازو نشێوی ڕۆژنامەنووسیی کوردی. ئەم هەنگاوە مەزنە تەکنیکو مێتۆدێکی نوێی بۆ خەباتی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی کورد لە پێناو خزمەت بە شوناسو زمانی نەتەوەییان بنیات ناو، بەرەیەکی دیکەی لەو خەباتە بۆ کورد کردەوەو، ڕێگەیەکی نوێی بۆ تێکۆشانو فیداکاریو تەنانەت قوربانیدان خستە پێش ڕووناکبیرانی کورد.

دەستپێکردنی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ماناو خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیەو، ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی نەتەوەیەکی بێمافو ژێرستەم بەڵام مافخوازو خاوەن ئیرادەیە. "کوردستان" یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، لە یەکەم هەنگاوەکانی ڕووناکبیرانی کورد بۆ مۆدێڕنیزە کردنو گەشەپێدانی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو سەردەمێکی نوێ بوو." کوردستان" هەڵگری ناوی "کورد"و بیری نەتەوەیی کوردو نیشانەی ڕاگەیاندنی حوزووری کورد لە پەنا نەتەوەکانی دەوروبەریو شانبەشانی ئەوان لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسیداو بڵاو کردنەوەی بیرو باوەڕی کۆمەڵگەی کوردیدا. دەرچوونی "کوردستان" لە دوورەوڵاتیو لە دەرەوەی زێدو نیشتمانی خۆی لەلایەک نیشانەی بێمافیو ژێرستەمیی نەتەوەی کورد بوو و، لە لایەکی دیکە نیشانەی شێلگیریو ئیرادەی پتەوی میقداد بەگو بنەماڵە سەربەرزەیەکەیەتی.

دەستپێکردنی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨ەوە سەرەتایەکی گرینگ بوو بۆ بزووتنەوەی ڕووناکبیریو زۆر دەسکەوتی بە نرخ لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی کورددا. بۆیە دەکرێ بڵێین ڕۆژنامەنووسیی کوردی هێندێك قۆناغی زێڕینو پڕ لە دەسکەوتی بەخۆوە دیون کە درێژەی ڕێگەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیو قەرزداری ئەون.

ڕۆژنامەنووسیی کوردی کە هەڵگری بیری نەتەوەییو ئازادیخوازیی کوردو پارێزەری زمانو کولتووری کوردە لە مێژووی خۆیدا لەگەڵ قەدەغەو سەرکوتی دوژمنانی کوردو شۆڤێنیستانی دژ بە کورد بەرەوڕوو بوو. هەر بۆیە ڕۆژنامەنووسیی کوردی شانبەشانی بزووتنەوەی سیاسیو خەباتگێڕانەی کورد لە سەنگەردا بووەو لە پەنا بزووتنەوەی کورد درێژەی بەکاری خۆی داوە. لە دوای دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە گەشە کردن دا بووە، بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسییش حوزووری هەبووە. لە بزووتنەوەی سمکۆی شکاك، شێخ مەحموودی نەمر، کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەددا، پاشانیش لە تێکۆشانی حیزبو ڕێکخراوە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵات، باشوورو باکووری کوردستان دا، ڕۆژنامەنووسیی کوردی کۆڵەکەیەك لە کۆڵەکەکانی خەباتی نەتەوەیی بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا، لە شەوگاری تاریكو تنووکی نەخوێندەواریدا مۆمی چەندین ڕۆژنامەو بڵاو کراوەی کوردیی داگیرساندو ڕۆژنامەنووسیی کوردی ڕێنسانسێکی لە بزاوتی ڕووناکبیریی کوردیدا وەڕێ خستو ڕێچکەیەکی نوێی داهێناو بۆ دەیان ساڵ دواتریش کاریگەریی لەسەر ڕۆژنامەنووسیی کوردی دانا.

بەرهەمی ئەو ڕەوتە پڕ لە هەورازو نشێوە گەشە کردنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی- بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە -لە باشووری کوردستان دایە کە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە چاو رابردوو لە سەردەمێکی زێڕین دا دەژیو بە سەدان ڕۆژنامە، گۆڤار، حەوتوونامەو.... کتێبو بڵاوکراوەی دیکە بڵاو دەبنەوەو لە ڕاستیدا دەورێکی یەکجار گرنگ لە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیی کوردستان دا دەگێڕن.

سەرەڕای ئەو دەسکەوتە مەزنەش ڕۆژنامەنووسیی کوردی بۆ ئەوەی ببێ بە ڕۆژنامەنووسی بە مانای واقعیی خۆی، هێشتا ڕێگەیەکی درێژی لەبەرە، کورد بەگشتی وەك نەتەوەیەك نەبۆتە خاوەنی مافی نەتەوەیی خۆی تا خاوەنی ئازادیی دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی بێ کە مەرجی سەرەکیی ڕۆژنامەنووسیی واقعییە. جگە لە باشووری کوردستان کە بەخۆشییەوە کورد خاوەنی مافی خۆیەتی، لە پارچەکانی دیکەی کوردستان نەك هەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد بەڵکوو بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسیی پێویستی بە فیداکاریو قوربانیدانە. ڕۆژنامەی کوردی هێشتا ڕمێنی بازرگانیو ئابوورییەکی ئەوتۆی لەسەر نیە تا بتوانێ خۆیو نووسراوەکانی بژێنێو لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێو بە شێوەی پرۆفیشناڵ (حیرفەیی) درێژە بە کارەکانی خۆی بدا. هێشتا زمانێکی ستاندارد، زمانێکی هاوبەشی هەموو نووسەرانو خوێنەرانی کورد نەهاتۆتە دی کە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە سایەیدا گەشە بکا. تەنانەت ڕێنووسێکی ستانداردیش لە ڕۆژنامەنووسیی ئێستای کورددا جێگەی بەتاڵە. بەو هیوایەی ١١٠یەمین ساڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ببێتە سەرەتایەك بۆ هەوڵدان بە مەبەستی نەهێشتنی ئەو کەموکوڕیانە.

لەو بۆنە پیرۆزەدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی نەمر میقداد میدحەت بەدرخان خاوەنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی. سڵاو دەنێرین بۆ خاوەن قەڵەمە پاراوەکانو بۆ ئەو قەڵەمە خاوێنانەی لە خزمەت بە مرۆڤایەتیدا دەگەڕێنو دەرگای شارستانەتیو تێگەیشتنو پێگەیشتن بە ڕووی خوێنەرانیان دا دەکەنەوە. سڵاو دەنێرین بۆ ئەو نەمرانەی نووسینیان بۆ نەسڵەکانی دوای خۆیان بە یادگار بەجێ هێشتووەو دەبنە بناخە بۆ فەرهەنگی دەوڵەمەندی ڕۆژنامەنووسیی کورد لە داهاتوودا.

سڵاو لە گیانی شەهیدانی خاوەن قەڵەمی کورد بەگشتیو حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتیو لە سەرووی هەموویان سێ ڕووناکبیری ڕێبەرو نووسەر، قازی، قاسملوو و شەڕەفکەندی.

سڵاو لەو خاوەن قەڵەمانەی وشەکانیان لە خزمەت نەتەوەکەیانو مرۆڤایەتی دایە.

کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
٢٢ی ئاوریلی ٢٠٠٨
٣ی بانەمەڕی ١٣٨٧

---

درێژەی....

# ژانو ئازار بنووسنو ژیان بخوێننەوە

## نامەی فەرزادی کەمانگەر بەبۆنەی ڕۆژی مامۆستاوە



شوانە چکۆڵە، بۆ تۆ بیستیش کەمە"و لە تەنیشت لەیلاوە، شەرمەزار لە شەکەتیی دوێنێی، دەستە زبرو قەڵشیوەکانیم دەگوشی بۆ ئەوەی هەستم بە دەستی ناسکی فریشتەیەك کردبێو بەر لەوەی ورتەیەکم لێوە بێ نیگای پاكو تیژی ئەو هەزار پرسیاریان پێوەبوونو ئەمن بێدەنگ دەبووومو لە تەنیشت ئیدریس کە لە داخی تەکلیفی دووبارەی سبەینێ، چاوم لە دەستە بلۆق کردووەکانی دەبڕیو لەگەڵ وی لە پەنجەرەوە لە دوور دوورم دەڕوانیو ئەو پەژارەی ڕۆیشتنی بەهاری بوو ئەمنیش ئی ڕەنگە زەردەکەی.

وا، ئەمڕۆش کە بە دنیایەك شادیو دڵپڕیو حەژمەتو کۆڵێك بیرەوەریی تاڵو شیرین مەوە، بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە. ڕۆژی مامۆستا بوو کە بەنرخترین دیارییەکانی ژیانم لە مامۆستا مەزنەکانی ژینم وەرگرت. لەیلا سێ هێلکە، ئیدریس دوو کیلۆ کەنگری بەرهەمی دوو ڕۆژ ماندووبوونو فریشتە دووچڵ هەڵاڵە، "نەدا" بووکەڵەیەك کە لە چێوو پارچەی ساز کردبوونو یاسر تابلۆیەك. بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە لە بیرەوەرییەکانمدا بە نەمری بهێڵمەوە، وامان دانا کە هیواکانیان بە قەڵەمی ڕەنگی بکێشنەوە.

کاوە لە کاتێك دا کە بیری لە باوکی دەکردەوە، نەخۆشخانەیەکی کێشاوەو لەبنی نووسی: ئەو نەخۆشخانەیە هەموو نەخۆشخانەکانی جیهان بە خۆڕایی عیلاج دەکا.

فەریاد کە هەمیشە ئاسمانی تاوو ساوی دەکێشاوە، بۆ ئەوەی چیتر دەستو پێی کەس لە گۆ نەچێ دیسان، ئاسمانێکی کێشاوەو هەتا توانی خانووی جوانو کچکەی کێشانەوەو لە بنی نووسین: ئەو خانووانە بۆ ئەو کەسانەی هیچ سەرپەنایەکیان نیە.

ئاسمانیش پانو بەرینە وەك زەوی نیە کە گچکە بێتو ناچار بین بۆ ژیان پارەی بۆ بدەین. هەموان لە ئاسماندا جێیان دەبێتەوەو ئەمن دیسان دەتوانم خانووی تێدا بکێشمەوە.

فریشتەش کە هەمیشە. برایەکی گچکەی بۆ خۆیو خوشکەکانی دەکێشاوە، ئەو جار پێم گوت کە سەر لە نوێ جیهان بکێشەوە. بەبێ ئەوەی هیچ کەس لەبەر کچ بوونت بە کەمت نەگرێ، ئەتۆ وەك خۆتو بەخۆتەوە ببینێ. ئەو دونیایەکی بووکەڵەی کچانەی کێشاوە کە بە دەوری جیهاندا دەستی یەکتریان گرتووەو گۆرانی دەچڕن. یاسریش وەك هەمیشە ئاواتەکانی باوکی دەکێشانەوە ماشینێکی شین کە بەشکم لە خەونو خەیاڵیش دابێ باوکی کۆڵ هەڵنەگرێو وامان دانا یاسریش سەر لە نوێ. وڵاتەکەمان بکێشێتەوە بەبێ هەژاریو نایەکسانی بەبێ ئەوەی کۆڵ کێشەکانی بانەو سەردەشتو مەریوانو کامیاران ناچارین بۆ ڕاگواستنی ١٠ کیلۆ چا لەبەر خاتری ٢٠٠٠ تمەن گیان بەخت بکەن. ئەو دیمەنێکی جوانی سروشتی کێشاوە کە خەڵك خەریکی کارانو لە بنی نووسی: خۆزگە چیتر مەرگ بۆسەی بۆ نان دانەدەنان"

### هێرش رەسووڵ (رۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ):

# بوونی ئازادیی رادەربڕین لە رۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بوونێکی رێژەییە

ئامادەکردنی: "کوردستان"

**ئاماژە: باسکردن و دوان لەسەر راگەیاندنی کوردی بابەتێکی جێی سەرنج و گرنگە و پێویستە لە زۆر رەهەندەوە تاوتوێ بکرێت. راگەیاندنی کوردی هەنووکە بەئاراستەیەکدا دەڕوات کە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێ و لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەییدا کار بۆ نەهێشتنی ئەو رەوتە ناکارامە و نازانستییە و... کە لە رۆژنامەگەریی و راگەیاندنی کوردیدا باوە بکرێ.**

**لەم پێناوەدا "کوردستان" لەم ژمارەیەوە بەدوا، هەرجارەی لەسەر تەوەرێك کە پەیوەندیی بە راگەیاندنی کوردییەوە هەبێ بابەتێك یا دیمانەیەك بڵاو دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە وەك یەکەم هەنگاو و دەستپێك چەند پرسیارێکمان لەمەڕ " ئازادیی رادەربڕین لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا" ئاراستەی "هێرش رەسووڵ"(رۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ) کرد کە لە خوارەوە دەقەکەی دەخوێننەوە.**



**هێرش رەسووڵ ساڵی ١٩٨٢ لە رانیە لەدایك بووە، ماستەری راگەیاندنی هەیە، ئەندامی ستاف کارایە لە رۆژنامەی "چاودێر" و مامۆستای بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیە.**

**کوردستان:** ئازادیی رادەربڕین لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا چۆن پێناسە دەکەن؟

**هێرش رەسووڵ:** بە بڕوای من وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە توێژینەوەی وردو جیددیی دەوێت و ناکرێت هەروا بە سانایی کۆمەڵێك رستەو پەرەگراف ریز بکەین، ئەمە سەرباری رەچاوکردنی ئەو راستییەی کە وای دەبینێ: لە قاڵبدانی چەمکەکان کارێکی زەحمەتە، چونکە نابێ ئەوەمان بیر بچێت لە پشت هەموو پێناسەکردنێکەوە ترسی سادەکردنەوەی چەمکەکەو لە چوارچێوەنانی ئامادەگی هەیە، بەڵام نابێ ئەم ترسەش بەرەو قسەنەکردن لەسەر چەمکەکەو پێناسەنەکردنیمان بەرێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەبێت رووەو دۆزینەوەی ئاسۆیترمان ببات.

بەو پێیەش من ماستەرنامەکەم لەبارەی ئازادیی رادەربڕین لە رۆژنامەنووسیی کوردی دایە ٢٠٠٧ــ ١٩٩٣ و لەکۆتاییەکەیشیدا سەبارەت بەسنووری ئەو ئازادییە لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا لە هەرێمی کوردستان گەیشتوومەتە چەند ئەنجامێك، لێرەدا وەك زانستیترین وەڵام بۆ پرسیارەکەی بەڕێزتان ئەنجامێکی توێژینەوەکەم دەهێنمەوە، کە هاتوە: بوونی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بوونێکی رێژەییە، چونکە دەزگاکانی حیزب، ئاسایش، حکوومەت دەست دەخەنە نێو کاروباری رۆژنامەنووسییەوە، هەروەها دەوڵەتانی دراوسێ، دابونەریت، لایەنی ئابووری، ئایینو ئایینزاکان، ناپرۆفێشناڵی، رەوتە ئیسلامییەکان، کاریگەرییان لە سەر بەرتەسککردنەوەی رووبەری ئەو ئازادییە هەیە، هەرواش رۆژنامەنووسان لەو هەرێمەدا لە کاتی گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیان، دەترسن لەلایەن دەزگای پەیوەندیدار، حیزب، حکوومەتەوە رووبەڕووی مەترسی ببنەوەو کاردانەوەی دەزگا پەیوەندیدارەکانیش بەرامبەر ئەو بابەتە رۆژنامەنووسییانەی لەسەریان بڵاودەکرێنەوە، سلبییە. سەرباری ئەوەی هەندێك جار رۆژنامەنووسانیش سنووری ئەو ئازادییە دەبەزێنن.

**کوردستان:** ئەو ئازادییەی کە لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا هەیە تاچەندە لەگەڵ ئەو پرەنسیپو جاڕنامە جیهانییانەی کە پەیوەندییان بە ئازادیی رادەربڕینەوە هەیە، دێتەوە؟

**هێرش رەسووڵ:** گرنگترین لەو بەندانەی تایبەتن بە ئازادیی رادەربڕین لە جاڕنامەو پەیماننامەو رێککەوتننامە جیهانیو نێودەوڵەتییەکان بریتین لە: بەندی ١٩ لەجاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، بەندی ١٩ ی لەپەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان، بەندی ٩ لەپەیماننامەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان، بەندی ١٣ لە رێککەوتننامەی ئەمەریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەندی ١٠ لە رێککەوتننامەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ. لە هەریەك لەمانەدا جەخت لەسەر ئازادیی رادەربڕین کراوەتەوە، بەڵام لە هیچیاندا ئاماژەی ئەوەی تیا نیە ئەو ئازادییە "رەها" بێت، بەڵکوو بەستراوەتەوە بە چەند کۆتوبەندو مەرجێك، بۆ نموونە، لە بەندی ١٩ لە پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنیو سیاسییەکاندا هاتوە:

"١. هەموو مرۆڤێك مافی پەیڕەوکردنی هەر بیروڕایەکی هەیە بەبێ تەنگ پێهەڵچنین.

٢. هەموو مرۆڤێك مافی ئازادیی رادەربڕینی هەیە، ئەم مافەیش ئازادیی توێژینەوە لە زانیاریو بیروڕاو بەدەستهێنانو گواستنەوەیان بۆ کەسانیتر دەگرێتەوە، بێ رەچاوکردنی سنوور، چ بەشێوەی نووسراو یان چاپکراو یان لە چوارچێوەیەکی هونەریدا بێت یان بەهەر شێوەیەکیتر هەڵی بژێرێت.

٣. پەیڕەوکردنی ئەو مافانەی لە برگە ٢ی ئەم مادەیەدا هەیە پابەندە بە ئەرکو بەرپرسیارێتیی تایبەتەوە، لە بەرئەوە دەکرێ ملکەچی هەندێ کۆتوبەندی دیاریکراو بێت، بەڵام تەنها بە دەقی یاسایی کە پێویست بێت بۆ:

الف. رێزگرتنی مافو ناوبانگی کەسانی دیکە.

ب. پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، سیستمی گشتی، تەندروستیی گشتی، ئادابی گشتی".

کەواتە ئازادیی رادەربڕین لە هیچ شوێنێکی دنیادا ئازادییەکی رەها نیەو ملکەچی کۆمەڵێك مەرجە، وەکوو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، سیستمی گشتی، ئادابی گشتی، تەندروستیی گشتیو رێزگرتنی مافو ناوبانگی کەسان. بۆیە ناشکرێت لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا رەها بێتو رۆژنامەنووسان چییان بوێت بیڵێنو دەرببڕن، بەبێ ئەوەی هیچ سنوورێکیان لەبەردەمدا بێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ناکرێت دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی لاستیکیو تەمومژاوی ئەو چەمکانەی سەرەوە لەیاساکاندا بەدەق بکات، تاوەکوو چۆن بیەوێت رۆژنامەنووسانی پێ تاوانبار بکاتو مانای دیکە بۆ دەستەواژەکان بدۆزێتەوە، چونکە کلتووری شۆڕشو رۆژنامەنووسیی شاخو بڵاوکراوەی نهێنی لە کوردستاندا کارێکی وایکردوە بەدحاڵیبوونی زۆر سەبارەت بە ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس هەبێ، هەم لەلایەن دەسەڵاتەوە کە دەنگی نەیار وەك دوژمن تەماشادەکات، هەم لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە کە بە نەغمەی "بڕوخێ" گوتار پێشکەش دەکەن. هەروەها باڵادەستبوونی ئایدۆلۆژیا گشتگیرەکانی وەك مارکسیزم، ناسیۆنالیزم، فەندەمینتالیزمو کزیی دەنگی لیبراڵ لەکولتووری سیاسیو رۆشنبیریی کوردیدا بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو، بووەتە هۆی ئەوەی هەمیشە بە چاوی نزمو وەك جۆرێك لە بەڕەڵڵایی بڕوانرێتە ئازادییەکان.

**کوردستان:** فرە رۆژنامەنووسییەکی بێ سەروبەر لە باشووری کوردستاندا بەدیدەکرێ. کاریگەرییە پۆزەتیڤو نیگەتیڤەکانی ئەمە چیە بۆ سەر ئازادیی رادەربڕین لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا؟

**هێرش رەسووڵ:** لەدوای راپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان دژی رژێمی بەعس لە ئازاری ١٩٩١ دا دۆخێك هاتە کایەوە، بەتەواوی لەگەڵ سەردەمی پێش خۆی جیاواز بوو، سەرەڕای دوورخستنەوەی حوکمی بەعس لە بەشی هەرەزۆری باشووری کوردستان، کایەی سیاسیی کوردستان رەنگاوڕەنگییەکی بەخۆیەوە بینی، ژمارەیەکی بەرچاو لە کەناڵی راگەیاندن بەتایبەت بڵاوکراوەو رۆژنامە دەرچوون، دواتر هاتنە کایەی پارلەمانو حکوومەتی هەرێم هەندێ گۆڕانکاریی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا لە پێش هەموویانەوە گەڵاڵەکردنی چەند یاسایەکی گرنگ بوو لەوانە: چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣، حیزبەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣... ئەم رەوشەش جیاوازییەکی بەرچاوی لە گەڵ سەردەمەکانی تردا هەبوو، چونکە، ئەگەرچی لە سەردەمانی پێشتردا دەرفەتێکی تاڕادەیەك ئازادیش هاتبێتە کایەوە، بەڵام تاکە رەنگو تاکە دەنگێك بەسەر کایە سیاسییەکەدا زاڵ بووە. هەرچی سەردەمی راپەڕینە، هەر لە بەراییەوە بەسەردەمی فرە رەنگیو فرە دەنگی جیاکرایەوە، رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی زۆر دەرچوونو حیزبەکانیش بەئایدیا جیاوازەکانیانەوە، خاوەنی رۆژنامەو میدیای تایبەتی خۆیان بوون، ئەمەش کەشێکی نوێی لەکوردستاندا دروستکردبوو، ئیتر پاش ئەمە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی دیکە هەرێمی کوردستانیان گرتەوە. ئێستاش زۆریو بۆیرییەك لەو رۆژنامەنووسییەدا بەدیدەکرێت، ئەمەش بەبڕوای من مانای فەراهەمبوونی کەشی میدیای ئازادو فراوانکردنی رووبەری ئازادیی رادەربڕین ناگەیەنێت، چونکە وەکوو بەختیار عەلی دەڵێت: "ئازادی ئەوکات بەرقەرار نابێت کە سەد رۆژنامەمان بۆ سەد بیروبۆچوونی جیاواز هەبێت، بەڵکوو ئەوکات بەرقەرار دەبێت کە چوار رۆژنامەمان بۆ بێشومار بیروبۆچوون هەبێت".

**کوردستان:** بە پێی ئەوەی کوردستان بە سەر چوار دەسەڵاتی داگیرکەردا دابەش کراوەو تەنیا ماوەی چەند ساڵێکە دەسەڵاتێکی کوردی لە باشووری کوردستاندا هەیە، لە ئاستی گشتیدا، بەڕای ئێوە کاریگەریی دەسەڵاتی داگیرکەر لەسەر رەوتی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا چ بووە؟

**هێرش رەسووڵ:** کۆمەڵێك فاکتەر هەن بەگشتی کاریگەرییان بۆ سەر رەوشی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا هەیە. گرنگترینیان فاکتەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، یاساییو ئێتیکی پیشەن. لە فاکتەرە سیاسییەکانیش بەدڵنیاییەوە سیاسەتی هەرێمایەتیو ستراتیژیی ئەو دەوڵەتانەی ساڵەهایە خاکی کوردستانیان لە پارچە جیاوازەکاندا بەسەردا دابەشکراوە، کاریگەریی بەرچاوی دەبێت.

وڵاتانی داگیرکار هەمیشە بەو ئاقارە کاریان کردوە دەنگی جیاواز لە بەشە کوردستانەکاندا کپ بکەن، رێگەی ئازادانەی کارکردنی میدیاییو رۆژنامەنووسییان لێبگرن، پانتایی ئازادیی رادەربڕینییان بەرتەسك بکەنەوە، ئەمەش تەنیا هەر لەناو خۆی ئەو بەشەدا کورت نەبووەتەوە، بەڵکوو لە رێگەی فشاری سیاسیو ئابوورییەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستانو حکوومەتو بەرپرسانی ئەو هەرێمە فشارەکانیان خستۆتە ناو کایەی رۆژنامەنووسیی هەرێمی کوردستانیش. بەندە لە ماستەرنامەکەمدا چەند نموونەیەکم لەوجۆرە فشارانە وەکوو پێشێلکاری بۆ سەر ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەنووس لە هەرێمی کوردستاندا بە کاریگەریی فاکتەری سیاسی، هێناوەتەوەو بە دۆکیۆمێنتی پێویست ئاماژەم پێداون.

# هەڵوەستەیەك لەسەر پرسی ژن لە لای حیزبی دێموکراتی کوردستان

*کوێستان فتووحی*

**باوەڕ بە مافو ئازادییەکانی ژنان دژایەتیی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە کولتوورو نەریتی کۆمەڵگەی پێویستە، چونکە کولتوورو نەریتی کۆمەڵگای کوردستان پڕە لە قەیدو بەندو کۆسپ لەسەر رێگەی ئازادیی ژنان. ناکرێ باس لە نوێبوونەوە بکەی، بەڵام لەگەڵ کولتوورو نەریتێك پێك بێی کە پڕە لە چەوسانەوەو زوڵمو ستەم بە دژی ژنان.**

حیزبی دیموکراتی کوردستان باس لە حوزووری بەرچاوی ژنان لە کۆنگرەی چواردەدا دەکا. باس لە پێویستیی چالاکتر بوونی ژنانو گرنگیدان بە رۆڵو نەخشی بەرچاوی ژنان لە ریزی حیزبدا دەکاو رەخنە لە رابردووی خۆی دەگرێ. ئەمە چ شتێك بوو وای لە حیزبی دیموکرات کرد کە ئاوڕێك لە رابردووو کەمکارییەکانی خۆی بە نیسبەت ژنان بداتەوە؟ ئاخۆ ئەمجارە بیروبۆچوونی حیزبی دیموکرات بە نیسبەت حوزووری ژنانو چالاکتربوونیان لە ریزەکانی حیزبدا، دەرەنجامی چ بیرکردنەوەیەکە؟

ئەمە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە کۆمەڵگای کوردستان لە زۆر بارەوە بەرەوپێشەوە چووە، ئاستی ئاگایی ژنانو مافخوازییان روو لە گەشەیە، لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوەیەکی یەکگرتووو سەربەخۆ نابینرێ، بەڵام چالاکیو تێکۆشان لە لایەن ژنانی ئازاو رووناکبیرەوە بۆ ئاگادار کردنەوەی ژنان لە مافەکانیانو، بۆ پێکهێنانی ریفۆرمو ئاڵوگۆڕ لە عەقڵیەتی کۆمەڵگەدا زۆرە، واتە هەست بە بوونی بزووتنەوەیەك دەکرێ. ئەمانە لەلایەك وایان کردوە حیزب هەست بە لاوازیی حوزووری ژنان بکاو لەلایەکی دیکەوە ئەوەی لێدەخوازن کە بەرنامەو پرۆژەی بۆ ژنان هەبێو چیدیکە لە ئاست کێشەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستانداو مەینەتییەکانی نیوەی کۆمەڵگە، کەمترخەم نەبێ.

هۆکاری ئەم لاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزب قەت پرۆژەیەکی جیددی نەبووە بۆ راکێشانی ژنانی کوردستان، تا ئەوانیش بە شێوەیەکی بەرین روو لە ریزەکانی بکەن. ئەوانەی رووشیان تێکردوە لەبەر نەبوونی هەلومەرجی گونجاو بۆ کارو تێکۆشانو نەبوونی پەروەردەیەکی شیاو، کەوتوونەتە پەراوێزەوەو، یان وازیان لە چالاکیی حیزبی هێناوە. هەرکاتیش باس لە حوزووری کەمی ژنان کراوە، بە کۆمەڵێك پاساوی سواو ئەو کەمترخەمییەی خۆی داپۆشیوە. هەر ئەوەش کە ئێستا حیزب بۆ خۆی رەخنەی لە خۆی گرتوە، نیشانەی تەئییدی ئەم کەمترخەمییەیە کە بە نیسبەت ژنانەوە کردوویەتی.

بایەخ نەدان بە کارو چالاکییەکانی ژنان لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات لە رابردوودا لە لایەن ژنانی نێو ریزەکانی حیزبەوە باسێکی جیددیی لێ نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەوان بۆخۆیان لە ئاستێك دا نەبوون کە بتوانن حیزب ناچار بکەن ئاوڕێك لە کێشەکانیان بداتەوە. حیزبیش زۆری بۆ گرنگ نەبووە تا بە ڕاستی چارەسەرێك بۆ ئەو کێشەیە ببینێتەوە. بەڵام دوای ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هێڵە گشتییەکانی رێبازی خۆیدا ، بە رەسمی رەخنەی لە خۆی گرتو ئەم مەسەلەیەی خستە بەر چاوی خەڵك. ئەمە خاڵێکی موسبەت بوو لە ژیانی حیزبی دیموکراتدا کە بە رەسمیو لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا لەم بارەیەوە رەخنە لە خۆی دەگرێو ئەو واقعییەتە قبووڵ دەکا کە حیزب بە نیسبەت ژنانەوە کەمکاریی کردوە.



ژمارەیەك لە ژنانی نێو ریزەکانی حیزبی دیموکرات (١٣٧٤)

بەڵام ئەم خوێندنەوەیە چۆن دەتوانێ ئاڵوگۆڕێك لە ژیانی حیزبدا پێك بێنێو هۆمێدێك بە لایەنگرانی راستەقینەی یەکسانیخوازی لە نێو ریزەکانی حیزبو ژنانی نێو کۆمەڵگای کوردستان ببەخشێ؟ حیزبی دیموکرات لە رابردوودا بەهۆی بە گرنگ نەزانینی ئەم مەسەلەیە، خۆی لە توانایی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگە بێبەش کردوە، ئەوە بۆشاییەکە تا ئێستاش بە حیزبەوە دیارەو زۆری زەمان دەوێ تا پڕ بێتەوە. بۆیە حیزب دەبێ بەجیددی بەخۆیدا بچێتەوەو مەسەلەی ژنان زۆر بەگرنگ بگرێ، ئەمەش نەك بە دروشم بەڵکوو لە پراکتیك دا دەبێ ببینرێ. رەوتی روو لە گەشەی مافخوازیی ژنان ئەوە لە حیزبی دیموکرات دەخوازێ کە بیر لە چارەسەری کێشەی ئەوانیش لە کۆمەڵگەدا بکاتەوە. هەروەها پێویستە لە ئێستاوە ژنان بەشدارییان هەبێ لە بڕیارو پرۆژەکانی حیزب دا. چونکە ژنان ئەگەر حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە دەوری خۆی کۆیان نەکاتەوە، خەباتی خۆیان لە کاناڵی جۆراوجۆرە دەبەنە پێشێ.

## کۆنگرەی ١٤و کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕ

ئەگەر ئەوندە ئاڵوگۆڕە کە بە نیسبەت ژنانەوە لە مێژووی حیزبدا رووی داوە، واتە بوونی ٤ ژن لە رێبەریی حیزبدا بە زۆری بزانینو پێمان وابێ ئەوە گرنگیدانە بە رۆڵی ژنان، زۆر لە هەڵە داین. بێگومان ئەوە لە کارو تێکۆشانی تازەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دایە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم حیزبە تا چەندە باوەڕی بە خواستو ئامانجەکانی ژنان هەیەو چەندە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژنان تێدەکۆشێ.

گرنگیدان بە دەوری ژنان لە حیزبو بزووتنەوەو کۆمەڵگەو هەروەها ئەم هەنگاوەی کە لە کۆنگرەی چواردەیەمەوە هەڵێنراوەتەوە، تا چەند دەتوانێ جێگای هیوا بێ؟ یەکەم جارە حیزب ئاوا بە راشکاویو بە رەسمی رەخنە لە خۆی دەگرێ. ئەمە بۆخۆی جێگای دڵخۆشییە. لەمەودوا حیزب ناتوانێ رۆڵو نەخشی ژنان پشت گوێی بخا، لەبەر ئەوەی پەیمانی داوە، شکاندنی ئەو پەیمانەش بە زیانی خۆیەتی. دیارە بۆ بردنەپێشی ئەو پرۆژەیەش ناتوانێ چاوی لەوەندە ژنانە بێ کە ئێستا لە ریزەکانی حیزبدا حوزووریان هەیە. بۆیە زۆر پێویستەو ئەرکی رێبەریی حیزبو ئۆرگانە پەروەردەییەکانی حیزبە کە پەرە بە بیرکردنەوەی یەکسانیخوازی بدەنو هەوڵی زۆر جیددی بدەن بۆ سڕینەوەی کولتووری پیاوسالاریو راکێشانی ژنان بۆ نێو ریزەکانی حیزب. لە هەمان کاتیشدا پێویستە یەکسانیخوازانی نێو ریزەکانی حیزب کە بەداخەوە ژمارەیان زۆر نیە، ئەم هەنگاوە بقۆزنەوەو لە رەوتی بەرەوپێشبردنی ئاڵوگۆڕ بە نیسبەت ئەو مەسەلەوە زۆر ئازایانەو شەفاف باس لە کێشەو مەسەلەکانی ژنان بکەنو نەهێڵن مەسەلەی ژنانو مافەکانیان بە پاساوی ئەولەوییەت دان بە خەباتی نەتەوایەتی پشت گوێ بخرێ.

## کۆنگرەی ١٤و رۆڵی ژنان

یەکەم هەنگاوەکان بۆ گرنگیدان بە رۆڵو نەخشی ژنان لە ریزەکانی حیزبدا لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەی چواردەهەمەوە هەڵێنرایەوە. بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێ بۆ ژنانو رێگە خۆش بێ بۆ ئەوەی دەنگیان پێبدرێو لە کۆنگرەی چواردەدا حوزووری بەرچاویان هەبێ تا خۆیان لە پۆستەکانی رێبەریی حیزبیشدا ببیننەوە. ئەمە بەبێ میکانیزم جێبەجێ نەدەبوو. بۆیە لە هەموو کۆنفرانسەکاندا رێژەیەکی تایبەت تەرخان کرا بۆ هەڵبژاردنی ژنان. ئەمە تا رادیەك لە پێکهاتەی کۆنگرەدا رەنگی دایەوەو رێژەیەکی زیاتر لە کۆنگرەکانی پێشوو ژنان لە کۆنگرەی چواردەدا بەشدار بوون. دیارە ئەو رێژەیەی ژنان بە نیسبەت پیاوانەوە هەر کەم بووو زۆریش بۆ پێهەڵگوتن نابێ، بەڵام بە نیسبەت کۆنگرەکانی پێشووی حیزب دەتوانین بڵێین یەکەم کۆنگرە بوو کە زۆرترین ئەندامی ژنی تێدا بەشدار بوو. ئەو میکانیزمە هەڵاواردنی "پۆزیتیڤ" بوو کە ناتوانین بڵێین میکانیزمێکی سەرکەوتوویە، چونکە ئەگەرچی لە نێو بەدەنەی حیزب دا لەگەڵ موخالیفەتێکی ئەوتۆ بەرەوڕوو نەبوو، لەملاولا دەبیسرا کە با ژنان بە تواناییو شایستەیی خۆیان بگەنە کۆنگرەو پۆستەکانی سەرەوە. بەڵام کێ هەیە نەزانێ لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك ژنی چالاكو شایستە هەبوون، بەهۆی زاڵبوونی بیری پیاوسالاری، بەبێ بەکارهێنانی میکانیزمێکی ئەوتۆ هەرگیز رێگەیان پێنەدەدرا تەنانەت بگەنە کۆنگرەش. بەڵام دانانی میکانیزمەکەش توانایی ئەو ژنانەی خستۆتە گومانەوە.

ئەگەر بۆ هێندێك کەس و لایەن سەیرە کە هێندێك کەس زۆر بەسەر ئەو مەسەلەیەدا هەڵ دەڵێن، خۆ رێژەکە ئەوەندە نیە کە ئاوا گەورە بکرێتەوە! دیارە حەق بەوانە. بەڵام بۆ ئێمە کە لە نزیکەوە تێکەڵاوی حیزب بووینو ئەو هەموو لە پەراوێز خستنو بەکەمگرتنەی ژنانمان لە نزیکەوە دیوە، بۆ ئەوە دەبێ دڵمان بەوەندەش خۆش بێو پێی هەڵ بڵێین. هەرچەند رەنگە بە قووڵی بیری لە چارەسەری زۆر کێشەی پێوەندیدار بە ژنانەوە نەکردبێتەوە.

بەڵام بوونی چەند ژنێك لە رێبەریی حیزبێك دا کە رابردووی ٦٢ ساڵ خەباتی هەیەو بە حیزبێکی مۆدێرنو پێشکەوتووی کۆمەڵگەی کوردستان دەناسرێ، لەگەڵ ئەوەی هەنگاوێکە بەرەو ئاڵوگۆڕی باشتر، بەڵام کارێکی ئەوەندە گەورەو گرنگ نیە. لەمە گرنگتر ئەوەیە لەمەودوا بەجیددی باوەڕی یەکسانیخوازی لە ریزەکانی خۆیدا بکاتە پرەنسیپی کارو تێکۆشان. دانی دروشمی یەکسانیخوازی ئاسانە، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن ئەو دروشمانە لە کۆمەڵداو لە ریزەکانی خۆیدا دەچەسپێنێ.

رەوتی ئاڵوگۆڕە جیهانییەکانو کاریگەرییان لە سەر کۆمەڵگای کوردستانیش زۆر بەخێرایی دەچێتەپێش ، ئەگەر حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە هاوهەنگاو نەکا، لە رووداوەکان دوا دەکەوێ، ئەمەش بە دروشمدان پڕ نابێتەوە. حیزبێك خوازیاری کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بێ، کۆمەڵگایەکی بە دوور لە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی، پێویستەو ئەرکی سەر شانیەتی لە خەباتی یەکسانیخوازیدا چالاکانە بەشدار بێو ئاسانکاری بکا لەسەر رێی ژنان بۆ بەشداری لە خەبات لە پێناوی وشیار کردنەوەی کۆمەڵگەو گۆڕینی عەقڵییەتە چەقبەستووەکان. هەروەها حیزبی دیموکرات لە سەر مەسەلەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا پێویستە قسەی روونی هەبێ. باوەڕ بە مافو ئازادییەکانی ژنان دژایەتی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە کولتوورو نەریتی کۆمەڵگەی پێویستە، چونکە کولتوورو نەریتی کۆمەڵگای کوردستان پڕە لە قەیدو بەندو کۆسپ لەسەر رێگەی ئازادیی ژنان. ناکرێ باس لە نوێبوونەوە بکەی، بەڵام لەگەڵ کولتوورو نەریتێك پێك بێی کە پڕە لە چەوسانەوەو زوڵمو ستەم بە دژی ژنان. هەر لەم پێناوەشدا زۆر گرنگە ژنانی نێو ریزەکانی حیزبیش بە تایبەتی ئەوانەی لە رێبەریو ریزەکانی پێشەوەی ئەو حیزبە دان بە هەوڵو ماندووبوونی زیاتری خۆیان لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە بیرکردنەوەی ئەندامانی حیزب بەرامبەر بە مەسەلەی ژناندا پێك بێننو خواستەکانی خۆیان کە ئەرکو مافی یەکسانە لەگەڵ پیاوان بۆ هیچ مەسەلەیەکی دیکە پشت گوێ نەخەن. دیارە ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو پیاوانی یەکسانیخوازیشە لەم پێناوەدا یارمەتیدەری ئەو ژنانە بن.

# رۆژنامەی "کوردستان " لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا

**خوێنەری بەڕێز! ئەم بابەتەی لێرەدا دەیخوێننەوە بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و بەڵگەنامەیی د. کەماڵ مەزهەر لە ژێر ناوی " هەڵهاتن و ئاوابوونی خێرای خۆری مەهاباد لە بەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا" کە ئێستا لە ژێر چاپ دایە.**

هەموو ئەو بەڵگەنامانەی بۆ نووسینی بابەتی حەوتەمی ئەم کتێبە بەکار هێنراون کانیاوێکن لە دەریایەکی بێسنوور، بۆیە کە زۆر بە دڵنیاییەوە دووپاتی دەکەمەوە کە زانکۆکانی کوردستان دەتوانن بە پشتیوانیی بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانی ژمارەیەکی زۆر نامەی ماجیستێرو دوکتۆرای ڕەسەن بۆ لاپەڕە جیاوازەکانی مێژووی کۆماری کوردستان تەرخان بکەن.

لێرەشدا ژمارەیەك بەڵگەنامە دەهێنمەوە کە گشتیان ئاماژە بۆ سەوزبوونەوەی خێرای تۆوەکانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ڕۆڵەکانی کوردستانی ئێران وەك نەمران هەژارو قاسملوو هێمن و زەبیحی و سادقی شەرەفکەندی و ڕەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژو غەفووری هەمزەیی و ئەوانی تر دەکەن. بەڵگەنامەکانی ناو فایلی (١١٤٨٠٩/٣٧١)ی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانی بۆ چالاکی-یەکانی "پارتی دیموکراتی کوردستان"ی ئێران و تایبەت "کوردستان"ی ئۆرگانی ئەو پارتە تەرخان کراون.

بەڵگەنامەی یەکەمی ناو ئەم فایلە تیشکی تەواو دەخاتە سەر گشت لایەنەکانی ئەم بابەتە. بەڵگەنامەی ناوبراو باڵوێزی بەریتانی لە تاران ڕۆژی هەژدەی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٥ ناردوویە بۆ دوگالدل. ستیوارت لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانی لە لەندەن. بەڵگەنامەکە دوو لاپەڕەو پێنج خاڵی سەرەکییە کە ئەمەی لای خوارەوە دەقی وەرگێرانەکەیەتی:

"نهێنی،
ژمارە١٠١٩/١/٥٥،
باڵویزخانەی بەریتانی، تاران،
١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٥٥،
بۆ: دوگالدل. ستیوارت،
بەشی ڕۆژهەلات،
وەزارەتی هەندەران،
لەندەن، س. دەبل یو١،
خۆشەویستم دوگالد

١ـ تکایە ئاماژە بدەنە نامەی دێنس ڕایت( deniswright)بۆ فرای(fry) کە ژمارەکەی ١٨٢ئێی.پ ٥٤/٢١٠١ ڕۆژی حەوتی ئابی ساڵی ڕابردوو دەربارەی کوردستان نوسراوە. ماوەیەکی کورت لەمەوبەر هاوەڵم (١٢٦) لە باڵوێزخانەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێرە چەند وێنەیەك لە وەرگێرانی ناوەرۆکی ڕۆژنامەی "کوردستان"ە. دامیٚ کە ئۆرگانی ئەو پارتییە کە دەڵێن "پارتی دیموکراتی کوردستان "ی باڵوێزخانەی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی کۆنسولخانەی تەورێزیانەوە پاش دەرچوونیان بە ماوەیەکی کورت وێنەی ڕۆژنامەکانیان دەست کەوتبوو. ئەو ڕۆژنامەیە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٤٦ پەخش بوو، لەوساوە پچڕپچڕ مانگیٚ جارێك دەردەچێت.

٢ـ "کوردستان" لە سەر لاپەڕەی گەورەو بە کوردیو نهێنی چاپو دابەش دەکرێت. ئەمەریکایییەکان بەوەیان زانیوە کە ئەو ڕۆژنامەیە لە مەهابادو سەقز بلاو دەکرێتەوە، وا پیٚدەچێت دەشگاتە باکووری ئەو ناوچانە، بەڵام ئەوان نازانن تیراژی هەر ژمارەیەکی چەندەو تا چ ڕادەیەك کاریگەرە.

٣ـ ژمارەکانی زووی (کوردستان ـ ك ـ م.) تا ڕادەیەکی زۆر پەیڕەوی ڕێبازی کۆمۆنیزمی-یان دەکرد، باسی کوردستانیشیان وەك ناوچەیەکی سەربەخۆی هاوشانی ئێران و ئازەربایجان دەکرد. دوا ژمارەی کە باڵوێزخانەی ولاتە یەکگرتووەکان دەستی کەوتوە ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٤ چاپ کراوەو گەلێك ئاشکراتر باسی سەربەخۆیی کوردستانێکی "ئازاد لە چەوساندنەوەی ئێران و تورکیاو عێراق " دەکاتو یادی "کۆماری دێموکراسیی " کوردیی ساڵی ١٩٤٦و قوربانییەکانی دەکاتەوەو کەمتر ئاماژە بۆ هاریکاری لەگەڵ هاوڕیٚ ئازەری و فارسەکاندا دەکات، بەڵام هەڵبەت خێرو بێرەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە یاد ناکات. وادیارە ئەمریکاییەکان زۆر بایەخیان بەم وەرچەرخانە داوە، بەڵام ڕەنگبیٚ هۆی سەرەکیی ئەوە لەوەوە هاتبێت کە ئەو ژمارەیەی (کوردستان ـ ك . م .) یادی دامەزراندنی "پارتی دێموکراتی کوردستان" لە ساڵی ١٩٤٦دا (١٢٧) دەکاتەوە. هیچ گومان لەوە دانیە کە دەرچوونی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" چەپۆکێکە ئاراستەی ئەو دەستەیە دەکرێت کە دوو مانگێك لەمەوبەر خۆیان ناو ناوە "چاکسازیکەرانی پارتی توودە" دژی جیابوونەوە خوازان و ناردبوویان بۆ ڕۆژنامەکانی تاران.

٤ـ هەمان کات هاوکارە ئەمریکاییەکەم پێی ڕاگەیاندم کە ئەوان بەڵگەی ناڕاستەوخۆیان لایە دەربارەی ئەوەی ژمارەیەکی کەم لە نوێنەرانی مەلا مستەفا بارزانی (بڕوانە نامەی ژمارە ١٠١١٥ /١٢/ ٥٤ی باڵوێزخانەی بەریتانی لە بەغدا کە ڕۆژی یەکی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٤ دەربارەی ئەو بابەتە ناردوویە بۆ مۆسکۆ دەورو بەری سیٚ چوار مانگ لەمەوبەر لە یەکیەتیی سۆڤیەتەوە هاتوونەتە ئێران و ماوەیەك لە ناوچە کوردەوارییەکانی باکووری ئێران ماونەتەوەو پێوەندییان بە سەرۆك هۆزەکانەوە کردوەو ئینجا چوونەتە عێراق. ئێمە بۆ خۆمان لە تاران هیچمان دەربارەی ئەمە نەبیستوە، بەڵام هیچ شتێك لە ئارادا نیە بۆ ئەوەی وا بە بیردا بێت کە بارودۆخی ناوچە کوردەوارییەکان ئارام نەبێت لە کاتی ئەو ڕووداوەی لە نامەکەی سەرەوەی دێنیس ڕایتدا ( Denis wright) باسی کراوە.

٥ـ وێنەی ئەم نامەیە دەنێرم بۆ باڵوێزخانەکانمان لە ئەنقەرەو بەغداو مۆسکۆو نوێنەرایەتیی




خاوەن شکۆ لە نیفۆسیا (١٣٨).

پاش ماوەیەك دوگالد ئەم وەڵامە دەنێرێت بۆ ج .ت . فێرنلێی (j.t.fearnley) لە تاران:

"لە وەزارەتی هەندەرانەوە،
س .دەبل یو١،
١٦ی مارتی ١٩٠٠،
ژمارە ئێی . پ ١/١٠٦،
نهێنی.

گەلێك سوپاسی نامەی ژمارە ٥٥/١/١٠١٩ی ڕۆژی هەژدەی مارتتان دەربارەی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەکەم.

بەشی توێژینەوەو ڕاگەیاندنی (وەزارەتی هەندەران ـ ك. م .) حەز دەکات وێنەی ئەو تەرجەمانەی (ناوەرۆکی ڕۆژنامەی کوردستان ك .م .) ببینێت ئەگەر لێتان زیادن، وێڕای هەر تەرجەمەیەکی وەك ئەوە لە دوارۆژدا.

ئیمزا
دوگالد ل . ستیوارت (١٢٩)

لەم بووارەدا "بەشی توێژینەوە"ی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانی دەگاتە ئەو بڕوایەی پێویستییان بەوە هەیە فایلێکی سەربەخۆ بۆ ڕۆژنامە کوردییەکان تەرخان بکەن وەك لەم نامەیەی ئێکلێسی کارمەندی ئەو بەشەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت:

نوێترین ڕۆژنامەم دەربارەی کورد نارد بۆ بەشی توێژینەوە، تکایە هەر ڕۆژنامەیەکتان لایە دەربارەی کوردی تورکیاو سووریاو عێراق و ئێران بۆمیانی بنێرن بۆ پێکەوە نانی فایلێکی تەواو بۆ هەر بابەتێك و بۆ هەر ساڵێك.

ئیمزا
ئێی ـ ئێکلێس
بەشی توێژینەوە
١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٥٦
وێنەی بۆ:
بەشی باشوور،
بەشی سەوز،
بەشی ڕۆژهەڵاتو سووریاو لوبنان" (١٣٠).

دوا بەڵگەنامەی ناو ئەو فایلە دەربارەی ڕۆژنامەی "کوردستان" وەڵامنامەیەکی باڵوێزخانەی بەریتانییە لە تاران لە ڕۆژی دووی مایی ساڵی ١٩٥٥ ناردوویە بۆ بەشی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی هەندەران لە لەندەن و ئەمەیش دەقی وەرگێڕانەکەیەتی:

"باڵوێزخانەی بەریتانی،
٢ی مایسی ١٩٥٥،
ژمارە ٥٥/٣/١٠١٩،
نهێنی:

دوگالدی خۆشەویست!

١ـ نامەی ژمارە ئێی . پ /١ی شازدەی مارتتان دەربارەی ڕۆژنامەی "کوردستان" (١٣١)، وا هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا دوو وێنەی وەرگێڕدراوی تەواوتان بۆ دەنێرم کە هی هەموو ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەکەن کە گەیشتوونەتە دەست باڵوێزخانەی ولاتە یەکگرتووەکان لێرە. لە هەندێك شوێندا وەرگێڕانەکە زۆر تەواو نیە، چونکە ئەوانەی لامان کار دەکەن سەرەتا لە کوردییەوە کردوویانن بە فارسی و ئینجا لە فارسییەوە کردوویانن بە ئینگلیزی.

٢ـ کۆنسولخانەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەورێز لە دوای ئەو ژمارەیەی "کوردستان ـ ك . م )ەوە کە ڕۆژی شازدەی ئەیلوولی ١٩٥٤ دەرچووە ژمارەی دیکەی پیٚنەگەیشتوە. ئەمە بەهەرحاڵ وا ناگەیەنێت پەخشی ڕۆژنامەکە دوای ئەو ژمارەیە وەستاوە. هەرچۆن بێت وا پیٚ ناچێت ئەو هێرشەی دەزگا ئێرانییەکان دەوروبەری مانگێك لەمەوبەر کردیانە سەر چاپخانەی حیزبی توودە لە تەورێز ببێتە هۆی دەرنەچوونی (ئەو جۆرە ـ ك .م) ڕۆژنامانە. بەپێی قسەی هاوکارە ئەمەریکاییەکانم دەزگا (ئەمنی-یەکان ـ ك . م) لە کاتی هێرشەکەیاندا پلێتی ناوی ڕۆژنامەی "کوردستان"یان دۆزیوەتەوە، لەوانەیە لەو کاتەدا چاپی ڕۆژنامەکە تەواو بووبێت. بیٚگومان زۆر ئاسانترە ئەو جۆرە چالاکییە نهێنییانە لە تەورێز بکرێن وەك لە خودی کوردستان کە شارەکانی لەو بچووکترن.

ئیمزا
ج .ت . فیرنلێی" (١٣٢).

دوا بە دوای ئەم نامەیە وەرگێڕدراوی ئینگلیزیی ناوەرۆکی ئەم ژمارانەی ڕۆژنامەی "کوردستان" بەم جۆرە هەڵگیراون:

م ـ ژمارەی ڕۆژی یەکشەممەی پازدەی ئۆردیبەهەشتی ساڵی ١٣٣٣ (واتا مایسی ساڵی ١٩٥٤) کە بریتییە لە چوار لاپەڕو نیوی زۆر گەورەو ئەمەی لای خوارەوەیش ناوونیشانەکانی ناوەرۆکی ئەو ژمارەیەن:

١ـسەروتار (ل ١ـ٢).

٢ـ گەلانی ئێران هەمیشە دەجەنگن لە پێناو جێبەجیٚ کردنی مافی خۆماڵی کردنی نەوت دا (ل ٢ـ٣).

٣ـ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ برایەتیی هەمیشەیی نێوان گەلانی کوردستان و ئازەربایجان توندو تۆڵترو ئاگادارتر دەبێت (ل ٣ـ٤).

٤ـ هەر شەکاوە بێت ڕۆژی یەکی ئایار ـ ڕۆژی فیستسڤاڵی جیهانی (ل ٤ ـ٥).

ب ـ ژمارە دووی خولی دووەم، ڕۆژی یەك شەممەی نۆزدەی خوردادی ساڵی ١٣٣٣ (واتا حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٤) کە بریتییە لە سیٚ لاپەڕەو نیوی زۆر گەورەو ئەمانەیش ناونیشانەکانی ناوەرۆکی ئەو ژمارەیەن:

١ـ وتاری "لە ڕێگەی دەنگ دانی بڕوا (سیقە) بە حکوومەتەکەی زاهیدی مەجلیس سروشتی ڕاستەقینەی خۆی نیشان دەدات"(ل١)

٢ ـ لاپەری سێی وەرگێرانی ئەم ژمارەیە تەرخان کراوە بۆ بابەتێکی بایەخدار دەربارەی سیاسەتی شۆڤێنیی فەرمانڕەوایانی ئێران دژی نەتەوەی کورد بەم ناونیشانەوە "لە ناوبردنی نەتەوەیەك" کە بەم جۆرە دەست پیٚ دەکات:

"ئیمپریالی و فاشی و دەرەبەگانی حکوومەتی کۆنەپەرست هەوڵ دەدەن نیشانی بدەن کورد نەتەوەیەکی ژیاری نیەو چیان پیٚ بکرێت دەیکەن بۆ ڕیشەکێش کردنی هیواو ڕووناکیی نەژادی کوردو بەو جۆرە دەیانەوێت داب و نەریتمان کوێر بکەنەوە" (ل ٣).

٤ ـ یادی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا. لەم وتارەیدا ڕۆژنامەی "کوردستان" بە گەرمی یادی نۆی مایسی ساڵی ١٩٤٥ دەکاتەوە کە "ڕۆژی سەرکەوتنی لەشکری شۆڤێتییە بەسەر فاشیزمدا(١٣٣) کە بووە هۆی ڕزگار کردنی گشت گەلانی جیهان لەدەست زوڵم و زۆری فاشیستی" (ل ٤).

ج ـ دوای ئەوە لە سیٚ لاپەرەو نیوی زۆر گەورەدا وەرگێڕانی ئینگلیزیی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان" هەڵگیراوە کە ڕۆژی شازدەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٤ دەرچوەو سەرجەمی بۆ یادی نۆیەم ساڵی ڕۆژی ٢٥ی شەهریوەری ساڵی ١٣٢٤، واتا ١٦ی ئەیلوولی ١٩٤٥ تەرخان کراوە کە لەو ڕۆژەدا "پارتی دیموکراتی کوردستان"ی ئێران دامەزرێنرا. سەرجەمی ٣ لاپەرەی یەکەمی ئەو ژمارەیە بۆ سەروتاری "کوردستان" بە بۆنەی ئەو یادەوە تەرخان کراوەو بە وردی باسی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردو دامەزراندن و کەوتنی "کۆماری مەهاباد"و لە سیدارە درانی قازی محەممەدو سەیفی قازی و سەدری قازی و نوشوستییەکانی کورد دەکاتو بەڵێنی کۆڵ نەدان و تۆڵە سەندنەوە دەدات (ل ١ـ٣).

هەرچی لاپەرەی چواری ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ە تەرخان کراوە بۆ ئەم سیٚ بابەتە:

١ـ داوای باربوو کردنی "پارتی دیموکراتی کوردستان" چونکە پارتی لە یاریدەی نیشتمانپەروەران بەولاوە هیچ شك نابات، بۆیەکا داوا لە دڵسۆزان دەکات هەریەکەیان داهاتی ڕۆژێکیان بۆ پارتی تەرخان بکەن.

٢ ـ سروودی "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان" کە بە سروودی نەتەوەیی کورد وەسفی دەکات، دەبێت "کوردستان" لەو ژمارەیەیدا هەموو بەیتەکانی هۆنراوە ناوازەکەی دڵداری بلاو کردبێتەوە، بەڵام لە وەرگێڕدراوەکەی باڵوێزخانەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا تەنها چوار دێڕی یەکەمی کراوەتە ئینگلیزی.

٣ ـ لەو لاپەرەیەدا لەژێر ناونیشانی "هەواڵەکان"دا "کوردستان" باسی تەخشان و پەخشانی "هەتیوەکەی ڕەزاخان" دەکات کە دیارە مەبەستی محەممەد ڕەزا شایە، لەوێدا "کوردستان" دەڵێت شا کە هاتۆتە مەهاباد تەنها لە شەوێکدا بیست و سیٚ هەزار تومانی خەرج کردوەو ئەوە بۆتە وێردی سەر زمانی ڕۆژنامە کۆنەپەرستەکانی ئێران (١٣٤).

(١٢٦) لە دەقی بەڵگەنامەکەدا دەڵێت: my opposite number in the united states Embassy here…." ، سەرەتای ئەو ڕستەیە، واتا my opposite number مانای (ژمارەکەی بەرانبەرم)ە، ئەوەیش زاراویەکە بۆ واتای (ئەوەی لەولا کارەکەی وەك کارەکەی خۆم وایە لەم لا) بەکار دەهێنرێت.

(١٢٧) بە هەڵە لە بەڵگەنامەکەدا لە بریتی ١٩٤٦ ساڵی ١٩٥٤ چاپ کراوە.

(١٢٨) N.A. F.O 371/1140 g, Confidential , no, 1019/1/55, British Embassy, Tehran , january 18, 1955, to, augaldl, Stewart, Eastern Department. Landon

(129 )hbid Fareign office, S.W.1march 16 1955, No. EP 1016/1, Confiuential, to: J.t. Fearnley,Eeq., Tehran.

.

N.A., F.O., 371/ 114809, Confidential, No. 1019/1/55, British Embssy, Tehran, May2, 1955, From: J.T.Fernley: To: Dugald L.Stewart, esquire, Eastern Department, Foreign Office, London.

(130)hbid, Kurdish Tribes, E.E ccles, Research,Department, January 10,1956, Southern Qivision,Green Qirision, Eastern and levant Qivision.

(١٣١) شایانی گوتنە لە هەر شوێنێکی بەڵگەنامەکانی ناو ئەم فایلەدا ناوی ڕۆژنامەی "کوردستان" هاتووە خەتێك، بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشان، هێنراوە بە ژێر ناوەکەدا.

(132)N.A., F.O., 371/ 114809 , Confidntial,No. 1019/1/55, britsh Embassg, Tehran, May2,1955, From: J.T.Farnley: To:Dugald L. Stewart, Esquire, Eastern Department, Foreign

(١٣٣) ڕۆژی ٩ی مایسی ساڵی ١٩٤٥ سوپای سووری سۆڤیەتی توانی بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای هیتلەری بگرێت و ئەو ڕۆژە کرایە جەژنی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمداو سەرجەمی چەپڕەوانی جیهان هەموو ساڵ یادیان دەکردەوە. شایانی باسە پێشبڕکێیەکی گەلێك توند لە نێوان هێزە چەکدارەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەبوو بۆ داگیرکردنی شاری بەرلین، هەرچەندە کەوتنی ئەڵمانیا کۆتایی تەواوەتیی بە جەنگی جیهانیی دووەم نەهێنا.

(١٣٤) n.A. , F.O. , 371 / 114809, Confidentia\ , No. 1019/1/55, British Embassg , Tehran , Mag2 , 1955 , From; J.T.Fenrnley; TO;dugaldL. Stewarl , Esd uiire , Eastern pepartment , Foreign Office , London.

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆبینەوە**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 485   4 May  2008

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 -  MHZ: 12303 - Polarization: Vertical  -  S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لەماڵاوایی

# ژان و ئازار بنووسن و ژیان بخوێننەوە

### نامەی فەرزادی کەمانگەر بەبۆنەی ڕۆژی مامۆستاوە

وەرگێران: ڕەسوڵ سوڵتانی

**ئەو کەسەی لە بنچو بناوانەوە مامۆستایە؛ لەپێوەندی لەگەڵ قوتابیانی دا هەموو شتێکی بەلاوە جیددی یە. "نیچە"**

بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە دەبوایە؛ ببام بە مامۆستای منداڵەیلێك کە لە کۆرپەیی دا ژان و ئازاری گەورەیان لەسەرشان بووو کە گەورەش بوون ئاواتی وەدینەهاتووی منداڵییان لە ڕۆڵەکانیان دەشاردەوە مامۆستای ئەو کچانەی کە بە پەنجەی نەخشینیان؛ سۆمای چاوانیان بە دارەتەون دەبەخشی بۆ ئەوەی هونەرەکەیان کۆشك و تەلاری خەڵکی تر بڕازێنێتەوەزەو مزگێنیی پارووە نانێك بۆسەر سفرەی ماڵێ بێنێ.

مامۆستای منداڵ گەلێك کە: لە ژان و پەژارەدا لەدایك بوون بەڵام هیواو بزووتن؛ سروودی سەر لێوانیان بوو. ئەو کەسانەی نەسرەوتوویی و دڵاوایییان بە میرات لە سروشت وەرگرتبوو. ئەوان کەسێکیان دەویست لە ڕەگەزی خۆیان؛ یەکێك لە واتای نایەکسانی و هەژاری تێبگا، هاوڕێیەك بگرێ کە یارییان لەگەڵ بکات و باوەڕ بە ئاواتەکانیان بکات. لەگەڵیاندا پێبکەنێت و کوڵ بگرێ. ئەوان؛ هاوڕێیەك؛ هاورازێکیان دەویست کە وەکوو خۆیان بێئۆقرەی کات و ساتەکانی قوتابخانە بێت کەسێك کە بیر لە مانەوە بکاتەوە نەك لە ڕۆیشتن. زۆری پێنەچوو کە لە پەنایان؛ خۆمم نەك وەکوو مامۆستایەك بەڵکوو وەك قوتابییەك هاتە پێش چاو کە زۆر درەنگ ڕێی مەدرەسەی دۆزیبۆوە.

کتێبەکانم پێوەدان کە نەکا، مەرگو بێهیوایی لەنێو هێڵی ڕەشیانەوە بخزێتە نێو کۆڕی شادی و دونیای ئاواتەکانی وان. هەموو ڕۆژێ پۆل (کلاس) مان بە ئاوات و خولیاکانمان دەسپاردو لەگەڵ چیرۆکە شیرینەکان رامان‌دەبوارد. لەگەڵ "ماسییە ڕەشە بچکۆڵە"کە؛ ئەمجارەیان نەك بە ڕێگەی "ئاراز" دا بەڵکوو بە ڕەوگەی سیروان دا بۆ دەریای حەقیقەت و ژیان دەگەڕاین. لەگەڵ چیرۆکی "موسافیرە چکۆڵە" دا بۆ دۆزینەوەی هاوڕێیەك ڕێی سەفەرمان دەگرتەبەر بۆ ئەوەی ئەوان لە خولیاکاندا تامی سەفەر بچێژن و ئەمن لەنێو ئەوان دا تەمرینی لەگەڵ خەڵك بوون، بکەم. هەر چیرۆکێکم دەخوێندەوە ڕۆڵی پاڵەوانەکانیم دەدا بە وان، بێخەبەر لەوەیکە هەرکام لەوان خۆیان پاڵەوانی چیرۆکی ئازارو ژان و پەژارەی ژیانی خۆیان بوون. هەموو ڕۆژێ چەند کاتژمێر لەو دیوی دیواری قوتابخانەوە؛ ئازاری نایەکسانی و ژانی تاڵی و سوێرییەکانمان وەلادەناو بەرەوڕووی یەك دادەنیشتین. گەرمی و گوڕیی پۆلەکەمان؛ بۆنی نانێکی گەرم بوو کە بەرهەمی دەستی ماندووی باوکمان بووو دایکیشمان لەسەر سفرەی پاکی و سادەیی دادەناو دەی هێنایە قوتابخانەو بۆوەی دوانیوەڕۆ، پاراو لە دیداری یەکتر، بۆ ڕاپەڕاندنی تەکلیفەکانمان ڕێگەی پڕهەورازو نشێوی ژیان ببڕین و هەتا سبەینێی چاوپێکەوتنەوە، هەرکام بە شوێن مەشق و تەکلیفی ژیان دا ملی ڕێگەی ژیانمان دەگرت. کاوە بەو جەستە لاوازو لەڕ، بەڵام پتەوەوە؛ نیوەڕۆژەی دەخواردو بەجێگەی باوکی نەخۆشی دەبوو بە شوان و دەم ئێوارە کە مێگەلی دەهێنایەوە بۆ ئاوایی، دایك بە بزەوە دەچووە پێشوازی کاسبکاری بنەماڵە بۆ ئەوەی ناوی بەرەکەت لە ماندوویەتیی کاوەو پاداشی سروشت بنێ و مەڕ بدۆشێ و بۆ فرۆشتن بینێرێتە شار، کاوەش شادو سەرمەستی قایل بوونی دایك، بزەیەکی دەزایە لێوو چاوی دەبڕییە جانتای مەدرەسەو تەکلیفەکانی سبەینێی و، بزە جوانەکەی کاڵ دەبۆوە.

و... "لەیلا" بە چاوی پڕ پرسیارەوەو نیگایەك کە قووڵایی بیری مرۆڤی بۆ وەڵامی خولیاکانی دەپشکنی، کە جانتای مەدرەسەی دادەنا، تەشیەکەی هەڵدەگرت بۆوەی یارمەتییەکی دایکی دابێ، بۆ پارووە نانێکی سبەی و لەگەڵ گێژی خەیاڵ و ئاواتە گەورەو بچووکەکانی؛ تەشیی دەسوڕاند بۆ ئەوەی هەودای خوریی باریك و ناسك و گشت بێ وەکوو هەودای خەیاڵی ئەو. ئەو هەروا؛ بای دەداو بای دەدا بەشکم ڕۆژێك گەردوون بەکەیفی ئەوو دایکی تەنیای بخولێتەوە.

و... "فریاد" لەگەڵ دیتنی پەڵە هەورێك دەچوو. سەربانی ماڵێ و قوڕی حازر دەکرد بۆ ئەوەی نەکا؛ دڵۆپەی سەربان تەونەکەیان تەڕو بۆر بکا. وای لێ شارەزا ببوو؛ کە لەگەڵ باوکی سەربانی گشت ماڵەکانیان سواخ دەکرد بۆ ئەوەی دەنگی باران مزگێنیدەری نانی سبەینێیان بێت. تەنیا، جاروبارە تێ دەما کە لە نێوان سۆزی سەرماو نانی سبەی دا، بۆ بارینی بەفرو باران بپارێتەوە یان نا.

و... "یاسر". پاش مەرگی باوکی کاری دەکرد بۆ ئەوەی جێی بەتاڵی پڕ بکاتەوەو بتوانێ و.... ئیدریس غایبی وەرزی بەهاری مەدرەسە، هەموو ڕۆژێ کۆڵێك بە پشتەوە، شادو خۆشحاڵ بەوەیکە سروشت ئەوی لە سفرەی بەربڵاوو ئاوەڵای بێ هیوا نەکردبوو، چەند کیلۆ گیای بۆ فرۆشتن دەدۆزیەوەو دەگەڕاوە بۆ ئاوایی.

ئەمنیش سزادرا بووم کە هەموو ڕۆژێ بێئۆقرەی نایەکسانیەکان و بێزار لەوەی ناویان دەنا چارەنووس، لە هەفتەشیان دا ڕاوەستم و چاو ببڕمە تروسکەی کزی هیوای نێو نیگاکانیان لە هەمبەر کاوەدا سەرم دادەخست و دەفتەرەکەیم لە ژێر ڕوومەتی تاوبردوویدا کە لە سەری خەوی لێ کەوتبوو دەردەکێشاو لە ژێر ئیملای نەنووسراویدا دەسنووسی:

درێژە بۆ لاپەڕی ١٢

# دوایین بەرهەمی هونەرمەند چیمەن ڕەحیمی نیشان درا



ڕۆژی یەکشەممە (٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٨) کورتە فیلمێکی دەرهێنەری کورد چیمەن ڕەحیمی بەناوی "سزا" لە لەندەن بۆ کۆمەڵێك لە هونەردۆستان و کوردانی دانیشتووی لەندەن نیشان درا.

"سزا" ناوی دوایین بەرهەمی چیمەن ڕەحیمییە. ئەم فیلمە فیلمێکی درامیی ١٠ خولەکییە کە باس لە گیروگرفتەکانی لاوانی پەنابەری دانیشتووی لەندەن دەکا.

# هەڵبژاردەی کۆنگفۆی سنە پلەی یەکەمی پاڵەوانێتیی جیهانی وەدەست هێنا



یانەی هەڵبژاردەی کۆنگفۆی پارێزگەی سنە کە بە نوێنەرایەتیی ئێران لە کێبڕکێی پاڵەوانێتیی جیهانیی هونەرەکانی بەرگری لە وڵاتی تایلەند بەشدار بوو، توانی نازناوی پاڵەوانێتییەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکا. لەم کێبڕکێیەدا یاریزانانی کورد بە سەرکەوتوویییەوە توانییان ٥ میدالی زێڕو میدالێکی زیو وەدەست بێنن. پاش هەڵبژاردەی سنە، هەڵبژاردەکانی ئازەرەبایجان و هیندوستان پلەکانی دووەم و سێیەمیان وەدەست هێنا.

کیا سەلیمی، مورتەزا شەریعەتی، کاوە میرەکی، حەمید ئەسغەرزادەو یوسف دارە ئەو ٥ یاریزانە کوردەن کە میدالی زێڕیان وەدەستهێنا.

# چاپکراوی نوێ




"عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ژیان و ڕۆڵی سیاسی و فەرهەنگی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا" ناوی کتێبێکی نوێیە کە لە تویی ١٢٠ لاپەڕەداو لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاو کردنەوەی سلێمانی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەو پەرتووکە توێژینەوەیەکی شیکارییە لە پلەی لیسانس دا کە لەلایەن کوێستان نستانییەوە پێشکەش بە بەشی مێژووی کولێجی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە کراوەو بە پلەی "زۆر باشە" وەرگیراوە.

# خەبات مەلوودی ئەلبۆمی هەژان بڵاو دەکاتەوە

بەم زووانە ئەلبۆمی "هەژان" تازەترین بەرهەمی خەبات مەلوودی بە شێوەی هاوکات لە ئێران و هەرێمی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

لەم بارەیەوە هونەرمەند مەلوودی سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەلبۆمی "هەژان" بە PNAی گوتووە: "کۆمەڵێك گۆرانیی تازەی لەخۆ گرتووەو ٣ گۆرانیی فولکلۆری تێدایە کە لە باری موزیکەوە دووبارە لە چوارچێوەیەکی نوێدا داڕێژراونەتەوە. کاری تۆمار کردنەکەی لە ستۆدیۆی مێهرو ستۆدیۆی ئاریا لە شاری تاران کراوەو دابەشکردنی موزیکەکەی لەلایەن هونەرمەند ئارەش سەمیمی ئەنجام دراوە. کاری دەنگهەڵگری و میکس لەلایەن مێهدی ئەردستانی




کراوە کە دەنگهەڵگرێکی ناودارو بەتوانایە لە ئێران."

هەروەها خەبات مەلوودی ئاماژەی بەوە کردوە لەو سیدیە تازەیەمدا گۆڕانکاریم کردووەو تەنانەت لە ڕووی هەڵبژاردنی تێکستەکان، هەوڵمداوە شێعری چەند شاعیرێکی بەتوانا هەڵبژێرم بۆ گۆرانییەکانم. هەروەها هەوڵمداوە لەکاتی ئامادەسازی موزیك و دابەشکردنەکەشیدا ئەو گۆڕانکارییە بکەم. لەو ماوەیەدا بە هاوکاری ئەو هونەرمەندانە هەوڵمداوە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی جیا لە کارەکانی دیکەم بەرهەمیان بێنم.

مەلوودی سەبارەت بە کاری ئامادەکردنی ڕووبەرگی ئەلبۆمی هەژان گوتوویەتی: "کاری وێنەگرییەکەی لەلایەن کەیوان کەریمی" لە شاری مەهابادو "بەخیتار قەلعەکوهی" لە شاری بۆکان ئەنجام دراوەو کارەکانی گرافیك و دیزاینی ڕووبەرگی ئەو ئەلبۆمە لەلایەن هونەرمەندی دەست ڕەنگینی بۆکانی سولەیمان ڕەحیمی ئەنجام دراوە."

سەرچاوە: PNA

